L-1+16.qxd 5/16/2005 6:10 AM Page 1

چاودێر

Aweekly Political, Educational & Social Press

THE OBSERVER

ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕووناکبیریی کۆمەڵایەتی هەفتانەیە

ژمارە (٢٨) دووشەممە ٢٠٠٥/٥/١٦

(P.K.K) جیابونەوەی نوێ‌و پەیوەندی بە بەرەی تورکمانی‌و (حزب الله)وە

پەیامنێری چاودێر - ڕانیە

□ لەدوای دروستکردنەوەی (P.K.K) جارێکی دیکە، هەواڵەکانیان وا دەگەیەنن کە دوو ڕێبازی جیاوازی زەق لەناویاندا، سەریهەڵداوە. ڕێبازێکیان (جمعە، مستەفا، قەرەسو، عەباس) ڕابەرایەتی دەکەن‌و ئەوی دیش (جەمال، باهۆز، شاهێن). هەردوو باڵەکە لەسەر سەرکردایەتی (p.k.k) لەکێشمەکێشدان. باڵی (جمعە) پەیڕەوی لە سیاسەتی (ئۆجەلان) دەکەن، ئێران‌و سوریاش پشتگیریان. تورکیاش ئەم باڵەی پێباشترە.

هەواڵەکان وادەگەیەنن کە: باڵەکەی (جەمال نزیکە لەبیروبۆچونی باڵی (فەرهاد ئۆجەلان). بەڵام ئەو دوو باڵە، چونیەک دژی ئەزمونی فیدراڵی باشوری کوردستانن. (ڕۆستەم) کە بەرپرسی کامپی (مەخمورە)، چاوی بەهەندێک سەرکردەی بەرەی تورکمانی‌و شیعە لەبەغدا کەوتووە. پەیوەندیشیان لەگەڵ (حزب الله)ی باشوری لوبنانیش دا باشە.■

چارەسەر.. دیالۆگە، یان تێکدان؟

1- ڕێگای سێهەم‌و ماکی سێهەمین بردنەوەی بلێر..

(مەلا بەختیار)

3- لەکارتی ڕەحم نەکردنی پارتیەوە بۆ چاوەڕێکردنی تاڵەبانی..

(سەربەست کەریم)

لێکدانەوەی هەواڵ - ل (2)

بەیاننامەی (63) ڕووناکبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەمەڕ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئێران

کوردستان سەرانسەر - ل (5)

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان‌و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەبەردەم دیالۆگێکی ڕەخنەیی دا

ڕەخنەو دیالۆگ - ل (8-9)

یەکەمین پۆزش

بۆ یەکەمین جار، دەبێ پۆزش بۆ خوێنەران بهێنینەوە کە لەمانشێت‌و هەواڵێکدا هەڵەی مۆنتاژ هەبووە، ناچار دووەمین جار چاودێر چاپ کرایەوە.

هەواڵ‌و مەترسی

□ وریای (حرکة الفتح المبین) بن

ئەم ڕەوتە توندرەوە، ماوەیەکە تاوانی زیادی کردووە. دەنگوباسەکان وادەگەیەنێت لەدەرەوەی سنورەوە، فشارێکی زۆر هەیە لەسەریان بۆ ئەنجامدانی تاوانی زۆرتر. زۆرتریش، هان دەدرێن نێوان شیعەو سوننەو کورد تێکو پێک بدەن. بەتایبەت لەکەرکوک‌و تەلەعفەرو ناوچەکانی موسڵدا. ئەمانیش ئامادەییان دەربڕیوە.■

□ ئەمجارە.. (الجبهة الوطنیة الاسلامیة)

ئێران.. ئەزمونێکی زۆری لەهەڵسوران‌و لەت‌و پەت کردن‌و بەکارهێنانی ئیسلامگەراکاندا، لەپێناوی نەخشەکانی خۆیدا هەیە. لەگەڵ هەر لایەکدا بەجۆرێک ڕەفتار دەکات. (الجبهة الوطنیة الاسلامیة)، لەدەرەوە دروست کراوەو قورمیشکراوی ئێران‌و لەوە دەچێت، نۆرەیان هاتبێت بیانجوڵێنن!!■

□ (هیئة العلماء المسلمین) خەتەرن

ئەم هەیئەیە، لەخۆرا بونەتە دەمراستی سوننە. پشتیوانی دەرەکیشیان هەن. لەژێریشەوە پاڵپشتی تیرۆریستانن. ئەمانە لەهەوڵدان لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی حکومەتدا ڕێک بکەون‌و گیانی دژایەتی کردنی حکومەت‌و پەرلەمان‌و دیموکراتی بەهێز بکەن. ئەمانە دوژمنی دیموکراتی‌و عەلمانیەت‌و کوردن. ئێستا ئەیانەوێ لەناو حکومەت‌و پەرلەمانەوە هەندێک لە ئیشەکانیان ئەنجام بدەن.■

وێنە: واشنتۆن پۆست

وێنە: دەرون ئیبراهیم (چاودێر)

ڕایس ئاخۆ چۆن لەگەڵ تاڵەبانیدا ڕێککەوتبێ؟

□ کۆنداڵیزا ڕایسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، دوای سەردانی کوردستان، دەستبەجێ‌و هەمان ڕۆژ گەیشتە کۆشکی کۆماری عێراقی فیدراڵ لەبەغدا، بەڕێز سەرۆک کۆماری عێراق پێشوازی لێکردووە. لەکۆبوونەوەیەکدا کە یەک سەعات‌و نیوی خایاندووە، هەردوولا باسی لەسەرجەم کێشەکانی عێراق‌و کوردستان کردووە. هەواڵەکان وادەگەیەنن کە سەرۆک تاڵەبانی کۆبوونەوەکەی زۆر باش نرخاندووە. بێگومان..

سەردانی ڕایس بۆ کوردستان‌و بینینی بەڕێز بارزانی، دوای ئەوە سەردانی بەڕێز تاڵەبانی، یەکێک لەباسەکانیان کێشەی یەکێتی‌و پارتی دەبێ. ئاخۆ، ڕایس چۆن لەگەڵ بارزانی گەیشتبێتە ئەنجام‌و چۆنیش لەگەڵ تاڵەبانیدا، ڕێککەوتبن.■

ڕایس لەدیداری بارزانیدا لەگەڵ بۆچونی یەکێتی یان پارتیدایە؟

□ لەپڕ.. وەزیری دەرەوەی ئەمریکا خاتوو (کۆندەلیزا ڕایس) نیوەڕۆی 2005/5/15 گەیشتە هاوینەهەواری سەلاحەدین‌و بەڕێز مەسعود بارزانی‌و سەرکردایەتی پارتی لەپێشوازیدا بوون. ئاژانسەکان، هۆی سەردانی ڕایس بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە لەعێراقدا تاوانی تیرۆرو تێکدان لەدوای هەڵبژاردنەکان، زیادی کردووە. ڕایس کێشە ناوخۆییەکانی هێزە سیاسیەکانی لەوەڵامی ڕۆژنامەنوساندا، قەبە نەکرد. بەڵام..

سەردانی ئاوای کوت‌وپڕ، لەم هەلومەرجەدا، کەکێشەی سوننە لەگەڵ دەسەڵات‌و، کێشەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا هەیە، بێگومان، سەردانەکە دابڕاو نییە لەو کێشانە. دوای ئەم سەردانەش، چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، دەری دەخەن کە ئەمریکا لەگەڵ بۆچونی چ لایەکدایە.. یەکێتی، یان پارتی. یاخود ڕێکەوتنی (توفیق)ی.■

د. بەرهەم ساڵح یەکەمین وەزیری نەخشەسازییە ڕاستیەکان دەدرکێنێ

□ د. بەرهەم ساڵح، وەزیری نوێی نەخشەسازی‌و نشونمای عێراق، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا، بەئامارو ئەژماری ورد، باری کۆمەڵایەتی، بنەمای ئابوری، ژیانی خەڵک، موچەو ڕادەی بێکاری، بێ پەردە خستەڕوو. د. بەرهەم، پێچەوانەی وەزیرەکانی پێشووی عێراق، بەڕاشکاوی ڕاستیەکانی درکاندو گوتویەتی:

لە(63٪) خێزانەکان، بەکۆیی لەناویەک خانوودان‌و، لە(88٪)ی خەڵک درەنگ دەگەنە جێی کاریان. (98٪) شارنشین‌و باقیەکەی گوندنشینن. (85٪) لەبارەی کارەباوە پەشێون. (54٪) ئاوی پاکژی خواردنەوەیان نییە. ڕێژەی بێکاری (33.4٪) و (1.359.000) بێکار لەم وڵاتەدا هەن. لە (37٪) دەرچووی دواناوەندیش بێکارن.

ئەوە پوختەی شەفافیەتی وەزیری نەخشەسازی عێراقە، کە بێگومان، دەیسەلمێنێ ڕژێمی عێراق چ کارەساتێکی ئابوری بۆ عێراق جێهێشتووە. چەندیشی دەوێ هەتا دێتەوە سەرخۆی.■

ئایەتوڵڵا مونتەزری: خراپ ڕەفتارم لەگەڵ دەکرێ‌و ئازادیش لەئێراندا نییە

ئاژانسی فرانس پرێس:

□ ئایاتوڵا مونتەزەری، لەدوا دیداری لەگەڵ ئاژانسی ڕۆژنامەگەری فەرەنسی، ڕەخنەی لەو ڕەفتارە گرت کە لەئێراندا لەگەڵیا دەکرێ‌و گوتویەتی: چاودێریم لەسەرەو خراپیش ڕەفتارم لەگەڵدا دەکرێ. خوێندنگاکانی ئەسفەهان‌و مەشهدیان داخستووم. تەنها بۆم هەیە لەهەفتەیەکدا، دوو دەرس بڵێمەوە. لەدرێژەی قسەکانیدا، دەڵێ: کاتی خۆی لەگەڵ ئیمام خومەینیدا بڕیار وابوو، ئازادی بۆ خەڵک دابین بکرێ. بەڵام جێبەجێ نەکرا. لەهەمان کات دا، ئایەتوڵڵا یوسف سانعی، ڕەخنەی لەموحافیزکارەکانی ئێران گرتوەو گوتویەتی: ناتوانین بڕوا بەکاندیدەکان بکەین کەپابەندی پەیمانەکانیان بن‌و ناشزانین تا چ ڕادەیەک مافی خەڵک دەپارێزرێ.■

بەرەی تورکمانی شکستی کۆنگرە، ناکۆکی شیعەو سوننە، جیابوونەوەی دوو لایەن

□ بەرەی تورکمانی، لەسەر سیاسەتی چەوت‌و بەکرێگیراوی باڵێکیان، ماوەیەک بوو گەیشتبوونە بنبەستی سیاسی، هەوڵیاندا بە کۆنگرە چارەسەرێک بدۆزنەوە، بەڵام کۆنگرەش بێهودە بوو. لەناو کۆنگرەکەدا، لەهەوڵی دروستکردنی حزبێک لەناو باڵەکانی بەرەی تورکمانی شکستیان خواردووە. ڕەوتی شیعەگەراو سونیگەرا لێک دوور کەوتونەتەوە (حرکة المستقلین الترکمان) و (حزب تورکمن ایلی) کۆنگرەکەیان جێ هێشتووە. لقی هەولێریشیان جیابوونەوە.

تورکیا.. نەلە دامەزراندنی حزبێکی تورکمانیدا لەناو کۆنگرەکەدا سەرکەوتووەو نەتوانیویەتی باڵی سونیگەرا بەهێزترو شیعەگەرا لاوازتر بکات. سەرەنجام، تورکمانەکانی بەرەی تورکمانی لەدوای کۆنگرەکە نیگەرانتر بوون. ئێستا ناچارن فشاری موچەو پارەو دامەزراندن لەناو لایەنگرانیاندا بەکاربێنن.■

یەکگرتووی ئیسلامی هەژانی هەڵبژاردن، گۆڕانکاری‌و دوور خستنەوەی مەلای مزگەوتەکان

□ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، پێش هەڵبژاردن چاوەڕوان بوون لە (20-25٪) دەنگەکانی کوردستان بهێنن. بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگاکان زۆر کەمتر بوو لەوە. بۆیە، هەژاون. ئەمەش کاردانەوەی لەناویاندا دروست کردووە. ئێستا چەندین بیروبۆچوون تاووتوێ دەکەن، لەوانە:

هەڵسەنگاندنی کاروبەرنامەو هەڵسوڕانی سەرکردەو بەرپرسەکانیان‌و نەهێشتنی پیرۆزی کەسایەتیەکان؛ داڕشتنەوەی خیتاب‌و پرۆژەی یەکگرتوو، لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییەکان‌و پێگەیشتنی نەوەی نوێ؛ دژایەتی توندڕەوی‌و پەیڕەوکردنی نەرمەوی زیاتر؛ قوڵکردنی گیانی بەرهەڵستی‌و بەشداری زیاتر لەدەسەڵات؛ دوور خستنەوەی زانایانی ئایینی لەکاری حزبایەتی‌و بایەخ پێدانیان لەمزگەوتەکاندا.■

ڕێکخراوە دیموکراتیەکان‌و دەسەڵات‌و حیزب

□ کوردستان.. بەحوکمی ئەوەی پێشینەیەکی دەسەڵاتی دیموکراتی تاقینەکردۆتەوە، بێگومان، تێگەیشتن بۆ ئەرکە مێژووییەکانی دەسەڵات‌و حیزبەکان و پەیوەندی هەردوولایان، بەڕێکخراوە دیموکراتی‌و مەدەنیەکان، ئاسان نییە، هەر لەسەرەتاوە، تێگەیشتنێکی دیموکراتی تەندروستی هەبێ. ئەم پرۆسەیە، هەتا قاڵبی دیموکراتی هاوچەرخ دەگرێ، چەند دەهەیەک دەخایەنێ. بێگومان، تاقیکردنەوە لەژیاندا، یارمەتیدەری تێگەیشتن‌و پێگەیشتنی ئەم بوارەی پەیوەندی دەسەڵات‌و حیزبەکان‌و ڕێکخراوە دیموکراتیەکان دەدا. کەزۆرجار، نەبوونی تاقیکردنەوە، یان ئاستێکی تێگەیشتنی نزم، یان بەهەڵەتێگەیشتن لەچەمکەکانی دیموکراتی‌و ئازادی‌و ڕۆڵی ڕێکخراوەکان، یاخود خۆپەرستی و هەڵپەی دەستکەوت، لەم ڕێڕەوەدا گیروگاز دروست دەکا. ئەمە جگە لەوەی جاروباریش، سەرچڵێتی، یان دەستێوەردان، یاخود هاندانیش، کێشەی لاوەکی لەناو پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵدا، دەخوڵقێنن.

حیزب‌و دەسەڵات.. ئەگەر ستراتیژییان دیموکراتی‌و ئامانجیان ئازادی‌و هەوڵەکانیان مەدەنیخوازی بێ، شوێنیان لەناو بازنەی ئەرکەکانی مۆدێرنێتەدا، دەبێتەوە. لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی ڕۆژگاریش دا، هەتا بتوانن باشترو زیاتر، پەیامی دیموکراتی‌و ئازادی‌و مەدەنی بەدی بهێنن، بێگومان ئەو دەسەڵات‌و حیزبانە، دەشتوانن لەقۆناغێکی مێژوویی درێژدا، لەگەڵ پەیامی دیموکراتیدا، ڕاستگۆ بن. بەڵام بەپێچەوانەشەوە، گەر نەتوانن بەردەوام، پابەندی پرۆسەی دیموکراتی‌و بەدیهێنانی ئەرکە بنچینەییەکانی ئازادی‌و یەکسانی ژن‌و پیاوادبن، بێگومان حیزب‌و دەسەڵاتی ئاوا، لەپرۆسەی دیموکراسی هەڵ دەگەڕێنەوەو دەشبنە دوژمنی دیموکراتی.

لەو پێودانگەوە، زانینی پەیوەندی ئۆرگانیکی دەسەڵات‌و حیزب‌و.. ڕێکخراوە دیموکراتیەکان زۆر گرنگە. کەهەڵبەتە، پەیوەندیەکی ئاوەها، لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێک، لەدەسەڵاتێکەوە بۆ دەسەڵاتێکو لەناو کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە، جیاوازیان هەیە. بەڵام لەئەرکە گشتیەکاندا، هەر دیموکراتی ڕاستەقینە سەنگی مەحەکیانە.

ئەگەر ئەزموونی دیموکراتی ڕۆژئاوا، هەتا ئێستا پێوەری سەرکەوتنی سیستەمە دیموکراتی‌و کۆمەڵە مەدەنیەکان بێ، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە ڕۆژئاوادا پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لەنێوان دەسەڵات‌و حیزب‌و ڕێکخراوە دیموکراتیەکاندا هەیە. پەیوەندییەکەش لەڕادەیەکدایە، کە سەندیکاو ڕێکخراوەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەڕاشکاوەیی دەڵێن: لەگەڵ حیزبێکداین‌و بەرگریش لەو حیزبە بەئاشکرا دەکەن. یارمەتی لەحیزب‌و دەسەڵاتەکانیش وەردەگرن. بەڵام لە خەباتی ڕێکخراوەییدا، ئازادن.

ئەوە ڕاستی، ڕاستەقینەی ئەزمونی دیموکراتی ڕۆژئاوایە. ئەزمونێکی دیکە شک نابەین شایەنی بەراوردکاری دیموکراسی بێ. هەموو لایەکیش دەزانین ئەزمونی ڕۆژهەڵاتی ئۆروپا، یان چین‌و کوبا، ناشێت بۆ ڕێکخراوە دیموکراتیەکان. بەڵکو ئاسەواری ئەو ئەزمونانە گەر لەناو حیزب‌و ڕێکخراوەکاندا ماشبن، هەقوایە پاکی بکەینەوە. کەواتە.. ئایەو مایە، ئەزمونی ڕۆژئاوای دیموکراتیە. لەوێدا، پەیوەندی ڕێکخراوەکان‌و حیزبەکان، لەکوردستانیش بەهێزترە. لەکوردستانیش دا، ئەزمونی مۆدێرنێتەو دیموکراتیزە کردنی دەسەڵات‌و کۆمەڵ، پرۆسەیەکی سەراپا جیاواز نییە لەڕۆژئاوا. بەڵکو هەر هەمان ئەزمونە، بەڵام لەدۆخێکی تایبەتی کوردستاندا جێبەجێ دەکرێ.

گەر لەو پەیوەندییە ئۆرگانیکیەش گەڕێین، کە لەنێوان دەسەڵات‌و حیزب‌و ڕێکخراوەکان، لەڕۆژئاوادا هەیە، دەپرسین: لەچ بوارێکی دیموکراتیزەکردنی دەسەڵات‌و کۆمەڵدا، پرۆسەی دیموکراتی لەکوردستاندا، لەبواری پەیوەندی دەسەڵات‌و حیزب‌و ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، پێشکەوتوترە، هیچ نەبێ بەش بەحاڵی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ک)و ڕێکخراوەکان‌و حیزب‌و دەسەڵات؟ ئەگەر بوارێک، یان پەیوەندیەکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی پێشکەوتوتر هەیە، با بیزانین. خۆ ئەگەر دەستکەوتیش پێوەر بێ، نەک قسەی زەردو سوور. دەستکەوتە دیموکراتی‌و پیشەییەکانی: کرێکاران، کارمەندانی تەندروستی، ئەندازیاران، جوتیاران، فەرمانبەران، ژنان، مامۆستایان، نوسەران، هونەرمەندان، تەکنیککاران، پزیشکان، جیۆلۆجیەکان، هونەروەری کشتوکاڵی، وەرزشکاران‌و لاوان.. تاد کەسەدان دەستکەوتی گەورەو بچوکی پیشەییان بۆ بەدی هاتووە، بەڵگەی گرنگی خزمەت‌و پێشکەوتنەکانن. هەر دوێنێ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستکەوتی تری پێشکەش بەمامۆستایان کرد. بشمانەوێ بێینە سەر خوێندکاران‌و خوێندنگاکانیش. بێویژدانیەکی گەورەیە لەباخچەی ساوایانەوە هەتا زانکۆکان، دەستکەوت‌و پێشکەوتنەکان نەبینرێن. تەنانەت گۆڕینی فەلسەفەی خوێندنیش لەسایەی حکومەتی ئیدارەی سلێمانیدا، نیوەی ئەرکەکانی هاتونەتە دی. خوێندکاران: دەرماڵەی زانکۆیان هەیە، سیستمی پەڕاندنەوە (عبور)، ڕەتکردنەوەی دەرنەچوون (عدم رسوب)، بەشێکی باشی بەشی ناوخۆییان دابین کراوە، کۆمپیوتەرو تۆڕی ئەنتەرنێتیان هەتا دێت پتر دەبێ، گەشتی زانستی‌و سەیرانیان ساڵانە بۆ سازدەدرێ، هەڵبژاردنی ئازادی نوێنەرایەتیان هەیە، ڕێژەیەکی باشی دامەزراندنی دەرچوانیان خەم دەخورێ، ئازادی بیرو دەربڕینیان دابینە، دەیان خولی بەهێزکردنی هاوینە، نوێنەری خوێندکاران لەئەنجومەنی زانکۆو پەیمانگاو ناوەندەکانی خوێندندا هەن. ئەمە جگە لە دامەزراندنی زانکۆو پەیمانگاو کۆلێجی نوێ بۆ شارەکانی کوردستان، ئەو دەستکەوتانە جێبەجێ کراوون. هەڵبەتە ڕێگای خەباتی پیشەیی‌و دیموکراسی، ماویەتی. ئەگەر کێشە، یان کەم و کوڕیش هەبێ، بێگومان، ڕێگە چارەسەریشی هەیە. ڕێگە چارەسەریش دیالۆگە.. نەک تێکدان. ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتنە، نەک سەرکێشی، بەتایبەتی لەناو یەک ڕێکخراودا.■

ÇAWDÊR

Political, cultural, social weekly press ..kurdistan iraq

No.: (28) 16-5-2005

THE OBSERVER

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس: مەلا بەختیار

ستافی کارا:

سامی هادی، جەمال حوسێن

ناهید حوسێنی

نەخشەسازی: جەلیل حسێن

ئینتەرنێت: سۆران عەبدوڵڵا

پیتچنین: سۆران بورهان؛

تەها حەمە نوری؛ ئیبراهیم حسێن

www.madaniat.org

info_chawder@yahoo.com

سلێمانی - شەقامی سالم

مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان

تەلەفۆن: 3140416 - 3127120

نرخی: (250) دینارە

چی کیسەڵە؟

□ ئەگەر لەو نەخۆشە بپرسیت کە مورەگەی پشتی وەرگەڕاوەو بڵێی بە ڕەئی جەنابت چ شتێکی ئەم وڵاتە کیسەڵە؟ یەکسەر پێت ئەڵێ ڕیزی ئەشیعە تەنورییەکە. بەلای مەسیحییەکانی لبنانیشەوە هیچ شتێک کیسەڵ نیە ئیللا ئەمریکا نەبێ کە هەڕەشەکانی دەرهەق بە سوریا ناباتە سەر. سەیارەیەکیش دەبڵێ تیا نەمابێ ئەوە بە زمانێکی فەسیح هاوار ئەکات‌و ئەڵێ خاووخلیچک ترین کیسەڵ تەعمیراتی جادەکەی عەربەتە. مادام لە مەوزوعی جادەو شتاین با ڕەئی ئەم کۆستەڕەشتان بۆ نەقڵ کەم کە قەناعەتی وایە لە کەونا یەک کیسەڵ هەیە ئەویش حەرەکەتی سەیارەیە لە جادەی قەناتا. بە نیسبەت پیاوی مەعاشخۆریشەوە کە مەعاشەکەی بەشی دوو ژەم بامێ ناکات ناشیرینترین کیسەڵ ئیجرائاتی حوکمەتە سەبارەت بە نرخی شتومەک. ئەگەر سەرێک لە خەستەخانەکانی حاجیاواو گەرمیانیش بدەین‌و ئەو هەموو عالەمە ببینیت بەدەست سکچوونەوە گیرۆدە بوون ئەڵێیت خەتەرترین کیسەڵ پرۆسەی چاککردنی پرۆژەکانی ئاوی بەلوعەیە. ئەوانەش کە زەمانی نەوت بە خۆراکیان بیر ماوە -ڕەببی لەوە لاتر چێ- بەو چاوەوە ئەڕواننە نەتەوە یەکگرتووەکان کە چەنەبازترین کیسەڵە. حەیفێکم زۆپای عەشتار زەمانی نیە ئەگینا پڕ بە دنیایەک ئەیقیژاندو ئەیوت ئەوانە هیچیان کیسەڵ نین، کیسەڵ هەبێ نەوتەکەی ئەنجومەنە. مامۆستای مەکتەبیش کە مەصیری هەموو ڕۆڵە چاوگەشەکانی کوردی لایە تەنیا یەک دەعبا بە کیسەڵ ئەزانێت، قائیمەی پارەی موحازەرات. ئەخیر کیسەڵیش کە ئیشەللا بەم زووانە ئەفڕێت، فلیمەکەی بەهمەنی قوبادی نیە بەڵکو پرۆسەی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێمەو دانیشن بەخێر.■

کورسی.. شاکارێکی تری شێرکۆ بێکەس

□ شێرکۆ بێکەس.. لەخەڵوەتی نوسینی شاکارێکە بەناونیشانی "کورسی". هەتا ئێستا، چەند بەشێکی شاکارەکەی تەواو کردووەو بەگەرمی سەرگەرمی نوسینی باقی خەیاڵەکانیەتی، کە لەخەیاڵدانی شاعیری خۆیدا، جۆش بەدەوری مێژووی کورسیەکدا دەخوا، لەسەردەمی میرنشینی ئەردەڵان‌و بابانەوە، کورسیەکە دوروست کراوە، ئیدی یادەوەری خۆی دەهۆنێتەوە.

کورسیەکە.. وەکو حیکایەتخوان بەرهەمەکە وایە. باسی خۆی دەکا کەچۆن دروست کراوە. چی بەسەر هاتووە. کێن ئەوانەی لەسەری دانیشتون‌و دانیشتوەکانی سەری، خۆش دەوێین یان ڕقی لێیانە. براوەتە کوێ، لەچی دروست کراوە، بۆ نمونە:

کورسی.. دەیگێڕێتەوە کە بێکەسی شاعیر لەسەری دانیشتوەو زۆر قورس بووە. ئازاری داوە، بەڵام بەچاکە باسی دەکا. لەهەمان کاتدا دەیگێڕێتەوە کە بوک لەسەری دانیشتووەو دەڵێ: ئێوە نازانن چەند خۆشە بووک لەسەرت دانیشێ!.

ئیدی.. گێڕانەوەی کورسی مێژووییەکی دوورودرێژی گرتۆتەوەو کورسی.. دەبێتە باڵانمای خەیاڵی پانۆرامای جۆرەها کەس‌و ڕوداو. گرنگترینیان، باسی ڕووداوی ڕۆژی ڕەشی ئەیول دەکا، کە کەسایەتی وا لەسەر کورسیەکە دانیشتووەو قارەمانی ڕاپەڕینەکە بووە، کە هێشتا نوکی قەڵەمی هیچ نوسەرێک دێڕێکیشی لەسەر نەنوسیووە.

بەهیوا.. شێرکۆ بێکەس سەرکەوتوو بێ‌و شاکارێکی دیکە بخاتە سەر شاکارە شیعرەکانی‌و کتێبخانەی کوردی، بە (کورسی) ڕازاوەتر بکا.■

خۆشەویستی‌و گرافیک

خوێندنەوەی: حەمە هاشم

□ بەتەکنیکێکی جۆراوجۆر، بەکەرەستەی هەمەچەشن، هونەرمەند (نیهاد گولی) فۆرمێک دروست دەکات، فۆرمێک کە نزیکە لەرۆحی (گرافیک) کە وەک بەشێک لە (کۆلاژ) لکێنراوە، بەتابلۆیەکی (ڕۆنی)یەوە.

هونەرمەند لەبەرهەمەکەیدا سودی وەرگرتووە، لەبەڵگەی دیرۆکی‌و ئەو پاشماوە دێرینانەی کە مرۆڤایەتی بەئەنجامی گەیاندوون‌و بەکاری هێناون وەک بەشێک لەزیندوێتی بەرهەمە هونەرییەکەی لەلایەکی دیکەوە کارکردن لەنێو ئەفسانەدا، ڕەگەزێکی دیکەی بەرهەمە هونەرییەکەی کە هەم لەنیشانە مێژووییەکاندا دیارە هەم لەو بەشە گرافیکە، کۆلاژکراوەدا ئاماژەی بۆکراوە کە لەلای خوارەوەی تابلۆکە دەبینرێت.

لەجۆری تەکنیکدا، هێزێک دەبینرێت لەڕێکخستنی ئەو کەرەستە جۆراوجۆرانەو، ڕێکخستنیان وەک یەک پانتایی بۆ بینین، کە ئەمەش توانستی هونەرمەند نیشان دەدات..

خۆشەویستی بەشێکە لەو گوزارشتانەی کە نیهاد گەرەکیەتی دووبارەی بکاتەوە، کە ڕاستەوخۆ لەبەشە گرافیکیەکەدا، دەبینرێت کە (کوڕوکچێک) لەژواندن‌و کۆمەڵێ ئاژەڵی کێوی بەدەوریانەوەن، کە لەسەر پانتایی تەکنیکە ڕۆنیەکەش ئەمە دووبارە بووەتەوە ئاماژە بەوەی کە خۆشەویستی مێژوویەکی هەیە ئاماژە بەوەی کە خۆشەویستی مێژوویەکی هەیە لەمرۆڤایەتیدا.

ئەم بەرهەمە هونەرییە جگە لەوەی کە کۆلاژکراوە، ئەواکەرەستەی جۆراوجۆر بەکارهاتووەو لەسەر تەختە ئەنجام دراوە.■

دیسانەوە فیلمی (شەڕی ئەستێرەکان)

□ ڕەخنەگرانی سینەما باس لەفیلمی پڕ تەماشاچی (شەڕی ئەستێرەکان) دەکەن، کە واچاوەڕوان دەکرێت لەنیوەی ئەم مانگەداو لەنێو فێستیڤاڵیکانی نێودەوڵەتی لەفەرەنسا بۆ یەکەم جار نمایش بکرێت‌و دواتر لە 19ی مانگ بەدواوە لەسەر شاشەکانی سینەماکانی جیهان نیشان بدرێت. ڕووداوەکانی ئەم بەشە بەپێچەوانەی هەدوو بەشی پێشووتری ئەو فیلمە، باس لەکۆمەڵێک ڕووداوی دراماتیکی‌و کارەساتبار دەکات کە لەکاتی شەڕی ئەستێرەکاندا ڕوودەدەن، ڕۆڵی سەرەکیش (ئەناکین سکای واڵکەر) دەبینێت. زۆرینەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان باس لەوە دەکەن کە ئەم بەشەی فیلمی (شەڕی ئەستێرەکان) لەدەرهێنانی (جۆرج لۆکاس) پڕە لەڕووداوی سەرنج ڕاکێش‌و گرنگ کە لەبەشەکانی پێشووتریدا نەبینراون.■

جارێکی تر فیفی عەبدە وبینەرانی تەلەفزیۆن

□ دوا بەدوای ئەوسەرکەوتنە بەرچاوەی کە کچە هونەرمەند (فیفی عەبدە) بەدەستی هێنا لە زنجیرەی تەلەفزیۆنی (حەقیقەت وسەراب) دا لەم چەندڕۆژەی پێشوودا دەستی کرد بەوێنە گرتنی زنجیرە یەکی تەلەفزیۆنی نوێ، بە ناونیشانی (باڵندەی خۆشەویستی) بەهاو بەشی چەند هونەرمەندێکی تر لەوانەش (ئەحمەد ڕاتب)و(کەمال ئەبو ڕێ)و(ئەحمەد خەلیل) ئەم زنجیرە تازەیە کە فیفی ڕۆڵی تیا دەبینێت لە دەرهێنانی هونەرمەندی ناسراو (مستەفا شال)ە.■

بۆ یەکەمین جار کوردستانی باشور بەشداری فێستیڤاڵی کان دەکات

□ لە خولی ئەمجارەی فێستیڤاڵی (کان)ی سینەکایی کە لەشاری (کان)ی وڵاتی فەرەنسا سازدەکرێت.. جیاواز لەخولەکانی پێشووتری چەند هونەرمەندێک‌و چەند فیلمێکی نوێی وڵاتانی جیهان بەشدارییان تێداکرد، لەوانەش هونەرمەندی کوردستانی ئازیزی باشور (هونەر سەلیم) بە فیلمی (سفر کیلۆمەتر) چووە نێو فێستیڤاڵەکە کە لە ڕۆژی 13 /2005/5 فیلمەکەی پیشان درا..

ئەم فیلمەی (هونەر سەلیم) باس لەچیرۆکی کارەسات‌و ئازارەکانی خەڵکی کوردستان دەکات لەژێر داگیرکاری‌و جینۆسایدو کارە نامرۆییەکانی ڕژێمی

بەعسی لەناوچوو.. ڕوداوەکانی ئەم فیلمە وەک قۆناغی مێژوویی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگی (عێراق - ئێران).. ئەم فیلمە بەرهەمێکی تەواو کوردییەو لە کوردستان بەئاکام گەیەندراوە لەساڵی 2003دا وێنە گیراوەو دەکرێ لەسەر سینەمای کوردی بژمێردرێت.. بە هیوای کاری زیاترو بەشداری فراوانتر.■

شارۆن ستۆن منداڵێکی تریشی بۆخۆی هەڵگرتەوە

□ وتەبێژ بەناوی کچە ئەکتەری بەناوبانگی ئەمەریکی (شارۆن ستۆن)ەوە ڕایگەیاندکە لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوودا منداڵێکی ساوای بۆ خۆی هەڵگرتەوە کە باوک ودایکی نادیارو نامۆ بون. شارۆن ستون ئەم منداڵەی ناولێناوە (لاریدفۆن ستۆن) ئەم منداڵە بچکۆلانەیە لە تەکساس لەدایک بووەو کەس نازانێت دایک وباوکی کێیە، جگە لەم منداڵە شارۆن منداڵێکی چوار ساڵانی تری هەیە کەلە (فیل برونستین) بوویەتی پێش ئەوەی لەساڵی 2004 دا جیا ببنەوە.. شارۆن ستۆن لە ئێستادا سەرقاڵی وێنە گرتنی بەشی دووەمی ئەو فیلمەیە کە ناوبانگێکی فراوانی بۆ دەستە بەر کرد. کەفیلمی (بازیک ئەنستانکت) بوو بەشی یەکەمی لەساڵی 1992دا بەرهەم هێنراوە.■

شەربەتی هەنار تازەترین چارەسەر بۆ لاوازی سێکسی پیاوان



□ لەتازەترین لێکۆڵینەوەی زانستی دا چەند توێژەرەوەیەک لەزانکۆی (بۆستن) لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەیشتن بەوەی کە (شەربەتی هەنار) باشترین چارەسەرە بۆ گەشاندنەوەی هەست‌و سۆزی خۆشەویستی نێوان پیاوان‌و ژنان بەتایبەت ئەو پیاوانەی کەتووشی لاوازی سێکسی هاتوون. ئەو توێژینەوەیە کە لەسەر نێرینەی کەروێشک لەسەرەتاوە ئەنجام درا دەریخستووە کە (شەربەتی هەنار) یاریدەدەرێکی بەرچاو بووە لەجوڵەی سوری خوێن بۆ کۆئەندامی نێرینەی کەروێشکەکان‌و هاوکارێکی سەرەکی بووە لەبزواندن‌و وروژاندنی هەستی سێکسیان.. سودێکی گەورەی تری (شەربەتی هەنار) لەوەدایە کەبەرەنگاری ئەو خانانە دەبێتەوە کە بە (خانەی شێرپەنجەیی) ناسراون و هۆکارێکی چاکیشە بۆ خۆپاراستن لەنەخۆشی (دڵ) چونکە ئاستی ئەو مادانەی کەدژی (ئۆکساندن)ن بەرز دەکاتەوە لەخوێنی مرۆڤدا.. توێژەرەوەکان سودی گەورەی (شەربەتی هەنار) بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کەچەندین مادەی سودبەخشی تێدا دەست نیشان کراوە وەک ئاوێتەکانی (فینۆلی) و (تانین) و (ئەنسوسیانین) کە هەموویان مادەی دژە ئۆکسانن..■

هایدی کلام‌و سیل.. بەیەکگەیشتنێکی فەرمی

□ گۆڤاری (بیبول)ی ئەمریکی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو بڵاوی کردەوە کە کچە شۆخ‌و شەنگی نمایشکاری جل‌وبەرگ (هایدی کلام) لەگەڵ گۆرانیبێژی ئەسمەری بەناوبانگ (سیل) لەمەکسیک چونە نێو کەژاوەی زێڕینی هاوسەرێتییەوە..

گۆڤارەکە لەسەر زاری وتەبێژی کچە نمایشکاری ئەڵمانی (هایدی)یەوە ڕایگەیاند کە (هایدی) منداڵێکی لەسک دایە کەدەگەڕێتەوە بۆ (سیل)..

(هایدی) و سیل لەکەنارەکانی نزیک بەماڵی (سیل) لە (کۆستاکاریس) و بەبەرچاوی (40) میوانەوە ئاهەنگی چونە نێوکەژاوەی زێڕینیان سازکرد..

(هایدی کلام) کە تەمەنی (31) ساڵەکچێکی تری بەناوی (لینی) یەوە لەگەورە بازرگانی ئیتالی (فلافیوبریاتوری) هەیە. هەر پاش ماوەیەکی کەم لەجیابونەوەی لەگەڵ (بریاتوری) ژیانی هاوسەری بەرەسمی لەگەڵ (سیل) پێک هێنا.■

کاتژمێرێک بەیەک ملیۆن دۆلار

□ کۆمپانیای (بانیک فیلیپ) ساڵی 1928 ئەوکاتژمێرەی دروست کردووە، وبڕیارە لە ڕێکەوتی 2005/5/17 لەزیاد کردنێکی ئاشکرادا لە شاری (ژنێف) پیشان بدرێت بۆ فرۆشتن، واش چاوەڕوان دەکرێت نرخەکەی بگاتە سەرو یەک ملیۆن دۆلار.■

L-1+16.qxd 5/16/2005 6:10 AM Page 2

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لەبەردەم دیالۆگێکی ڕەخنەیی دا

□ **چاودێر:** سەرەتا بەناوی ڕۆژنامەی چاودێرەوە بەخێرهاتنتان دەکەین. مامۆستا عومەر، کاک فەهمی، بەخێربێن. بەڕێزتان سکرتێری دوو ڕێکخراوی پیشەیین و گرنگن لەناو کۆمەڵی کوردیدا، کە توێژی مامۆستایان و توێژی خوێندکارانن، لەماوەی رابردوشدا ئەو دوو توێژە، بەئامانج و دروشمی جیاواز، بەداخوازی جیاواز، کەحاڵەتێکی سروشتییە هاتە سەر شەقام، بەهاتنە سەر شەقامی بەشێک لەو دوو توێژە، داواکاری خۆیان هەبوو. یەکەم دەروازە ئەوەیە بۆچوونی ئێوە سەبارەت بەپرانسیپی ڕێپێدان چییە! کە لەلایەن ئەو توێژانەوە کەئەنجام ئەدرێت، دووەمیش خودی ڕێپێوانەکە چۆن دەبینن و خوێندنەوەتان چییە بۆ ئەو ڕووداوە، ئەمە گوزارشت لەحاڵەتێکی سروشتی کۆمەڵی مەدەنی دەکات یان نا؟

عومەر شیرەمەڕی: سوپاس بۆ ئەم چاوپێکەوتنە، هیوادارم قسەکانمان وەکو خۆی دابەزێت، ئێمە بۆ پرسیاری یەکەمتان کەبۆچوونی یەکێتی مامۆستایان و خودی خۆم چۆنە بۆ ئەو خۆپیشاندانەی مامۆستایان، من هەموو ڕێپێوانێک بەدیاردەیەکی سروشتی دەزانم، سەرەتاییترین ...

زەوی بۆ مامۆستایان، لەهە... کوردستاندا لەگەڕانەوەی ... جوغرافی و دەرماڵەی ... بەڕێوەبەرەکان بگرێتەوە ... قۆناغەکاندا. جگە لەوە کۆک... کەئێمە ساڵێک زیاتر ... سەرۆکایەتی ئەنجومە... ڕەزامەندیان دەربڕیو... شارەوانییەکان. شارەوا... شارەوانیانەی کەژن و مێرد... (١٠-١٥) خاڵ زەوی داونەتێ ... لەمانگی سێی ٢٠٠٤ دا ... کوردستان، پاداشتی ڕە... ئەنجومەنی وەزیران و نو... دارایی عێراق کەموچە...

عومەر حەمەساڵح ئەحمەد
لەدایک بووی ١٩٥٣ هەڵەبجە. دەرچووی کۆلێژی زمان، بەشی کوردی.
هەر لەسەرەتای لاوێتیەوە تێکەڵ بەکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی بووە لەڕیزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان.
ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندی کردووە بەکۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە.
ساڵی ١٩٧٦ بووە بەمامۆستا.
ساڵی ١٩٧٧ لەلایەن ڕژێمەوە دەستگیر کراوە.
ساڵی ١٩٨٢ لەئەنجامی ئاشکرابوونی ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەشاری سلێمانی پەیوەندی کردووە بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.
دوای ڕاپەڕین بووە بەئەندامی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی و لێپرسراوی کۆمیتەی سەرچنار و مامۆستایان و کۆمیتەی ١١.
لە ٢٠٠١/٢/٤ هەڵبژێردرا بەسکرتێری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان.■

... کۆبوونەوەی (٦٠٠) مامۆستا لەڕێپێوانێکدا لەهەمان کاتدا هەندێکیان خوێندکاری پەیمانگا بوون، ئەوانە نوێنەرایەتی ئەو مامۆستایانەی کوردستان دەکەن. بەناوی مامۆستایانەوە قسە دەکەن، من ئەو پرسیارە دەکەم.

چاودێر: ئەوان نوێنەرایەتی خۆیان کردووە؟

عومەر شیرەمەڕی: نەخێر، دەڵێن ئێمە وەکو یەکێتی مامۆستایان، کە لەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە قسە دەکەن بەناوی مامۆستایانەوە قسە دەکەن.

چاودێر: کاک فەهمی بورهان دەکرێت، هەر سەبارەت بەپرسیاری یەکەم قسە بکەیت؟

فەهمی بورهان: ئەم ڕێپێوانەی دوایی کە خوێندکاران لەناوەندەکانی خوێندندا پێی هەڵسان بۆ ...

فەهمی بورهان عومەر
-لەدایک بووی ١٩٧٩ شاری کەرکوک.
-لێپرسراوی لقی ڕاپەڕینی خوێندکاران بووە.
-لێپرسراوی لقی کەرکوکی خوێندکاران بووە.
-خوێندکاری دوا قۆناغی زانکۆی سلێمانی زانستە مرۆڤایەتیەکان بەشی مێژوو.
-لەکۆنگرەی چوارەمی (ک. خ. ک) متمانەی سکرتێری (ک. خ.ک) ی پێدراوە.■

عومەر شیرەمەڕی: بۆچوونی یەکێتی مامۆستایان و خودی خۆم چۆنە بۆ ئەو خۆپیشاندانەی مامۆستایان، من هەموو ڕێپێوانێک بەدیاردەیەکی سروشتی دەزانم، سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤە لەکۆمەڵی دیموکراسیدا و ئەو کۆمەڵەی کەخۆیان بەدیموکراسی دەزانن. دەبێ مەسەلەی ڕێپێوان و دەرخستنی داخوازییەکان بەهەر جۆرێک بێ، دەبێ بەدیاردەیەکی سروشتی بزانین

فەهمی بورهان: دەرکردنی بڕیارێکی لەوجۆرە، لەدەسەڵاتی سیاسیەوە بۆ داخستنی ئەو زانکۆیە ئەویش دەلالەتی ئەوەیە هەر لەسەرەتادا بیریان لەدروست کردنی ئەو زانکۆیە نەکردۆتەوە. بۆیە دەبینین لەناوخۆشیاندا قەناعەتی جیاوازیان هەبوو، سەرەتا کۆدەنگیەک هەبوو کەنابێ دابخرێت، دوای ئەوە هەر خۆیان لەناو خۆیاندا هەریەکەی بەئاڕاستەیەک قسەیان دەکرد و دەرئەنجام داخرا

... ئێمەش وەکو (ک.خ.ک) لەپێشەوەی هەموو ڕێکخراوەکانی تری کوردستاندا، بەڵێنمان داوە کارێک بکەین بەجۆرێک بێت، کەگونجاو بێت لەهەموو ئەو گۆڕانکاریانەدا کەکوردستان و عێراقی گرتۆتەوە. چ لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە چ لەڕووی ئابوریەوە چ لەڕووی سیستەمی پەروەردەوە لەپێش هەمووشیانە بەرنامەی کۆمەڵەی خوێندکاران ئەوەیە لەگەڵ بەستنی کۆنگرە، کاری جدی بکات بۆ گۆڕینی ...

چاودێر: زۆر سوپاس، بۆ هەردووکتان.
■ئێمەش سوپاسی ڕۆژنامەی چاودێر دەکەین.

ڕێگای سێهەم و ماکی سێهەمین بردنەوەی بلێر

مەلا بەختیار

□ پێش ئەوەی تۆنی بلێری سەرۆکی حیزبی کرێکارانی بریتانیا، هەشت ساڵ لەمەوبەر، وەکو رابەرێکی ڕێباز چەپ، دوای ساڵەها شکستی حیزبەکەی، هەڵبژاردن بباتەوە. حیزبی موحافیزکارانی سەرکەوتوی ئەوکاتەی بریتانیا، دەیانگوت: حیزبی کرێکارانی بریتانیا تاهەتایە، جارێکی دیکە دەسەڵات نابینێتەوە. کەچی، حیزبی کرێکاران بردیەوە، دووەمین جاریش بردیەوە، بۆیەکەمین جار لەمێژووی حیزبی کرێکاراندا ، سێهەمین جاریش، تۆنی بلێر، پێکەنینی سەرکەوتنی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکاندا، پیشانی خەڵک دایەوە. ئەم بردنەوەیەش، بێگومان، بۆ ڕێبازی چەپی ناوەنجی، سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە. چونکە کێشمەکێشێکی قوڵ لەنێوان فێرگە سیاسی، فەلسەفی، دیموکراتیو ئابوریەکانی رۆژئاوادا، لەسەر ئەم ڕێبازە هەیە کە بلێرو هاورێبازەکانی گەڵاڵەیان کردووەو ناویان ناوە.. ڕێگای سێهەم.

بۆ خوێنەری وشیاری کوردستان، زۆر گرنگە ماکی راستەقینەی ئەم سەرکەوتنە گەورەیە بزانێ، کە رابەرێکی (٤٥) ساڵە، یەکەمین جار ساڵی (١٩٩٧) لەموحافیزکارەکان دەسەڵات دەسەنێتەوە. ساڵی (٢٠٠٥)یش، بۆ سێهەمین جار ناهێڵێ سەربکەونەوە. ئەم گوتارە هەوڵێکی بچوکی لێکدانەوەی رووداوەکەیە.

بلێرو ریفۆرمی راستەقینە

تۆنی بلێر (١٩٥٣) لەدایک بووە، لە(٢٣) ساڵیدا دەبێتە پارێزەری یەکێتیی بازرگانیو پیشەسازی، لە(٣٠) ساڵیدا دەچێتە دونیای سیاسەتەوەو هەر ئەوکاتەش، لەبەر لێوەشاوەیی هەڵدەبژێردرێ بۆ ئەندامەتی پەرلەمان. لەسەردەمی سەرۆکایەتی تاتشەردا (١٩٧٩ - ١٩٩٠) بلێر زۆر چالاک بووە. دوای مردنی سەرکردەی پارتی کرێکاران (جۆن سمیس) ساڵی (١٩٩٤) متمانەی سەرۆکایەتی حیزبەکەی، دوای (١١) ساڵ خەباتی سیاسی، پێدەدرێ. پۆستی سەرۆکایەتی بۆ بلێری (٤١) ساڵە لەهەلومەرجێکی جۆشخواردوو بەئاڵوگۆڕە جیهانیەکان، زۆر گرنگ بووە: رابەرێکی تازەهەڵکەوتوو، دەستی لەهیچ روداوێکی خراپ، قەیرانێکی زیانبەخش، تاوانێکی نامرۆیی، کاری نادیموکراتی نەبووە. سیاسەتمەدارێکی تاقینەکراوە لەدەسەڵات و لەدەسەڵاتداریدا پەرێزی پاک بووە. بۆیە، کەسایەتیەکی سیاسی ئاوا، کە رابوردووی لەکەو شەرمەزاری لەسەر نەبووە، لەخۆی راپەڕموەوە راستگۆیانە ئاڵای ریفۆرم لەناو حیزبەکەیدا، بەرزبکاتەوە. هەرواشی کرد: بەشی زۆری سیستەم و پرۆگرامی حیزبی کرێکارانی گۆڕی، هەموو ئەو سیاسەتەی کە لەگەڵ سەردەمەکەدا نەدەگونجان، وەلانا. هی نوێی داهێنا. لەبەرئەوەی بۆچونەکانیشی هەڵقوڵاوی پێویستیەکانی حیزبەکەیو دەوڵەتەکەیان بووە، بەرنامەکانی نوێ بووەو پێشتر چەندین بەرنامەی نەشیاوی تاقینەکردۆتەوە، بلێر لەم کارەیدا سەرکەوت. هەر ئەمەش وایلێکرد، پێش ئەوەی بێتە سەرکاریش، پەیتاپەیتا داوای پەیوەندی پتەوتری لەگەڵ رۆژئاوادا دەکرد. کە هاتیشە سەرکار، ئەم کارەو چەندین کاری ریفۆرمیستی، بەڵکو رادیکاڵیشی ئەنجامدا، لەوانە:

دەستی لەهیچ روداوێکی خراپ، قەیرانێکی زیانبەخش، تاوانێکی نامرۆیی، کاری نادیموکراتی نەبووە، سیاسەتمەدارێکی تاقینەکراوە لەدەسەڵاتو لەدەسەڵاتداریدا پەرێزی پاک بووە. بۆیە، کەسایەتیەکی سیاسی ئاوا، کە رابوردووی لەکەو شەرمەزاری لەسەر نەبووە، لەخۆی راپەڕموەوە راستگۆیانە ئاڵای ریفۆرم بەرزبکاتەوە

-نەهێشتنی بەرنامەی خۆماڵیو زیاترکردنی روبەری بازاڕی ئازاد.

-جوداکردنەوەی پەرلەمانی سکۆتلەندەو.. وێلز.

-ریفۆرمی هەمەلایەنەی تەندروستیو کۆمەڵایەتیو نەهێشتنی تاوان.

گۆڕینی پرۆگرامەکانی خوێندن.

-پەرەپێدانی گفتوگۆی ئاشتی لەئیرلەندەی باکوور.

ئەو بەرنامەو سیاسەتانە، ریفۆرمی لەبنچینەی سیاسەتی حیزبی کرێکارانی بریتانیا بەدیهێناو، کاریگەری لەسەر رای گشتیش دانا. هەر ئەو ریفۆرم و گۆڕانکاریانەش بوون، تۆنی بلێرو حیزبی کرێکارانیان گەیاندە سەرکەوتن دوای سەرکەوتن. چونکە خەڵک، بەپراکتیک، باوەڕی هێنا کە رابەرێکی ریفۆرمیستی نوێ، لەدونیای سیاسەتی بریتانیا هەڵکەوتووەو دەشیانبینی کردەوەو بەرنامەکانیشی، گۆڕانکاری لەژیانی خەڵکدا بەدیدەهێنا. بەدرێژایی ئەو ماوەیەش، بلێر بۆ سەرۆکایەتی حیزبی کرێکاران و پاشان بۆ سەرەک وەزیران هەڵبژێردرا، لەگەڵ پەیامی ریفۆرمدا، راستگۆ بوو. لادان و بادانی نەبوو. تەنانەت ریفۆرمی لەگەڵ چەندین رابەری دیکەی وەکو خۆی، لەوانە (بیل کلنتۆن) کردە هەوێنی تیۆرێکی (دیموکراتی - کۆمەڵایەتی - مەدەنی) نوێچەشن، ئەویش بەناوی ڕێگای سێهەم. کە سۆسیال - دیموکراتە رۆژئاواییە باوەکان (تقلیدی) و چەپە کۆنەکان، ئەم تێزەیان رەتکردەوەو ئێستاش لەدیالۆگدان لەسەری.

هۆی سێهەمین سەرکەوتن

بلێر.. بیمەی کۆمەڵایەتی، تەندروستی، کەمکردنەوەی تاوان و گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن، بەرنامەی سەرەکی هەڵبژاردنی بوون. هێندەی بلێر حیزبی کرێکارانی بەرەو خزمەتگوزارییە گشتیەکان ئاراستەکردووە، لەوەزیاتر خۆی لەمشتومڕی لاوەکی رۆژنامەکان و رەخنە نابەجێکان پاراستووە.

ئەگەر جاری یەکەم ساڵی (١٩٩٧) سەرکەوتنی بلێر، وەکو کاندیدی حیزبی کرێکاران، دوای (١٦) ساڵ شکست و چوار خول بردنەوەی موحافیزکاران، ئەرکێکی قورس بوبێ، ئەوا بۆ سێهەمین جار بردنەوەش لەسەرکەوتنی یەکەمین جار، قورستر بووە. بەتایبەتی، ئەمجارە، مەسەلەی هاوپەیمانی بریتانیاو ئەمریکا لەجەنگدا رەخنەی زۆر لەسەر بوو. هەتارادەیەکیش بلێری نیگەران کردبوو. بەڵام حیزبی کرێکاران و خودی بلێر، زۆر زیرەکانە مامەڵەیان لەگەڵ کێشەکەدا کردو بەرنامەیان وابوو، کە کەمتر خۆیان بەورەخنانەوە سەرقاڵ بکەن. جارێکی دیکە مەسەلەی ئابوری و گوزەرانی خەڵکیان کردەوە بەرنامەی سەرەکی خۆیان. تەنانەت دوا رۆژی پروپاگەندەی هەڵبژاردن، بلێر هێرشی کردە سەر موحافیزکارەکان و بەکورتی و چڕی گوتی: موحافیزکارەکان ئابوری و بودجەی خزمەتگوزارییە گشتیەکان دوچاری مەترسی دەکەن.

ئابوری و.. بودجەی خزمەتگوزارییە گشتیەکان، لەوڵاتێکی وەکو بریتانیادا، چارەنوسی هەموو کەسێکی پێوەبەستراوە. تەنانەت ئەوانەی تەمەڵن و کاریش ناکەن. بەوانەشەوە لەسیاسەتدا تەقەی سەریان دێ.

ئەو خیتابەی بلێر، لەخۆڕا، یان بەبێ پێشینەیەکی ئابوری و خزمەتگوزاری پێشکەشکراو، گەڵاڵەی نەکردبوو. دەیزانی خزمەتەکان و ریفۆرمەکان تا چ رادەیەک کاری کردۆتە سەر رای گشتی و گوزەرانی خەڵک. هەربۆیە، خۆی لەکێشەی جەنگ کەمتر دەدا، هەرچەند لایەنەکانی دیکە، بەتایبەت رۆژنامەو تەلەفزیۆنە دژەکانی بلێر، دەیانویست کێشەی جەنگ و کوشتاری سەربازان بکەنە باسی سەرەکی رای گشتی، بەڵام بلێر زیرەکتر لەوان، باسەکەی دەهێنایەوە مەیدانی چارەنوسسازی ژیوارو ژیانی خەڵک، ئەویش کە مەسەلەی ئابورییە. بۆئەوەی بشزانین مەسەلەی ئابوری چەند بۆ رای گشتی رۆژئاوا، لەکاتی هەڵبژاردندا گرنگ و کاریگەرە. وا چاکە ئامارێکی ئابوری ورد بکەینە شایەتی ئەو سەرکەوتنەی بلێر.

بریتانیا.. پێنجەمین هێزی پیشەسازی گەورەی جیهانە. بێگومان لەدوای: ئەمریکا، ژاپۆن، ئەڵمانیاو فەرەنسا. بەپێی ئاماری بڵاوکراوەی ناوەندی ئامارگیری ئۆروپا، ساڵی (٢٠٠٤) بریتانیا لەبواری ئابوریدا توانیویەتی ڕێژەی (١و٣٪) نشونما بکا، لەبەرامبەردا، فەرەنسا ڕێژەی (٤و٢٪) ئەڵمانیاش (٧و١٪). پشکی مامناوەنجی تاک لەبەرهەمی تێکڕایی ناوخۆیی بریتانیا ساڵی (٢٠٠٤) (٢٨ ٧٠٠) یۆرۆ بووە. لەکاتێکدا فەرەنسا (٢٦ ٣٠٠) یۆرۆ (٢٦ ٤٠٠) یۆرۆش لەئەڵمانیادا. هەوڵاوسانی بریتانیا، ئاماژەی نرخی بەرخۆری (استهلاکی) لەساڵێکدا (٣و١٪) بووە، کەچی لەفەرەنسادا (١و١٪) و (٨و١٪) لەئەڵمانیادا. لەو ئامارانە گرنگتر، مەسەلەی بێکارییە. ڕێژەی بێکاری لەبریتانیادا ساڵی (٢٠٠٤) گەیشتبووە (٧و١٪) بەراورد لەتەک ئەڵمانیا گەیشتۆتە (١و١٠٪) و لە (٩و٨٪) لەناوچەی یۆرۆ.

هەرچەند لایەنەکانی دیکە، بەتایبەت رۆژنامەو تەلەفزیۆنە دژەکانی بلێر، دەیانویست کێشەی جەنگ و کوشتاری سەربازان بکەنە باسی سەرەکی رای گشتی، بەڵام بلێر زیرەکتر لەوان، باسەکەی دەهێنایەوە مەیدانی چارەنوسسازی ژیوارو ژیانی خەڵک، ئەویش کە مەسەلەی ئابورییە

ئەو ئامارە ئابورییە، هەریەکەیان کاریگەری قوڵی لەسەر رای گشتیو ژیانی خەڵک هەیە. بۆیە، حیزبی کرێکارانی بریتانیا، لەکاندیدکردنەوەی بلێردا بەهەڵەنەچوبون. گەرچی رەخنەکانی جەنگیش لەسەریان کەم نەبوون. ڕێژەی بێکاری بریتانیا لەچاو فەرەنساو ئەڵمانیا، هەر زۆر کەمە. لەکاتێکدا، فەرەنساو بریتانیا، ئابورییەکی بەهێزتریان لەبریتانیاش هەیە. لەمەسەلەی جەنگیشدا، ئەو دوو دەوڵەتە، هەڵوێستێکی دورەپەرێزو رەخنەئامێزیشیان هەبوو لەبەرامبەر ئەمریکاو بریتانیادا. بەڵام، لەبەرئەوەی ئابوری بریتانیا بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی باشتری هەبووەو پێشکەوتنی باشتری لەژیانی خەڵکدا هێناوەتەدی، سەرەنجام حیزبی کرێکارانی بریتانیا، سەرەڕای بەشداریکردنی لەجەنگیشدا، بۆ سێهەمین جار، هەڵبژاردن دەباتەوە. هەر ئەم بەرنامە ئابورییەشە ماکی سێهەمین سەرکەوتنی بلێر. کە بێگومان سەرکەوتنەکە بۆ ڕێگای سێهەمیش، کاریگەرتر دەبێ.■

لەکارتی رەحم نەکردنی پارتیەوە بۆ چاوەڕێکردنی تاڵەبانی

سەربەست کەریم

□ کێشەی دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، لەنێوان یەکێتیو پارتی، هێشتا بنج و بنەوانی بەڕاستیو دروستی نازانرێ.

لەماوەیەکی کورتی سیاسیدا، لەکاتێکدا تێکڕا جەماوەر سەرگەرمی سەرکەوتنی کورد بون بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، کە بەحساب، پێشتر یەکێتیو پارتی لەسەر وردەکاریەکانی ڕێکەوتبن، کەچی لەپڕ، ئومێدو خرۆشانی خەڵک، بەزەق کردنەوەی کێشەیەکی چاوەڕواننەکراو، دوچاری دڵەڕاوکێ دەکرێ. ئاخر ئەمە جگە لەبەڵگەی نەبونی ڕێسای پتەوی سایەتی کوردستانی، چیتر دەگەیەنێ؟! بەهەرحاڵ، ناشێ وریای دوکەڵە رەشەکانی ئەم کێشەیە نەبین. هیچ نەبێ لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکانو لێکدانەوەکاندا. پێش ئەوەی پەل لەناو دوکەڵە رەشەکەش بکوتین، وا چاکە بڵێین:

خۆزگە.. لایەنێکی لێکۆڵەری بێلایەن، سیمینارێکی زانستی لەسەر هۆکارە راستەقینەکانی ئەم کێشەیە سازدەداو تیایدا، پرۆژەی دەستوری کوردستان، کە لەپەرلەماندا تاووتوێکراوە، هەروا دوا پرۆژەی پارتیو یەکێتی، هەڵدەسەنگێندران و بەراورد دەکران، هەتا بزانرێ کێشە راستەقینەکە لەکوێوە سەری هەڵداوەو چ لایەکیش، بۆ چونەکانی سەری کردووە، یان کورتی هێناوە. خۆزگە..! بەهەرحاڵ.. ئەوەی لێرەدا مایەی نیگەرانیو هاندەری ئەم نوسینەیە، دوو مەسەلەیە:

یەکەمیان: ئەو هەڕەشەیە کە لەڕادیۆی (نەوا)دا رۆژی (٢٠٠٥/٥/٣) کاک سەرۆ قادر بەناوی پارتیەوە کردویەتی.

دووەمیشیان: ئەو لێدوانەیە کە بەڕێز (مەلا مەحەمەد) ئەندامی مەکتەبەی سیاسی پارتی داویەتیو دەڵێ: هەتا مام جەلال ئامادەی کۆبونەوە نەبێ، پارتی ئامادە نیەی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا کۆببێتەوە.

هەڕەشەیەکی ناوەخت و لێدوانێکی سەیرە!! کاکە سەرۆ قادر لەچاوپێکەوتنی ئێزگەی (نەوا)دا، لەبەشێکدا دەڵێ: پارتی ئەوراقی بەهێزی لەدەستدایەوە بەکاریشی دەهێنێت وە کاتێک بەکاری هێنا (روحم بەهیچ تەرەفێکیش ناکات).

ئەم لێدوانە.. هی سەرەتای کێشەیەک نییە، کە هێشتا ڕێگەیەکی درێژ لەبەردەم چارەسەرکردنیدا ماوە. بەڵام لێدوانێکیشە، وشە بەوشەی، زەق زەق دیارە کە خاوەنی لێدوانەکە، چەند خوا خوای بووە کێشەیەک رووبداو چەندیش خوا خوایەتی کێشەکە بگاتە بنبەستو تەقینەوە. ئەوەی سەرنج بداتە ئەم لێدوانە، چەند پرسیارێکی لادروست دەبێ، کە ئەمانەن:

١-ئایە قسەکەر، راسپێردراوی رەسمی پارتییە ئەم قسانە بکا؟

٢-ئاخۆ ئەو ئەوراقە بەهێزە چی بن، کە پارتی لەو هەموو شەڕو شۆڕەی رابوردودا بەکاری نەهێنابن؟

٣-روحم نەکردن بەهیچ تەرەفێک یانی چی؟

هێندەی خەڵک بزانێ، کاک سەرۆ، سەرکردایەتیو قسەکەری رەسمی پارتی نییە، هەتا لەکێشەیەکی وادا، بتوانێ بەناوی پارتیەوە لێدوانی رەسمی بدا. بەرپرسەکانی پارتیش لەوماوەیەدا، بەناوی پارتیشەوە قسانیان دەکردو قسەکانیشیان وەکو ئەم قسانە بۆنی بارودیان لێ نەدەهات.

سەبارەت بەئەوراقی بەهێزی بەکارنەهێنراوی پارتیش، دەڵێین: باوەڕ ناکەین وەرەقەیەک مابێ پارتی، بەڵکو یەکێتیش، بەکاریان نەهێنابێ. تەنها وەرەقەیەک نەبێ، ئەویش تێکدانی ئەم دۆخەی ئێستایە. لەپێشەوەدا، تێکدانی باری سیاسی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق. جا دەپرسین: تۆ بڵێی کەسێک هەبێ دوای ئەو هەموو ناخۆشیانەی شەڕی ناوخۆ، شانازی بەتێکدانی دۆخێکی ئاوا بکا، کە بۆ کورد هەڵکەوتووە؟!

سەبارەت بەخاڵی سێهەمی قسەکانی قسەکەریشەوە، گوایە (پارتی روحم بەهیچ تەرەفێک ناکا).. بەڕاستی سەیرە.. کەسێک خۆی بەڕوناکبیرو نوسەرو سەرنوسەر بزانێ، بەبێ سڵەمینەوە، لەبەرامبەر کێشەیەکی هەستیاری ناوخۆدا، ئاوا وەرەقەی بێ رەحمی بخاتە سەر مێزی گفتوگۆ.

ئایا.. رەحم نەکردن لۆژیکی چ لایەکە؟ هی دوژمن، یان هی هێزێکی وەکو پارتییە؟ بەڕاستی، (مەسیجی روحم نەکردن)، لەم هەلومەرجەدا، مەسیجێکی سەیرو سەمەرەیە، ئێمە ناتوانین گومانی بەکرێ گیراوی لەپشت مەسیجێکی ئاوا بکەین. یان دەستی بێگانەی تیا ببینین. بەڵام ناشتوانین نەڵێین:

(روحم نەکردن)، خیتابی خێڵە. نەک خیتابی سیاسی هاوچەرخ، یان نیمچە هاوچەرخیش. بەپێچەوانەوە، رەحم کردن و لێبوردن و پێکەوە هەڵکردن، بۆتە سیمایەکی جوانی هێزە سیاسیەکانی سەردەم.

کاتێک.. رەحم نەکردن دەبێتە مەرەکەبی ئەوراقە بەهێزەکانی هێزێکی چەکدارو لەبۆتەی کرداریشدا، ئەو ئەوراقە بەکاردەهێنرێ، ئایە.. برای قسەکەر، نازانێ چ کارەساتێک، هەمدیس، دوچارمان دەبێتەوە؟ ئەگەر ئەم قسانەی قسەکەر بکەینە پێوەر، دەبێ بەدڵنیاییەوە بڵێین: کاکە سەرۆ خۆی ئامادە کردووە ببێتە کارئەکتەری کارەساتی دیکە. یاخوا واش نەبێ!!

دەربارەی لێدوانەکەی بەڕێز (مەلا محەمەد)یش، کەگوتویەتی: بەبێ ئامادەبونی مام جەلال، لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆنابنەوە. دەڵێین: کاکە مەلا مەحەمەد، یان پارتی، بەچ هەقێکی سیاسی هەموو دەسەڵاتێکی یەکێتی دەبەستنەوە بەتاڵەبانی. هەروا، بەچ لۆژیکێکەوە پارتی چارەسەرکردنی کێشەی چارەسەرنەکراوی سیاسی گەلەکەمان، تەنها بەسکرتێری یەکێتییەوە دەبەستنەوە ؟

حیزبێکی سیاسی، ناکرێ بڕیاری وا بدا. ئەمە بڕیارێکە لێکدانەوە زۆر هەڵدەگرێ. لەدونیای سیاسەتدا، دوو لایەنی بەرامبەر، بۆیان نییە پێش وەخت مەرج دابنێن لەگەڵ کێدا دادەنیشن و لەگەڵ کێدا دانانیشین.. یان ئەگەر فڵان کەس ئامادە نەبێ، کۆبونەوە هەر نەکرێ. لەپڕۆتوکۆلی گفتوگۆی دوو یان چەندین لایەنی سیاسیدا، هەروا هی دەوڵەتاندا، پێش وەخت پرۆژەو بەرنامەکان ساغ دەکرێنەوەو پاشان ئاستەکان بۆ ڕێکەوتن دیاری دەکرێن. نەک کەسەکان. بۆ نمونە:

سەرۆک لەگەڵ سەرۆک، وەزیر لەگەڵ وەزیر، مەکتەبی سیاسی لەگەڵ مەکتەبی سیاسی، رابەری حیزبێک لەگەڵ رابەری حیزبێکی دیکە. پارێزگار لەگەڵ پارێزگار.. تا د. نەک یان فڵان یان باقیمان ناوێ.

خۆ ئەگەر بشگوترێ بێ بڕواییەک لەناو دانیشتنەکان، یان لەئاکامی روداوەکان، لەناو پارتیو یەکێتیدا دروست بووە. ئەمەیان راستە. بەڵام بۆ هەردوولا وایە. هەردوولاش دەبێ ئەو بێ بڕواییە تێپەڕێنن. هەروەکو هەتائێستا وایان کردووە. خراپیشە بارێکی سایکۆلۆژی خراپتر، لەسەر کێشەیەک، لەپاشماوەی ئەم بێ بڕواییەوە، دروست بکرێتەوە. لەکاتێکدا دەکرێ دروست نەکرێ. ئەمە جگە لەوەی بێ بڕواییش لەحیزبێکەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازە. لەدوا سەرەنجامیش دا، لەناو کۆی رووداوەکاندا، دەکرێ بزانرێ چ لایەک هەقیەتی لەباری بیروباوەڕەوە متمانەی بە بەرامبەرەکەی کەم یان زۆر نەمابێ. بەڵام لەباری سیاسیو دیپلۆماسیەوە، زۆر جار پەیوەندیەکان هەر دەمێنێ، گەرچی بڕوا بەیەکیش نەمابێ، یان بیروباوەڕەکانیش زۆر لێک دوور بن. تەنانەت هەندێ جار دەوڵەتان لەناو خۆیاندا دەکەونە جەنگی خەتەرناکەوە، بەڵام پەیوەندی دیپلۆماسی ناپسێنن. یان کەناڵی پەیوەندی سیاسی لەڕێگەی سێهەمەوە دەهێڵنەوە.

هەلومەرجی هەستیاری گەلەکەمان، بەرگەی ئەم چەشنە بڕیارانە ناگرێو دژەکانیشمان لەسەر هەستی پەستی سیاسیدان بەرامبەرمان. بەهیوایین کاکە سەرۆ کارتە سورەکانی کەم دەربکاو بەئارەزووی خۆشی لەباتی پارتی بڕیار نەدا. بەڕێز مەلا مەحەمەدیش، یان هەر بەرپرسێکی دیش، بۆچونی مۆدێرنی سیاسی لەبەرامبەر کێشەکاندا بهێننە ئاراوە، نەک پێچەوانەکەی. چونکە ئەرکی هاوبەش لەنێوان هەردوولادا، زۆرن پێکەوە رایانبپەڕێنن.

بەهەمان چەشن، یەکێتیو بەرپرسانی یەکێتیش ئەرکی نەتەوەییو سیاسی سەرشانیانە، لەم هەلومەرجەدا کەشەڕی دەستوریو گێڕانەوەی کەرکوک و خانەقین و سڕینەوەی ئاسەواری تەعریب لەسەرشانی هەمواندایە، ئەمانیش ئەرکیانە هێمنتر بڕیار بدەن و ئەوپەڕی هەوڵبدەن، دۆخەکەو مەترسیەکانی، باشتریش لەجاران لەبەرچاو بگرن. چونکە، هەموو بڕیارێکی ئێستای پەیوەندیدار بەیەکێتیو پارتیەوە، نەک ئێستاو ئایندە، بەڵکو دەسکەوتەکانی لەمەوبەریشی پێوە بەستراوە.■

کورتیلە باس

تاڵەبانی.. سەرپەرشتی جێبەجێکردنی مادەی (٥٨) دەکات

□ ئاژانسی (ئاکی) ئیتاڵی، لەسەرچاوەکانی خۆیەوە زانیویەتی کە سەرۆکی عێراق، سەرپەرشتی جێبەجێکردنی مادەی (٥٨) لەشاری کەرکوکدا دەکا. ئەم هەواڵە بۆ بەڕێز تاڵەبانی، کە لەلایەن ئاژانسێکی ئیتاڵیەوە بایەخی پێدراوە، خۆی لەخۆیدا دەریدەخا گرنگیەکی زۆر زۆری هەیە.

تاڵەبانی.. ئەگەر لەم کارەداو لەو مانگەدا، کە بڕیاریداوە لەکەرکوکدا دەمێنێ، بتوانێ لایەنی کەم، کۆسپەکانی بەردەم ڕێگەی چارەسەرکردنی تەعریب کەم بکاتەوەو دڵنیاییەکی سیاسی لای تورکمان و کلدۆئاشوری و عەرەبی رەسەن، بخولقێنێ، ئەمە خۆی لەخۆیدا، سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە، کەگەورەیی سەرکەوتنەکە، سەبارەت بەم دۆخەی کوردستان، لەئاستی سەرکەوتنە مێژووییەکاندا دەبێ کە لەمێژووی گەلاندا، تۆمارکراوون.

بەبێ سڕینەوەی ئاسەواری تەعریب، لەم هەلومەرجەدا، هەموو سەرکەوتنە بەدەستهاتوەکانی کوردستان، هەڕەشەیان دەکەوێتەوەسەر. چونکە ناوچە تەعریب کراوەکان، جگە لەوەی بەشی زۆری ئابوری کوردستانیان پێوەبەستراوە، لەباری ئاسایشیشەوە، بۆ کوردستانی فیدراڵ، لەناو کێشمەکێشە سیاسیەکانی لەمەودوا، ئەگەری مەترسی زۆر دەخەنەسەر کوردستان. بەتایبەتی، لەناو ئەم هێزانەی عێراقدا، کە شیعەگەراو سونیگەرای دژە دیموکراتی تیایاندا، باڵادەستن.■

هاوکاری ئەمریکاو سوریا لەشەڕی رومادیدا

□ وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، رۆژی (٢٠٠٥/٥/١٢) رایگەیاند کەوا لەشەڕی دژەتیرۆری رومادیدا، سوکە هاوکارییەک لەگەڵ سوریادا، هەیە.

ئەم هەواڵە، ئەو هەواڵەمان بیردەخاتەوە کە لەکاتی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان، ئیستخباراتی ئێرانی لەژێرەوە هاوکاری ئەمریکایان کرد. بەڵام هەر لەژێریشەوە، هاوکاری چەکدارە هەڵهاتوەکانی تالیبان و القاعیدەشیان دەکرد. ئەمەش دەریدەخا کە ئەم جۆرە حکومەتانە، لەدواسەرەنجامدا، بەرژەوەندی خۆیان دەخەنە سەروی مەسەلە مەزهەبیو ناسیۆنالیستیەکان.

دڵنیاین سوریا، لەئێران زیاتر بەتەمایە لەئەمریکا بێتەپێشەوە. بەڵکو لەگەڵ ئیسرائیلیش. بەڵام سوریا، دووکێشەی هەن. یەکەمیان: کێشەی جۆلان (نەک کێشەی فەلەستین) دووەمیشیان: کێشەی ململانێ ناوخۆکان. ئەم دوو کێشەیە، لەسەر دەسەڵاتی دەستڕۆیشتوی سوریا، کاریگەرن. بۆیە، ناوێرێ لەوەزیاتر لەئەمریکا جارێ بچێتە پێشەوە. هەر لەبەرئەمەشە، هێشتا، لەژێرەوە لەگەڵ تیرۆریستاندا، بەشێکی کاربەدەستانی سوریا هاوکارن. بەشێکی دیکەشی، بەتایبەتی باڵی سەرۆک کۆماری سوریا، لەگەڵ نزیک کەوتنەوەن لەئەمریکا. لەم ڕێڕەوەشدا هەنگاوی هاوکارییان هەڵهێناوە. کە بێگومان، هەتا بەعسی سوریاو دەوڵەتی سوریا، کێشەی ناوخۆی خۆیان یەکالا نەکەنەوە، ناتوانن ستراتیژی سیاسیشیان لەناوچەکەداو لەگەڵ ئەمریکادا، باشتر ساغبکەنەوە.■

سوریا.. راگەیاندنی ئۆپۆزسیۆنی نوێ لەئەمریکادا

□ لەکاتێکدا سوریا کەوتۆتە ژێر فشارێکی هەمەلایەنەو لە لوبنان دا تێکشکا، هەروا بەعسی سوریا خەریکی سازدانی کۆنگرەو گوایە گۆڕانکارین، لەدەرەوەی وڵات، پەناهندەو رەوتەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، سەرگەرمی کۆبونەوەو دارشتنی بەرنامەی سیاسی نوێن.

لەواشینتۆندا، کۆمەڵەیەکی سیاسی بەناوی "التجمع من اجل سوریا" پێکەوە نراوە. ئەم کۆمەڵە سیاسییە، رایان گەیاندووە کەوا: سوریا دەبێ بکرێتە روبەری ئازادی تەواوی خەڵکی سوریا، دەشڵێن: خیانەتە چیکە بەرامبەر ئەرکە دیموکراتیەکانی سوریا بێدەنگ بین.

ئەم دۆخەی سوریا تیا دەژی، دۆخێکی لەگرێژنە دەرچووی سیاسییە. ئیتر شانۆی سیاسەت لەسوریادا، دەبێتە شایەتی نواندنی سیاسەتی دیکەو سەرهەڵدانی کارئەکتەری سیاسی جۆراوجۆر. هەمووشی دژی حکومەتی ئێستای سوریا سەنگەر دەگرن. ئەم راستیانەش، ئاماژەن بۆ سەرەتای گۆڕانکاری هەمەلایەنە لەناو سوریادا، کەچیتر حکومەتی بەعسی تاکڕەوی سوریا، ناتوانێ دۆخی سیاسی وڵاتەکە کۆنترۆڵ بکا. بەڵکو روداوەکان وا دەگەیەنن کەبەعسی حوکمڕان، نەتوانێ حیزبەکەی خۆیشی کۆنترۆڵ بکا. پێ دەچێ، بەم نزیکانە، ئاڵوگۆڕی گەورەتر لەم دەوڵەتەدا بەدی بێت، کەبێگومان ئەو ئاڵوگۆڕە، هاوئاهەنگی ئاڵوگۆڕەکانی جیهان و پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەن. کەهەمووشی بەئاراستەی دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵات، ئەنجام دەدرێ. وا دیارە، دوای عێراق، نۆرەی سوریایە!■

laparakan.qxd 5/15/2005 10:01 AM Page 2

ترس‌و شه‌رم‌و كاریگه‌ریی له‌سه‌ر ژنان

ئا: ئارام عوسمان

□ پێشه‌كی:

ژنان توێژێكی گرنگ‌و ڕۆڵی خۆیان هه‌یه له‌نێو كۆمه‌ڵگه‌دا و، ڕاسته‌وخۆ ژنان كاریگه‌ری خێزان‌و كلتورو ئاینیان له‌سه‌ره، ئه‌میش له‌كۆمه‌ڵگه‌یه‌كه‌وه بۆ یه‌كێكی تر جیاوازه، به‌ڵام نه‌ته‌وه‌ی كورد زیاتر ئه‌وه‌ی تێدا به‌دیده‌كرێت داب‌و نه‌ریت‌و ئه‌مانه فاكته‌ری سه‌ره‌كین بۆ دروستبوونی (ترس‌و شه‌رم) بۆیه ده‌كرێ ئێمه كار له‌سه‌ر ئه‌مه بكه‌ین له‌ڕێگه‌ی ده‌زگاكانی ڕاگه‌یاندن یاخود ڕێكخراوه‌ی ژنانه‌وه بۆئه‌وه‌ی تاڕاده‌یه‌ك ئه‌م (ترس‌و شه‌رم)ه له‌لای ژنان كه‌مبكرێته‌وه‌و دواتریش هه‌وڵ بۆ ئه‌وه بدرێت ئاستی وشیاری‌و ڕۆشنبیری ژنان گه‌شه‌ی پێبدرێت، ژنان گه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه له‌ژێر په‌روه‌رده‌یه‌كی تۆكمه‌و باشدا په‌روه‌رده بكرێن پێم وایه، ڕێڕه‌وی ژیان به‌شێوازێكی مۆدێرن گه‌شه‌ده‌كات.

پ/ سه‌باره‌ت به‌ترس‌و شه‌رم له‌سه‌ر ژنان‌و له‌هه‌مانكاتدا ئه‌و ترس‌و شه‌رمه نه‌بووه به‌به‌ربه‌ست له‌به‌رده‌م تواناكانی ژناندا؟

چنور ئیبراهیم عه‌بدوڵڵا/ خوێندكاری كۆلێژی ڕاگه‌یاندن:

بێگومان له‌زۆربه‌ی كۆمه‌ڵگه‌كاندا ترس‌و شه‌رم هه‌یه، به‌ڵام له‌كۆمه‌ڵگه‌یه‌كه‌وه بۆ یه‌كێكی تر جیاوازی هه‌یه، به‌پله‌ی یه‌كه‌م خێزان ترس‌و شه‌رم دروست ده‌كات، ئه‌گه‌ر خێزانێكی باشت هه‌بێت با

نه‌زاكه‌ت حسێن

كۆمه‌ڵگه‌كه‌یش داخراوبێت بڕواناكه‌م ئه‌و ترسه له‌لای تۆ به‌وشێوازه دروست بێت، ئه‌میش زۆرجار ژنان لای ئێمه ده‌یگه‌ڕێننه‌وه بۆ كۆمه‌ڵگه، به‌ڵام من ده‌یگه‌ڕێنمه‌وه بۆ خێزان، گه‌ر خێزانه‌كه‌م ئازادیم بۆ دروست نه‌كات ئه‌وا ناتوانم نه‌ترسم، كچان زیاتر ده‌سته‌مۆكراون له‌ماڵه‌وه له‌چاو كوڕاندا كوڕان ته‌واو ئازادن له‌ماڵه‌وه ئه‌كرێ ئه‌و ڕاستیه‌ش بزانین كچان هیچیان له‌وان كه‌متر نییه، له‌هه‌مانكاتدا هه‌سته‌كه‌ن كۆمه‌ڵێ شتیان لێقه‌ده‌غه‌كراوه، به‌ومانایه‌ی له‌توانای ئه‌واندا نییه ئه‌وان بۆیان ناكرێ، ده‌بێت هه‌ر له‌په‌راوێزدابن ئه‌مه بۆچی؟ له‌پێناوی چیدا؟

پ/ وه‌ك ئاماژه‌ت پێكرد خێزان ڕۆڵێكی خراپ ده‌بینێت له‌په‌روه‌رده‌كردنی ژناندا؟ ئایا چی بكرێت بۆئه‌وه‌ی هه‌ڵس‌وكه‌وتیان ئاسایی بێت له‌گه‌ڵ ژناندا؟

*من ئه‌ڵێم كۆمه‌ڵگه‌ی ئێمه زۆری ماوه بۆئه‌وه‌ی ئیش له‌سه‌ر ئه‌مه بكات، چونكه خێزانه‌كان خۆیان ده‌ورئه‌بینن له‌چۆنیه‌تی مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ ژناندا، له‌خێزانێكه‌وه بۆ یه‌كێكی تر جیاوازیی هه‌یه.

ده‌بێت ژنان ئازادبن‌و به‌ئازادی هه‌ڵس‌وكه‌وتیان له‌گه‌ڵدا بكرێ بۆئه‌وه‌ی به‌ئازادی كاره‌كانیان جێبه‌جێ بكه‌ن، توندوتیژییان به‌رامبه‌ر نه‌كرێت. چونكه گه‌ر وانه‌بێت به‌ربه‌ستێك له‌به‌رده‌م ژناندا دروست ده‌بێت‌و ناتوانن ئه‌رك‌و وه‌زیفه‌ی خۆیان ببینن، و هیوادارم ژنان خۆیان كارو فه‌رمانه‌كانی خۆیان جێبه‌جێ بكه‌ن بۆئه‌وه‌ی بگه‌ن به‌وه‌ی كه خۆیان ده‌یانه‌وێ‌و ده‌كرێ خێزان خۆی چاك بكات‌و دواتریش كۆمه‌ڵگه خۆی چاك بكات.

پ/ سه‌باره‌ت به‌ترس‌و شه‌رم له‌سه‌ر ژنان‌و له‌هه‌مانكاتدا ئه‌و ترس‌و شه‌رمه نه‌بووه به‌به‌ربه‌ست له‌به‌رده‌م تواناكانی ژناندا؟

نه‌زاكه‌ت حسین (سه‌رنوسه‌ری ڕۆژنامه‌ی ئاینده):
سه‌ره‌تا به‌خێرهاتنتان ده‌كه‌م بۆ ئه‌م

هۆكاری سه‌ره‌كی ئه‌م ترس‌و شه‌رمه ناتوانین بڵێین له‌ناخی مرۆڤه‌كاندا چێنراوه كاتێك له‌دایك ده‌بن، به‌ڵكو په‌روه‌رده‌ی ئه‌و كۆمه‌ڵگه‌یه ده‌ستنیشانی ئه‌كات‌و كۆمه‌ڵگه‌ی ئێمه ئافره‌تی شه‌رمنی ئه‌وێ، كه‌سێكی ناوێ بوێر بێت

به‌سه‌ركردنه‌وه‌یه‌و هیوادارم ڕۆژنامه‌كه‌تان به‌شێوازێكی باش باس له‌ئیشه‌كانی ژنان بكه‌ن‌و سه‌رجه‌م ڕۆژنامه‌كان بتوانن به‌شێوازێكی جدیانه‌كار له‌سه‌ر ماف‌و داواكانی ژنان بكه‌ن، وه‌ك ده‌بینین ئافره‌تان له‌زۆربه‌ی ناوه‌نده‌كانی ئیشدا له‌پاشه‌كشه‌كردندان، ده‌كرێ ته‌نها ڕۆژنامه‌كانی ژنان له‌سه‌ر كێشه‌كانی خۆیان نه‌دوێن، به‌ڵكو ڕۆژنامه ئازادو گشتیه‌كانیش قسه‌ی خۆیان هه‌بێت له‌سه‌ریان.

سه‌باره‌ت به‌و پرسیاره ئه‌وه‌نده‌ی من ئه‌یبینم مرۆڤ له‌سه‌ره‌تای ژیانیه‌وه تواناو تاقه‌یه‌كی باشی پێیه‌و پێویستی به‌ئیراده‌یه‌كی باشه تاوه‌كو تواناو تاقه‌كانی به‌ره‌وپێشه‌وه بباتو گه‌شه‌ی پێبدات، منداڵ هه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه ئه‌یه‌وێ له‌ڕێگه‌ی چاوه‌وه زانیاری له‌ده‌وروبه‌ر وه‌ربگرێت، یان ئه‌یه‌وێت ده‌ست بۆ شته‌كان ببات، ئه‌وه هه‌مووی ده‌لاله‌ت له‌بوونی تاقه‌و تواناكان ده‌كات. له‌م كۆمه‌ڵگه‌ی ئێمه‌دا ئه‌وه‌نده‌ی كه قسه‌ی له‌سه‌ر بكرێت ئێستا به‌شێوازێكی جدی‌و واقیعبینانه ژنان جۆرێك له‌پاشه‌كشه‌یان پێوه دیاره‌و بوێر نین‌و ناتوانن تاقه‌ی خۆیان بخاته‌گه‌ڕ له‌ناوه‌نده‌كاندا.

ترس‌و شه‌رم بۆخۆی دوو هۆكارن كه نه‌ك ته‌نها له‌ئافره‌تدا هه‌بێت، به‌ڵكو له‌لای پیاوانیش كاریگه‌ریی خۆی ده‌بێت له‌سه‌ر ژیانی.

بوونی هه‌ریه‌كه له‌م هۆكارانه ئاماژه‌یه بۆ بوونی ئه‌ویتریشیان ئه‌توانم بڵێم به‌پێچه‌وانه‌یشه‌وه كاتێك هه‌ریه‌كێك له‌م فاكته‌رانه ڕۆڵ‌و لایه‌نی نیگه‌تیڤی خۆی پیشانده‌دات له‌به‌رامبه‌ر ژناندا، ئه‌وا ژنان به‌ره‌و ئه‌وه‌ده‌بات سست‌و خاوبن له‌كارو جێبه‌جێكردنی فه‌رمانه‌كانیاندا. كاتێك ئێمه شه‌رم ده‌كه‌ین بۆچی‌و له‌به‌رچی؟ له‌به‌رئه‌وه‌ی ترسمان هه‌یه، بۆیه شه‌رم ده‌كه‌ین. هۆكاری سه‌ره‌كی ئه‌م ترس‌و شه‌رمه ناتوانین بڵێین له‌ناخی مرۆڤه‌كاندا چێنراوه كاتێك له‌دایك ده‌بن، به‌ڵكو په‌روه‌رده‌ی ئه‌و كۆمه‌ڵگه‌یه ده‌ستنیشانی ئه‌كات‌و كۆمه‌ڵگه‌ی ئێمه ئافره‌تی شه‌رمنی ئه‌وێ، كه‌سێكی ناوێ بوێر بێت. له‌لای ئێمه هه‌ر له‌منداڵیه‌وه كاڵایه‌كی شه‌رمنی ئه‌درێ به‌سه‌ر ئه‌و كچه‌دا والێئه‌كات تاوه‌كو به‌ره‌و قۆناغه‌كانی تری ژیانی بڕوات شه‌رمنی له‌لای ئه‌و گه‌وره‌تر ده‌بێت‌و هه‌ر ئه‌و شه‌رمه‌یش وایلێئه‌كات بترسێ، بۆچی خۆی به‌م شێوازه پیشان ده‌دات؟ بۆ ئه‌وه‌ی له‌لایه‌ن كۆمه‌ڵگه‌وه

كۆچه‌ر عوسمان

قبوڵ بكرێ، كاتێ ترس هاته به‌رده‌م هه‌ركه‌سێك ناتوانێ هه‌نگاوبنێ، ناتوانێ تواناكانی خۆی پێش بخات.

پ/ باست له‌وه‌كرد كۆمه‌ڵگه ئافره‌تی شه‌رمنی ئه‌وێ، ئایا ئه‌م هۆكاره بۆچی ده‌گه‌ڕێنیته‌وه؟

×هۆكاره‌كه به‌ده‌ره‌جه‌ی یه‌كه‌م ئه‌گه‌ڕێنمه‌وه بۆ په‌روه‌رده، چونكه هه‌ر له‌منداڵییه‌وه كچ شتێك ده‌كات تۆ سه‌ركوتی ده‌كه‌ی به‌وه‌ی ئه‌ڵێی دانیشه تۆ كچی نابێت ئه‌وه بكه‌یت، تۆوێك له‌ناخیدا ئه‌چێنی. په‌روه‌رده هۆكاری سه‌ره‌كییه بۆ پێگه‌یاندنی مرۆڤ به‌تایبه‌تی ئافره‌ت، ئێستا بواره‌كانی ژین چه‌ند پێویستی به‌پیاوه ئه‌وه‌نده‌ش پێویستی به‌ئافره‌ته ڕۆژبه ڕۆژ به‌گه‌ڕخستنی تواناكانی ئافره‌ت پێویسته. ئه‌توانم بڵێم سوودوه‌رگرتن له‌توانای ئافره‌ته‌كان بووه به‌مه‌سه‌له‌یه‌كی جیهانیی كار له‌سه‌رئه‌وه ده‌كرێ هه‌ر به‌ناوه‌نده سیاسی‌و بواره ڕۆشنبیرییه‌كانه‌وه ئافره‌تان زیاتر به‌كارده‌هێنرێت بۆ كاركردن. هۆكارێكی تر ده‌گه‌ڕێنمه‌وه بۆ ڕاگه‌یاندن، ئه‌وه‌ی له‌سه‌ر شه‌قام‌و بازاڕدا هه‌یه هه‌ر ئه‌وه‌یش نه‌قڵ بووه بۆ سه‌ر شاشه‌كانی ڕاگه‌یاندن، كاتێ فیلمی كوردی به‌رهه‌مده‌هێنن هه‌ر ئه‌و ئافره‌ته‌ی چۆن له‌ناو خێزاندا به‌ترس‌و شه‌رم گه‌وره‌ده‌بێت؟ هه‌ر به‌وشێوازه‌یش پیشان ده‌درێ له‌سه‌ر شاشه‌كان، ئه‌وه‌یش ڕه‌نگدانه‌وه‌ی تایبه‌تی خۆی هه‌یه‌و به‌ئافره‌ت ده‌ڵێ تۆ هه‌رده‌بێ بترسی‌و شه‌رم بكه‌ی ژیانی تۆ وابووه‌و ده‌بێت واش بێت.

له‌ڕاستیدا داب‌ونه‌ریته باوه‌كان، یان ئه‌و شتانه‌ی له‌نا كۆمه‌ڵگه‌دا وایكردووه ئافره‌ت به‌ره‌و پاشه‌كشه ببات، نمونه‌یه‌كی زیندوو له‌فیلمێكی كوردی ئێستا خێزان چی له‌ئافره‌ت داواده‌كات به‌هه‌مان شێوه ئه‌وه له‌فیلمه‌كه‌دا نمایش ده‌كات له‌لای ئێمه قسه‌یه‌ك باوه ده‌ڵێ كچێكم به‌دڵه‌ڕێگه‌ی بازاڕ نه‌زانێت، من ئه‌توانم بڵێم ڕۆژنامه‌و كه‌ناڵه‌كانی ڕاگه‌یاندن‌و

ڕێكخراوه‌كانیش خه‌مساردن له‌م كێشه‌یه‌دا، ڕاسته هه‌ندێ كاریان كردووه، به‌ڵام وه‌كو پێویست نه‌بووه، توانیویانه كۆمه‌ڵێ ژن بێننه ده‌ره‌وه، به‌ڵام نه‌یانتوانیووه به‌ربه‌سته‌كانی به‌رده‌م ژنان بڕه‌وێننه‌وه، ده‌كرێ قسه‌ی زیاتر له‌سه‌ر وشیاری ئافره‌تان بكرێ‌و كه‌مترین ئافره‌ت له‌نێو ڕۆژنامه‌و كه‌ناڵه‌كانی ڕاگه‌یاندندا كارده‌كه‌ن، ئه‌مه‌یش گرفته.

پ/ سه‌باره‌ت به‌ترس‌و شه‌رم له‌سه‌ر ژنان‌و له‌هه‌مانكاتدا ئه‌و ترس‌و شه‌رمه نه‌بووه به‌به‌ربه‌ست له‌به‌رده‌م تواناكانی ژناندا؟

شادان مه‌حمود (فه‌رمانبه‌ر)

به‌ڕای من وه‌ك تاكێك هه‌ندێ جار ئه‌م ڕایه بۆ زۆر كه‌سی تریش ڕاسته، ترس وشه‌یه‌كه پێناسه‌یه‌كی تایبه‌تی خۆی هه‌یه، شه‌رمیش به‌هه‌مان شێوه، به‌ڵام وه‌ك گشتگیریه‌ك هه‌ردوو وشه‌كه ئه‌و دوو سێبه‌ره ڕه‌شه‌ن كه هه‌میشه له‌سه‌ر ده‌م‌وچاوی مرۆڤه‌كانی ئه‌م كۆمه‌ڵگه‌یه‌ن‌و زۆر دیارن‌و ئه‌وه‌شی كه زۆر به‌ئاسانی پێوه دیاره‌و هه‌ستیپێده‌كه‌ن ژنان ئه‌گه‌ر بپرسین ژنان بۆ؟ وه‌ڵام ژنان ترس‌و شه‌رم له‌داب‌ونه‌ریت‌و كلتوری دواكه‌وتووی كۆمه‌ڵگه‌وه وه‌كو به‌حه‌یایی‌و سه‌لاریی‌و سه‌نگینیی كراونه‌ته تاكه ده‌ره‌جه بۆ وه‌سفی ژن‌و به‌دڵنیاییه‌وه ترس‌و شه‌رم هه‌ردووكیان چه‌ند كاریگه‌رییه‌كی تریش ڕاسته‌وخۆ ڕۆڵی خۆیانده‌بینن له‌ناو ژناندا.

پ/ ئایا ترس‌و شه‌رم هه‌بێت بۆ ژنان یان نا، پێشنیاری تۆ چییه؟

×به‌ڕای من بۆ پێشنیاری هه‌ردوو وشه‌كه، نه‌ك بۆ ژن بۆ پیاوانیش زۆرجار پێویستن، به‌ڵام نه‌ك هێنده كاریگه‌ری هه‌بێ كه كاربكاته سه‌ر كه‌سایه‌تی ئه‌و كه‌سه هه‌روه‌ك وتم ژن بێ یا پیاو كه ئه‌مه‌ش زیانی پێده‌گه‌یه‌نێ گه‌ر له‌ئاسایی زیاتر بوو، هیوادارم ژنان بتوانن له‌و سنوربه‌ندییه‌ی كه بۆی دانراوه، له‌لایه‌ن كلتورو داب‌ونه‌ریته‌وه ده‌رباز ببن، بۆیه ده‌كرێ ژنان وشیاربن له‌به‌رامبه‌ر ماف‌و داواكانمان‌و به‌ئامانجی ئه‌وه‌ی بتوانرێ سه‌رجه‌م خه‌ونه‌كانمان بهێنینه‌دی.

چیتر ناكرێ بترسین له‌به‌رامبه‌ر مافه‌كانماندا‌و كار بۆئه‌وه بكه‌ین شان به‌شانی پیاوان درێژه به‌ڕێره‌وی



نه‌رمین سه‌عدی

ئاسایی ژیانمان بده‌ین.

پ/ سه‌باره‌ت به‌ترس‌و شه‌رم له‌سه‌ر ژنان‌و له‌هه‌مانكاتدا ئه‌و ترس‌و شه‌رمه نه‌بووه به‌به‌ربه‌ست له‌به‌رده‌م تواناكانی ژناندا؟

نه‌رمین سه‌عدی ڕه‌زا (ڕاگه‌یاندنی یه‌كێتیی ژنانی كوردستان)

ئێمه گه‌ر بڕوانینه كۆمه‌ڵگه، بێگومان هه‌ست به‌گه‌وره‌ترین خاڵ ده‌كه‌ین له‌به‌رده‌م تواناكانی ژناندا كه ئه‌ویش (ترس‌و شه‌رم)ه، به‌ڵام وه‌ك تاكێكی كۆمه‌ڵ قسه‌بكه‌ین، گه‌ر له‌خۆمه‌وه ده‌ستپێبكه‌م، من هیچ ترس‌و شه‌رمێك نابینم كه بووبێته ڕێگر له‌به‌رده‌م كاره‌كانماندا، واته‌كاریگه‌ریی له‌سه‌رمن نییه‌و ئه‌توانم بڵێم من ئازادم، به‌ڵام گرفته‌كه ته‌نها من نیم، زۆرێك له‌ژنانی تر به‌ده‌ست ئه‌مه‌وه ده‌ناڵێنن، ئه‌میش هۆكارێكی پێشینه‌ی له‌پشته‌وه‌یه، چ خێزان یان كۆمه‌ڵگه یا هه‌رشتێكی تر بێت بوونه‌ته به‌ربه‌ست له‌به‌رده‌م كاره‌كانیدا.

پ/ ئایا پێشنیاری تۆ چییه بۆ ژنان‌و له‌كۆتاییدا ده‌ته‌وێ بڵێی چی؟

پێشنیاری ئه‌وه ده‌كه‌م، ژنان ئه‌گه‌رهه‌ر توانایه‌ك یاخود هه‌ركارێك بیانه‌وێ ئه‌نجامی بده‌ن پێویسته‌به‌جۆرێك بێت كه لادان نه‌بێ له‌كاره‌كه‌یدا. زۆربه‌ی ژنانی كۆمه‌ڵگه‌ی ئێمه خۆیان له‌ناخی خۆیاندا ئه‌وجۆره

زۆربه‌ی ژنان ده‌ترسن، چونكه كاریگه‌ری خه‌ڵك به‌سه‌ر ژنانه‌وه زۆره‌و به‌وردی له‌جموجۆڵی ئافره‌تان ده‌ڕوانن ناتوانن وه‌كو پێویست بگه‌ن به‌خواست‌و ویسته‌كانی خۆیان‌و هه‌میشه ئاسته‌نگ له‌به‌رده‌میاندا دروست ده‌كه‌ن

ترس‌و شه‌رمانه دروستده‌كه‌ن كه هه‌ندێجار له‌به‌ر تێڕوانینه هه‌ڵه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ی كوردییه. به‌مانایه‌كی تر كۆمه‌ڵگه به‌شێكی زۆری ترس دروست ده‌كات له‌سه‌ر ژنان، له‌لای ئێمه ترس‌و شه‌رم به‌رهه‌مده‌هێنرێت له‌لایه‌ن كۆمه‌ڵگه‌وه‌و دواتریش ده‌بێت ژن باجه‌كه‌ی بدات، ده‌كرێ هه‌وڵ بۆئه‌وه بدرێت ئاستی وشیاری ژنان به‌رزبكرێته‌وه به‌راده‌یه‌ك بۆئه‌وه‌ی به‌ئازادی هه‌ڵس‌وكه‌وت بكه‌ن‌و كاریگه‌ریی‌و جێپه‌نجه‌ستیان دیاربێت له‌ناو كۆمه‌ڵگه‌دا.

پ/ ترس‌و شه‌رم چ كاریگه‌ریه‌كی هه‌یه له‌سه‌ر ژنان‌و تا چه‌ند بووه به‌به‌ربه‌ست له‌به‌رده‌م تواناكانی ژناندا؟

كۆچه‌ر عوسمان (فه‌رمانبه‌ر)

سه‌ره‌تا به‌خێرهاتنی ڕۆژنامه‌كه‌تان ده‌كه‌م، هیوادارم بتوانن غه‌مه‌كانی ژنان، وه‌كو خۆیان بخه‌نه‌ڕوو، بۆئه‌وه‌ی ئه‌وكه‌م‌وكورتیانه‌ی هه‌یه چاره‌سه‌ر بكرێت، به‌ڵێ بێگومان كه‌م تا زۆر دیارده‌ی ترس‌و شه‌رم ڕۆڵێكی خراپ ده‌گێڕێ له‌ناو ئه‌م توێژه‌ی كۆمه‌ڵداو ڕه‌نگدانه‌وه‌ی خراپی دروستكردووه له‌سه‌ریان‌و بووه‌ته به‌ربه‌ست له‌به‌رده‌م تواناكانیاندا.

زۆربه‌ی ژنان ده‌ترسن، چونكه كاریگه‌ری خه‌ڵك به‌سه‌ر ژنانه‌وه زۆره‌و به‌وردی له‌جموجۆڵی ئافره‌تان ده‌ڕوانن ناتوانن وه‌كو پێویست بگه‌ن به‌خواست‌و ویسته‌كانی خۆیان‌و هه‌میشه ئاسته‌نگ له‌به‌رده‌میاندا دروست ده‌كه‌ن.

ژنان هه‌ر له‌سه‌ره‌تای ژیانیانه‌وه به‌ئێستاشه‌وه ترس ڕۆڵێكی خراپی له‌ژیانیاندا گێڕاوه، ئه‌كرێ بیشزانین ترس له‌چی؟

ترس له‌كلتورو ئاین‌و پیاوسالاری‌و ئه‌قڵیه‌تی دواكه‌وتووی كۆمه‌ڵگه‌كه‌مان، ئه‌مانیش ئه‌بنه به‌ربه‌ست له‌به‌رده‌م ژناندا، تاوه‌كو ئێستاش ژنان هه‌ڕه‌شه‌ی كوشتن‌و له‌ناوبردنیان له‌سه‌ره، بۆیه ده‌كرێ بڵێین هۆكاره‌كانیش زۆرن.

پ/ ئایا تاوه‌كو توندوتیژی هه‌بێت له‌دژی ئافره‌تان، زیاتر ترس‌و شه‌رم له‌سه‌ریان دروست نابێت؟

به‌ڵێ ڕاسته تا توندوتیژی هه‌بێت، ترس زۆر زیاتر ده‌بێت له‌ناو ژناندا، ئه‌میش هۆكاره ده‌كرێ چاره‌سه‌ر بكرێ‌و ڕێگه‌ی گونجاوی بۆ بگیرێته‌به‌ر، بۆئه‌وه ژنان چیتر نه‌بنه قوربانی خه‌ون‌و ئه‌قڵیه‌ته دواكه‌وتووه‌كانی خێڵ‌و عه‌شایه‌رگه‌ری، ئه‌مانه به‌پله‌ی یه‌كه‌م زه‌ره‌ر له‌ژنان ده‌ده‌ن نایانه‌وێ ئاڕاسته‌ی بیركردنه‌وه‌یان به‌وشێوه‌یه بێت كه خۆیان ده‌یانه‌وێ، واته ژنان ناكرێ چیتر ده‌سته‌وه‌ستان بوه‌ستن له‌به‌رده‌م هه‌رچ هه‌ڕه‌شه‌و توندوتیژییه‌كدا.

پ/ترس‌و شه‌رم كاریگه‌ریی چییه له‌سه‌ر ژنان‌و ئایا بووه‌ته به‌ربه‌ستێك له‌به‌رده‌م تواناكانیاندا؟

نیان عه‌لی (خوێندكار)

شادان مه‌حمود

زۆربه‌ی ژنان له‌لای ئێمه دوچاری شه‌رم بوون، گه‌ر بۆ چه‌ند ساتێكیش بێت، خه‌ڵكی ئه‌وه‌نده ئاستی وشیاریان به‌رز نییه تاوه‌كو كه‌شێكی ئازاد بۆ ژنان بڕه‌خسێت‌و كاره‌كانیان جێبه‌جێ بكه‌ن، له‌لای ئێمه هێنده گرفتمان زۆره، لێره ڕه‌نگه نه‌توانم باس له‌هه‌موویان بكه‌م، به‌ڵام نمونه‌یه‌كت ده‌ده‌مێ گه‌ر ژنێك به‌ته‌نها له‌شوێنێكی وه‌كو پاركی ئازادی یاخود باخی گشتیدا دابنیشێ، ئه‌وه‌نده كه‌سانی ده‌وروبه‌ری ته‌علیقی لێده‌ده‌ن به‌ده‌ورو پشتیا دێن وه‌ك ئه‌وه‌ی هیچیان نه‌بینیووه. ئه‌مانه چه‌ند گرفتێكن بوونه‌ته ڕێگر له‌به‌رده‌م ژناندا گه‌ر بیشترسین یاخود شه‌رم بكه‌ین له‌م كۆمه‌ڵگه‌دا ناهه‌قمان نییه، ئه‌وه كۆمه‌ڵگه‌كه‌مانه، لای ئێمه گه‌ر شه‌رمن نه‌بی خه‌ڵكی به‌پێچه‌وانه‌كه‌یه‌وه سه‌یرت ده‌كات‌و تێڕوانینی جیاوازو ته‌فسیراتی جۆراوجۆرت بۆده‌كه‌ن، یان كه‌سێك خۆشه‌ویستی هه‌بێت ئیتر ئه‌و كچه به‌كه‌سێكی ئاسایی سه‌یر ناكرێ‌و ئه‌مانه هه‌موویان گرفته له‌به‌رده‌م ژندا، به‌ڵام پێویستمان به‌وه‌یه چۆن كار له‌سه‌ر ئه‌م كه‌م‌وكورتیانه بكه‌ین، به‌شێوازێك چاره‌سه‌ری بۆ بدۆزینه‌وه بۆئه‌وه‌ی ژنانیش شان به‌شانی پیاوان به‌شداری بكه‌ن له‌سه‌رجه‌م كایه جیاجیاكانی كۆمه‌ڵگه‌كه‌ماندا، به‌ڵام گه‌ر كار بۆئه‌وه نه‌كرێ به‌بڕوای من ژنان تاوه‌كو بێت دووره‌په‌رێز ده‌بن له‌ژیان.

چنور ئیبراهیم

پ/ پێشنیارو داوات چییه بۆ ژنان‌و له‌كۆتاییدا ده‌ته‌وێ چی بڵێی؟

من پێشنیار ده‌كه‌م ڕێكخراوه‌كانی ژنان هه‌ستن به‌كردنه‌وه‌ی خولی به‌رده‌وام بۆ ژنان‌و له‌ڕێگه‌ی كه‌ناڵه‌كانی ڕاگه‌یاندنه‌وه ئاستی وشیارییان به‌ره‌وپێشه‌وه به‌رن، یاخود ڕێكخراوی ژنان جۆرێك له‌گفتوگۆ دروست بكات له‌گه‌ڵ كۆمه‌ڵگه‌دا بۆئه‌وه‌ی چیتر ئه‌وانه ڕێگر نه‌بن له‌به‌رده‌م ژناندا. له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌یشدا به‌شێك له‌ده‌سه‌ڵات‌و ئاین به‌شداره له‌و ترس‌و شه‌رمه‌ی كه به‌رهه‌می ده‌هێنێ، ئه‌مانه گرفتن، چۆن چاره‌سه‌ر بكرێن‌و لێیان بكۆڵرێته‌وه؟ بۆ ئه‌وه پێویستی به‌كاركردنه، ده‌كرێ هه‌ر له‌منداڵیه‌وه تاوه‌كو قوتابخانه‌و په‌یمانگه‌و زانكۆ به‌شێوازێك سیسته‌می په‌روه‌رده دابڕێژرێته‌وه له‌ئاست به‌ره‌وپێش چوونی ئاستی ڕۆشنبیریدا بێت بۆئه‌وه‌ی ئه‌و هۆكارانه‌ی به‌رده‌میان كه ترس‌و شه‌رمه نه‌مێنێ‌و ئیشی له‌سه‌ر بكرێ تاوه‌كو ژنان بێ ترس‌و شه‌رم بتوانن درێژه به‌ژیان بده‌ن.

ئه‌نجام:

ترس‌و شه‌رم دوو فاكته‌ری سه‌ره‌كین له‌كۆمه‌ڵگه‌دا، به‌تایبه‌تی لای ژنان. بۆیه پێویسته له‌سه‌ر، سه‌رجه‌م تاكه‌كانی كۆمه‌ڵگه به‌تایبه‌تی خێزان ڕۆڵێكی باش ببینن له‌ئاساییكردنه‌وه‌ی ژیاندا، و ئاماده‌كردنی ئه‌م ڕیپۆرتاژه ئاماژه‌یه‌كه به‌وه‌ی ترس‌و شه‌رم وه‌كو دیارده‌یه‌كی زه‌ق به‌دیده‌كرێ‌و ده‌كرێ هه‌وڵی جدی بخرێته‌گه‌ڕ بۆ لابردنی ئه‌و ته‌مه‌ی به‌شێكی زۆری ژنانی كوردی داپۆشیوه، ژنان خۆیان له‌دیدی خۆیانه‌وه ئاماژه بۆئه‌وه ده‌كه‌ن فاكته‌ری به‌رده‌م ئه‌وان زۆرن به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌یشدا بێ هیوا نین له‌ژیان.■

laparakan.qxd 5/15/2005 10:02 AM Page 3

کێشەی پەرلەمان لەدیدی بەرپرسانی حکومەتو کادیرانی یەکێتیەوە

- ئایندەی پەرلەمان چۆن ئەبینن؟
- هۆکارە نادیارەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم.. بەرای ئێوە چین..!! کە لەدوای چەندین دانیشتن نەگەیشتونەتە خاڵێکی ڕێککەوتن.
- یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەو پەرلەمان بەرای ئێوە ناگەڕێتەوە بۆ ناکۆکیو جیاوازی کەسایەتیەکانی هەردوو حزب بەهێندەی ئەوەی کە کێشەی ئیداریو حزبی نین؟

سازدانی / محەمەد ڕەزا

(دیداری یەکەم)

پێشەکی:
×هەرلەسەرەتای دولەتبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانو کارکردن لەکوردستانێکدا بەدوو ئیدارەی جیاواز، بەگشتی گەلی کوردمان لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان دڵگران بوونو بێهیوا مانەوە، دوای ئەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد دڵی دوژمنانیان تەقاندو دڵی دۆستەکانیشیان شاد کرد بەدەستخستنە ناودەستی یەکتریو وەلانانی کینەو بوغزو بەلەبەرچاوگرتنی مافە ڕەواو بنچینەییەکانی میللەتەکەمان بۆ ئایندەو زیاتر بیرکردنەوە لەخزمەتکردنی کوردستان بەگشتی، دوای سەرجەم کۆبونەوەو دانیشتنەکان، پرۆتۆکۆڵی تێکەڵکردنەوەی هەردوو ئیداراتی پارتیو یەکێتیی درا بەگوێی جەماوەری خەڵکی کوردستانداو خەڵکی بەشادییەوە دەیانڕوانیە مەسەلەی میللەتەکەمان، بەڵام گیروگرفت دروست بووە لەتێکەڵنەبونەوەی ئیدارەو پەرلەمان، کە ئەم جۆرە قسەیە لەناو خەڵکیدا بۆتە جێگەی پرسیارو سەرنجو تێبینی، ئێمە وەک هەفتەنامەی (چاودێر) بیروبۆچونی چەندین کەسایەتی سیاسیو دڵسۆز بەگەلو نیشتمانمان وەرگرت بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو گرێ کوێرانەی بونەتە فاکتەرێک بۆ ئەو مەبەستەو تێڕوانینیان لەسەر ئەو مەسەلەیە کە یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەیەو پەرلەمانی کوردستان، هەریەک لەو بەڕێزانەش بەم شێوەیەی لای خوارەوە، بیروبۆچونیان لەسەر ئەو مەسەلە گرنگو مێژوویە دەربڕی:

حاکم قادر (سەرۆکی شارەوانی سلێمانی):
دیارە مەسەلەی یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی سلێمانیو هەولێر، ماوەیەکی زۆرە قسەوباسی لەسەردەکرێت، کە چەندین کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی هەردوولای لەسەرکراوە، کە بەراستی ئەوە یەکێکە لەداخوازیو ویستی خەڵکی کوردستان، لەبەرئەوە یەکڕیزیو پێکەوەژیانی میللەتەکەمانو پێکهێنانی یەک ئیدارەی هاوبەشو تۆکمەو بەدەسەڵات مانای ئەوەیە دەسەڵاتی میللەتەکەمانو خەڵکی زیاد ئەکات، لەراستیشدا ئێمە هەموو قەرزاری شەهیدە سەربەرزەکانینو ئەم پلەوپایەو ئازادییەی کە هەیە لەسایەی خوێنی ئەوانو ماندوبونی خەباتو تێکۆشانی پێشمەرگەو بەرهەمی ماندوبونی سەرجەم چینو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارین، بۆیە پێویستە بەهەموولایەکمان هەوڵ بدەین بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە، دیارە پەرلەمانی کوردستانیش لایەنێکی هەڵبژێردراوی خەڵکییەو بەرزترین دەسەڵاتی (تشریعی)یە لەکوردستاندا، بۆئەوەی بتوانرێت لەرێگەیەوە دەسەڵاتەکان دیاری بکرێتو پاشان دەستورو یاسا دیاری بکرێت، بۆیە دەبێت بایەخێکی زۆر بەپەرلەمانی کوردستان بدرێت، کە ئەوە هەڵبژاردەی خەڵکی کوردستانە، کەواتە یەکنەگرتنەوەو ناکۆکی نێوان یەکێتییو پارتی دورە لەویستو ئارەزوی خەڵکی کوردستانەوە، ئەو کۆبونەوانەش کە ئەنجام ئەدرێت جێگەی دڵخۆشیە گەر بەرەوپێشەوە بڕوات، ڕەنگە هەندێک ناکۆکیش هەبێت کە ئەوە شتێکی ئاساییە، ئەوەی گرنگە دەبێت بەرژەوەندی میللەتەکەمان لەبەرچاوبگیرێتو هەوڵ بدرێت کۆبونەوەکان بەردەوام بن، کە خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکە بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان هەندێک لەبیروبۆچونە جیاوازەکان، داواکارین لەم قۆناغەی ئێستادا یەکڕیزیو یەکخستنەوەی دوو ئیدارەکە بەرەو کۆتایی ببەین، لەگەڵ ئەوەی هەنگاوێکی چارەنوسسازە، بەتایبەتی لەم کاتەدا عێراق لەقۆناغی دارشتنەوەی دەستوردایەو هەوڵ بدەین لەو دەستورەدا داخوازیەکانی داهاتوی گەلەکەمانی تیا بچەسپێنین، کە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە بۆ ئەم قۆناغەی ئێستامان.

سەلاح چاوشین:
×یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیداراتی یەکێتییو پارتی، نە کێشەی کەسایەتیو حزبییەو نە کێشەی ئیدارییە، بەڵکو کێشەی فکرو ململانێکردنی فکرە بۆتە هۆکاری (صراع)ی ئەم دوو حزبە، ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە، بەڵام پێویستە بۆ ڕەوینەوەی کێشەکان، ئەم دوو لایەنە بە(توافق) هەوڵ بدەن چارەسەری بکەن، بۆئەوەی خەباتی میللەتەکەمان بەهەدەر نەڕوات، ئاشکراشە لەجیهانی ئەمڕۆدا شێوەی ململانێ بۆتە باو و هەر هەبووە، لەنێوان ڕاو بۆچونە جیاجیاکاندا، بەڵام بەشێوەی (توافق)و لێک گەیشتن توانیویانە چارەسەری بکەن، لەوڵاتە پێشکەوتوەکانیشدا هەر لەئەمریکا تا دەگاتە ئینگلتراو شوێنەکانی تریش حزبو ڕێکخستنی هەمەجۆریان هەیە، لەئەنجامی هەڵبژاردندا هەرجارەو یەکێکیان دێتە سەرکارو ئەویتریان ئەبێت بە (معارضة)، بەڵام لەهەمانکاتیشدا حساب بۆ یەکتری ئەکەنو کارێکی وا ئەکەن هیچکامیان لەو حوکمڕانیە بێبەش نەبن، کەواتە ئەوەی لەکوردستانیشدا بەدیدەکرێتو هەیە (صراعی) فکرو ململانێیە، حزبەکانیش کە لەکوردستاندا هەن، هەریەک لەو حزبانە خۆی بەڕاست ئەزانێتو هەریەکەشیان جمهورو دیدو بۆچونی خۆیان هەیە، لەبەرئەوە کارێکی ئاساییە کە خلافاتو بیروبۆچون هەبێت لەسەر ئیدارەی حکومەت، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەم سەردەمەی ئێستادا بەتایبەتی بۆ ئێمەی گەلی کورد کە لەهەموو کەسێک زیاتر پابەند ین بە (توافق)کردنەوە لەگەڵ یەکتریداو تێگەیشتنێکی هاوبەشمان هەبێت لەسەر مەسەلە ڕەواکەی گەلەکەمان کە مەسەلەیەکی زۆر پیرۆز و گەورەیە، بۆئەوەی ڕێک بکەوینو بگەین بەئەنجامێکی باش، گەر بگەڕێینەوە بۆ لایەکی تری ناکۆکیەکان لەوانەیە زۆربەی زۆری دراوسێکان سوودیان لەوەدابێت ئێمەی کورد لەگەڵ یەکدا ڕێک نەبینو یەک دەنگ نەبین، بەتایبەتی لەهەلوێستدا لەسەر مەسەلەی میللەتەکەمان، بەپشتی خوا ئومێدی زۆر دەکەم بۆ لەمەودواش بگەینە ئەنجامی باشو بەیەک هەڵوێستی کوردانەو برایانە بتوانین خۆبەخۆ کێشەکانمان چارەسەر بکەین.

فەتاح زاخۆیی (وەزیری ڕۆشنبیری):
بەراستی یەکنەخستنەوەی ئیدارەی هەردوولا، زیاتر بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردایەتی سیاسی، بەدەقیقیش سەر شانی مەکتەبی سیاسی هەردوو حزب، بەراستی من پێم وانیە ئەگەر بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەهەردوو ئیدارەوە دەربچێت هیچ کەسێک چ لەتاکەکانیو چ لەمەکتەبی سیاسی یان خوارتر بتوانێت ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکات، من پێم وایە یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە لەبەرژەوەندی تایبەتی هەندێک لەو کەسایەتیانە نەبێت کە هەوڵی ئەوە ئەدەن ئەم وەزعە ئاوابێو بەردەوام بێ، پێویستە مەکتەبی سیاسی هەردوولا بڕیاری یەکلاکەرەوەیان هەبێت، ئەوەی جێگەی سەرنجە (یەکێتییو پارتی) لەگەڵ ژمارەیەک لەحزبە کوردستانیەکان یەک لیستی هاوبەشیان هەبوو بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، کە لیستێکی بەهێزبوو بەشێوەیەک بڕوای بەخۆی هەبوو پێی وابوو سەددەرسەدی کورسیەکانی پەرلەمان بەدەستدەهێنێت، کەنیسبەتەکان زۆر لەوە کەمترنین، کەواتە چۆن کورسیەکانی پەرلەمان بەپێی ئەو لیستە هاوبەشە دابەشکران، ئاواش دەبوو ڕێککەوتنی (قطعی) هەبوایە لەسەر یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەو تەشکیل کردنی ئیدارەی (موحد)، پاشان ئێمە لەنیوەی یەکەمی مانگی پێنجداینو لەکۆتایی مانگی (١)دا هەڵبژاردن ئەنجامدراوە بەراستی ئەم ماوەیە کەم نیە، دەبوایە کاراتر کار بکرایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەو موبەریرەی کە هەردوو هێزی سەرەکی لەبەغدا بونو لەوێ کاریان دەکرد، موبەریرێکی لاوازە، چونکە ئەمە دوو ئەرکی لاواز بوون، کارکردن لەئاست بەغداو لەئاستی کوردستان، دەبوایە هاوتەریب بونایەو پێکەوە ئەو کێشەو گرفتانەیان چارەسەر بکردایە، لەوەش سەیرتر ئەو لیستە هاوبەشە جگە لە دوو هێزی سەرەکی ژمارەیەک لەحزبی کوردستانی لەگەڵیان نین، بەڵام پێشم وایە باشترین چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە ئەوگفتوگۆیانەی بەرتەسکن لەنێوان هەردوو مەکتەبی سیاسیدا، بگوازرێتەوە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان، پەرلەمان با دانیشتنی خۆی بکات، چونکە سازنەکردنی یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمان بۆتە جێگەی نیگەرانی زۆربەی خەڵک، پاشان دوودڵییەکی زۆریش لەدەستکەوتەکانی بەغداش دروست بووە، هەربۆیە من پێم وایە مەفروزە پەرلەمان یەکەم دانیشتنی خۆی بکات، چونکە بۆ وتوێژکردن فراوانتر دەبێت، هەم لەئاست هەردوو هێزی سەرەکی کە ژمارەیەکی زۆرتر بەشداردەبن، هاوکات لەگەڵ لایەنەکانی تریشدا چ ئەوانەی لیستی هاوبەش چ ئەو لایەنانەی تر مەبەستم لەکۆمەڵی ئیسلامیو زەحمەتکێشانە، وەکو دوو هێز کە بونیان هەیە لەپەرلەمانی کوردستاندا، کە ئەتوانن ڕەئیو بۆچونی خۆیان بدەن، پێم وایە ئەوانە فاکتەری لێکنزیکبونەوە دەبنو کێشەکان ئاسانتر دەکەن.

شۆڕش ئیسماعیل (سەرۆکی دەزگای شەهیدان):
بەبڕوای من ئایندەی پەرلەمان ئایندەیەکی گەش دەبێت، چونکە یەکێتییو پارتی هەردووکیان باش دەزانن مەسەلەی میللەتەکەمان لەهەموو مەسەلەکانی تر گرنگترە، سەرکردایەتی سیاسی کورد هەموولایەکیان زۆر باش هەست بەو ڕاستیە دەکەن، کە ئەگەر پەرلەمان بەهێزو چالاک نەبێت یەکگرتوو نەبێت، ڕەنگدانەوەی زۆر خراپی ئەبێت، بۆ سەرجەم توێژە جیاجیاکانو دەزگا تەنفیزیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەبڕوای من خۆشبەختانە سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر لەو کێشانە گەورەترن کە هاتۆتەپێشەوەو من گەشبینم بەوەی پەرلەمان کۆبونەوەی خۆشی دەکاو جەنابی مام جەلالیش دێتەوە بۆ سازدانی ئەو کۆبونەوەیەی پەرلەمانو کێشەکانیش لەئایندەیەکی نزیکدا کۆتاییان دێتو چارەسەردەکرێن، کە خۆی لەخۆیدا دەبێتە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ میللەتەکەمان، وە ئایندەی پەرلەمان زۆر گەش ئەبێت بەبڕوای من، کارا ئەبێت لەسەر هەموو بەرنامەکانی ئایندەی کوردستانیش جێپەنجەی دیارئەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانو بەرەوپێشبردنی ژیانی خەڵکیش، پاشان لەسەر ئەو گرێکوێرانەی سەبارەت بەیەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە هەیە بەوشێوەیە ئاڵۆز نیە کە باسی لێوەدەکرێت، لەم دواییانەداو لەدانیشتنەکانی مەکتەبی سیاسی یەکێتییو پارتیدا زۆربەی کێشەکان چارەسەرکراون، کە ئاواتی سەرجەم خەڵکی کوردستانە ئەم دوو پارچەییە نەمێنێتو یەک حکومەتی هاوبەشمان هەبێت، بۆ ئێستاشمان وا باشە لەژێر سێبەری چەتری یەک حکومەتدا هەموان بەتێکڕا کۆببینەوە، نەک دووپارچەییو دوو حکومەتی، من ئەڵێم بۆ ئێستاشمان هیچ بیانویەک نەماوە کە میللەتەکەمان دوو حکومەتی هەبێت، پاشان دامەزراوەی جیای هەبێتو بۆ هەرکارێک دوو وەزیری هەبێو دوو سەرۆکی حکومەتو.. هتد، میللەت بەگشتی لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان داوای حومەتێکی یەکگرتوو ئەکەن کە بتوانێ خزمەتی فراوان پێشکەش بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکات.

ئاسۆ عەلی (لێپرسراوی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی):
بەدڵنیاییەوە یەکنەگرتنەوەی دوو بەشەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەڕێتەوە بۆ ڕوانینە جیاوازەکان، کە لەبەرژەوەندییە تایبەتیەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بەرای من ئەو بەرژەوەندیانە بەبەرژوەندی شەخسیان ئەبینم، زیاتر بەرژەوەندی دنیابینیو هەڵسەنگاندن بۆ واقعی گەشەکردنی وڵاتەکەمانو مامەڵەکردن لەگەڵ گەشەکردنی دیموکراسیدا لێکی ئەدەمەوە، کە دیموکراسیەت پرۆسەیەکە بە (مروری زەمەن)گەشەئەکاتو ڕەگ دائەکوتێت، پاشان گۆڕانکاری بەسەر کۆمەڵدا ئەهێنێو ئەو گۆڕانکارییانەش حەتمەن لەناو کۆمەڵگەدا ژمارەیەک لەپشتیوانو توێژو دەستەو چین هەن، بەرژەوەندی خۆیانی تیا ئەبیننەوە بەرانبەر بەوەش کەسانو دەستەو چینو توێژ هەن لەگەشەکردنی دیموکراسیدا ڕوانینی جیاوازیان هەیە، هەندێک جار مەترسیەک بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی خۆیانو داهاتوی خۆیانی تەماشائەکەن، ئەوە بەو ڕوانگەیە ناڵێم کە لایەکی پێ (تۆمەت بار) بکەم،و لایەکی لێ دەرباز بکەم، کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتوو دابڕاوبووە لەرەوتی گەشەکردنی دیموکراسی، پاشان ئەو ماوەیەش کە دەسەڵاتی ڕژێمی لەناوچوی بەعسمان لەسەرلاچووە، چەندین گیروگرفتو شەڕی ناوخۆو نەهامەتی ترمان بەسەردا هاتووە، کە نەمانتوانیوە بنەما بنەڕەتیەکانی دیموکراسی بەشێوەیەکی گونجاوو هێمنو لەسەرخۆو چەسپاو دابمەزرێنینو دابڕێژین، ئەوە حاڵەتێکی دروستکردووە کە گەڕانەوە بۆ (انتما) بچوکەکانو بەرژەوەندییە تەسکەکان.. هێشتا پێوەری کارپێکردنە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا، پەنابردنەوە بۆ بەر حزبو عەشیرەتو شارو گەڕەکو گوندەکان.. بۆتە فاکتەرێک کە کورد لەبەردەم مەترسیەکاندا.. بۆتە بەشێک لەسایکۆلۆژیەتی میللەتەکەی ئێمە، تا دڵنیاییو ترس لەداهاتودا لەو هۆکارانەیە کە ئێمە هێشتا (موئەسسات)ی بنەماو نەریتی دیموکراسی ڕاستەقینەمان دانەڕشتووە، بۆیە نادڵنیاییەک هەیە لەمامەڵەکردنی نێوان لایەنە سیاسیەکاندا بۆ بەرزترین ئاستیش ئەوەوایکردووە کە دوودڵیو نیگەرانیو ترس لەبەرژەوەندیەکان بۆتە ڕێگر لەبەردەم یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەو پەرلەمانیش.

پێشڕەو ئەحمەد (سەرنوسەری سلێمانی نوێ)
مەسەلەی پەرلەمانی کوردستان بەم دواییە بەبۆنەی هەڵبژاردنەوەی سەرلەنوێیەوە، وەک بابەتێکی گرنگ لەسەر ڕۆژنامەنوسی بوژایەوە، زۆرمان پێخۆش ئەبێت ئەگەر ئەو هەنگاوە بەرەوپێش بچێت، چونکە لەهەر دەسەڵاتێکدا ئەگەر لەپشت دەسەڵاتەکەوە دەسەڵاتێکی (تشریعی) یاسادانان نەبێت ئەوا بارەکەی لەق دەبێو بەوشێوەیە ناکەوێتەوە کە قورسایی دەسەڵاتو بڕیارەکان وەکو خۆیان بن، پێشم وایە پەرلەمانی کوردستان هەر ئەبێت کۆبونەوەی خۆی بکات، کۆبونەوەکان چارەسەری چەند مەسەلەیەک دەکات لەمەکتەبی سیاسی هەردوولادا، بەڵام گرنگترین فاکتەر ئەوەیە کە ئێمە ئەوەندەی ئەتوانین وەکو دوو حزبە سیاسیە دەسەڵاتدارەکەو لەگەڵ حزبەکانی تردا تا چەند ئەتوانین توانای بڕیاردانو یاسادانان بدەینە دەست نوێنەرەکانمان لەناو پەرلەمانی کوردستاندا، یان تا چەند پەرلەمانی کوردستان ئەتوانێت بەیەکگرتویی ئەو قورساییەی خۆی فەرز بکات بەسەر دەسەڵاتی حزبەکان لەدەرەوە.■

ئاسۆ عەلی:
ئەوە حاڵەتێکی دروستکردووە کە گەڕانەوە بۆ (انتما) بچوکەکانو بەرژەوەندییە تەسکەکان.. هێشتا پێوەری کارپێکردنە لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا

شۆڕش ئیسماعیل:
ئەو گرێکوێرانەی سەبارەت بەیەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە هەیە بەوشێوەیە ئاڵۆز نیە کە باسی لێوەدەکرێت



سەلاح چاوشین:
لەوانەیە زۆربەی زۆری دراوسێکان سوودیان لەوەدابێت ئێمەی کورد لەگەڵ یەکدا ڕێک نەبینو یەک دەنگ نەبین

حاکم قادر:
یەکنەگرتنەوەو ناکۆکی نێوان یەکێتییو پارتی دورە لەویستو ئارەزوی خەڵکی کوردستانەوە

فەتاح زاخۆیی:
سازنەکردنی یەکەم کۆبونەوەی پەرلەمان بۆتە جێگەی نیگەرانی زۆربەی خەڵک، پاشان دوودڵییەکی زۆریش لەدەستکەوتەکانی بەغداش دروست بووە



پێشڕەو ئەحمەد:
پەرلەمانی کوردستان هەر ئەبێت کۆبونەوەی خۆی بکات، کۆبونەوەکان چارەسەری چەند مەسەلەیەک دەکات لەمەکتەبی سیاسی هەردوولادا

laparakan.qxd 5/15/2005 10:02 AM Page 4

وتوێژ لەگەڵ دوکتۆر داود هرمیداس باوەند، مامۆستای زانکۆ

دابەش کردنی دەسەڵات لەعێراقدا بەردەوام دەبێت

و: حەمید محەمەد (حامد مرادی)

ئەڵبەت دەبێت ئەو کەسایەتییانە کەلەم قۆناغەدا خاوەنی بەرپرسیارێتیو ڕۆڵی گرنگن بەهەموو هێزو توانای خۆیان هەوڵ بدەن کە کارامە بن و ئاسەواری پۆزەتیڤ و کاریگەریان لەمەر خەڵکی عێراق بەگشتیو دراوسێکانی ئەم وڵاتە بەتایبەتی هەبێت

□ بەئاشکرابوونی پێکهاتەی باڵا دەست لە دەستەی سەرۆک کۆماریو سەرەک وەزیرانی عێراق ڕەوتی دابەش کردنی دەسەڵات لەم قۆناغەشدا بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانەو بێ شەڕو پێکدادان لەنێوان گروپە نەتەوەییو ئاینزاکانی ئەم وڵاتە بەڕێوەچوو، بەبروای ئێوە، ئایا ئەم ڕەوتە هەروا بەردەوام دەبێت؟

د. باوەند: بەبروای من، بەلەبەرچاو گرتنی ئەو پێکهاتە نەتەوەیی/ ئاینزایەی کەبەسەر عێراقدا زاڵە، ئەم شێوازە دەتوانێت باشترین وەڵامدەر بێت. واش چاوەڕوان دەکرێت کەئەم وەزعیەتە درێژەی هەبێت، ئەڵبەت دەبێت ئەو کەسایەتییانە کە لەم قۆناغەدا خاوەنی بەرپرسیارێتیو ڕۆڵی گرنگن بەهەموو هێزو توانای خۆیان هەوڵ بدەن کە کارامە بن و ئاسەواری پۆزەتیڤ و کاریگەریان لەمەر خەڵکی عێراق بەگشتیو دراوسێکانی ئەم وڵاتە بەتایبەتی هەبێت، کەوابوو ئەم چەشنە هەڵبژاردن و دابەشکردنەی دەسەڵات لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی/ سیاسی عێراقدا تەواو تەبایەو بەردەوامیش دەبێت.

- هەندێک لەپسپۆڕانی سیاسی لەسەر ئەو بروایەن کەدابەشکردنی دەسەڵات لەم قۆناغە، دەتوانێت هەر لەئێستاوە پیشاندەری ئەو شێوە فیدراڵیزم و پێکهاتەیەی دەسەڵات بێت کەبریار وایە لە نیزامی سیاسی داهاتووی عێراقدا بگونجێت، واتە هەر لەئێستاوە دەتوانین سیمای نیزامی سیاسی داهاتووی عێراق کەپاش ئەم قۆناغە سەقامگیر دەبێت دەست نیشان بکەین. ڕای ئێوە لەم بیاڤەدا چییە؟

د. باوەند: نیزامی فیدراڵی باشترین پارادایمە کەلەگەڵ واقعیەتی سیاسیو کۆمەڵایەتی عێراق تەبایی و سازگاری هەیەو لەیەکەمین گەڵاڵەی یاسای بنەڕەتی عێراقیشدا پێشبینی ئەم سیستمە کرابوو، بەڵام لەڕێکەوتننامەی شورای تەناهی ئاماژەی پێ نەکرابوو. ئێستا پاش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و ئاشکرابوونی ڕێژەی بەشداری گروپە نەتەوەیی و ئاینزاکان لەپەرلەمانی نەتەوەییدا، فیدراڵی بوونی نیزامی سیاسی ئەم وڵاتە تارادەیەک مسۆگەر بووە و لەڕاستیدا تەنها ئەم شێوازە لە دیموکراسیە دەتوانێت وەڵامدەری فرە نەتەوەیی و فرە ئایینزایی وڵاتی عێراق بێت.

- ئایا پاش سەقامگیر بوونی نیزامی سیاسی ئەم وڵاتە، دیسان هەر دەبێت چاوەڕوانی دابەشکردنی دەسەڵات بین، چەشنی ئەم دابەشکردنە کەهەنوکە کراوە یان نیزامی داهاتوو تایبەتمەندگەلێکی دیکەی دەبێت؟

د. باوەند: هەروەک پێشتر هێمام پێکرد، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە ئەم دابەشکردنە بەردەوام بێت، بەڵام دیسان گەرەنتیەک نییە کەچاوخشاندنەوەو پێداچوونەوە بەسەر ئەم چەشنە دابەشکردنەی دەسەڵاتدا نەکرێت و ئاڵوگۆری بەسەردا نەیەت، بەڵام ئەگەر هەروا بکرێت کەمتمانەی پێویست لە نێو گروپە جیاوازەکان رابەری بێت و نیگەرانیەکانیان برەوێتەوە و ئەم سیستمە نوێیە ببێتە کلتورێک بۆ ئەوان، دەتوانین چاوەڕوانی ئەوە بکەین کەلەبارودۆخێکی لەبارترو جدی تر چاوخشاندنەوەی پۆزەتیڤی بەسەردا بکرێت و ئەو یاسا بنەڕەتیەی کەهەنوکە لەعێراقدا سەرقاڵی دارشتن و کۆکردنەوەین چەشنی یاسای بنەڕەتی وڵاتانی دیکە ببنە پاڵنەرێک بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لەوەزعیەتی هەنوکەیی وڵاتدا.

- بەرای ئێوە، ئەو کۆسپ و بەربەستانەی کەبوونەتە ڕێگر لەبەردەم سەقامگیربوونی نیزامێکی سیاسی لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی لەعێراقدا چین؟



د. باوەند: تاکو ئێستاش هەندێک کۆسپ هەن، هەندێک لە هاوڵاتیانی سەر بە ئاینزای سوننی، تاکو ئێستاش نایانەوێت و یان ئامادەگی خۆگونجاندنیان لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکاندا نییەو گومانی ئەوە دەکرێ کە ڕەنگە بەشێوەیەک لەشێوەکان بیانەوێت گێرە شێوێنی بکەن و پێش بەسەقامگیربوونی ئەم ڕەوتە بگرن، ئەڵبەتە هەر ئەم چەشنە دژایەتیانەیە کەبونەتە هۆی پێکهێنانی لایەنێک لەلایەنەکانی توندو تیژی لەعێراقدا. بەڵام دیسان دەتوانین هیوادار بین کە بەتێپەڕبوونی کات و ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو کلتورو پێکهاتەیەی کەتوانایی سەپاندنی ئارامی و بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی ئەرکە سیاسیەکانیان بەشێوەیەکی کارامەو کاریگەر هەیە ببێتە هۆی کەم کردنەوەی ئەو پەرۆشی و نیگەرانیەی کەهەنوکە لەئارادایە. ئەم قۆناغە دەتوانێت تاقیکارییەک بێت بۆ هەموو گروپە جیاوازەکان، بۆ شیعەکان کەزۆرایەتین، بەڵام بەداخەوە هەر لەسەردەمی عوسمانیەکانەوە تاکو ئێستا بەهاوڵاتی پلە دوو دەژمێردران، بەڵام ئەوڕۆکە بەشداریکردنیان لەدەسەڵاتدا دەتوانێت ئەزموونێکی نوێ بێت. بۆ کوردەکان کەسەرەرای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتەکانی ڕابردووەوە چەندین جار بەڵێنی بەشداریکردنیان لەدەسەڵاتدا پێدرابوو، بەڵام هیچ کات بەشێوەیەکی کردەوەیی نەبوو، بەڵام هەنوکە وەزعیەتێکی تایبەتی هاتۆتە ئاراوە واتە لەلایەک دەتوانن ئەو ئۆتۆنۆمییەی کەنزیک بە سیانزە ساڵە بەدەستیان هێناوەو دەرەنجامی باشیشی هەبووە بپارێزن و لەلایەکی دیکەشەوە وەزعیەتێکی گونجاو، کاریگەرو بەرچاویان هەبێت لەنێو کۆمەڵی عێراق و سیستمی سیاسی داهاتووی وڵاتدا.

- هەڵبژاردنی کوردێک وەکو سەرۆک کۆماری عێراق بۆ یەکەمین جار لەمێژووی سیاسی عێراقدا دەتوانێت دەرخەری چ ئاڵوگۆرو گۆڕانکارییەک بێت لەعێراق و ناوچەکەدا؟

د. باوەند: لەقۆناغی یەکەمدا گەرەنتییە بۆ پاراستنی یەکگرتوویی خاکی عێراق، لەبەرئەوەی ئەوانەی پێشتر لەهێنانە بەر باسی نیزامی فیدراڵی نیگەران بوون و پێیان وابوو کەئەمە سەرەتایەکە بۆ جیابوونەوەو سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام بەسەرنجدان بەهەڵبژاردنی ئاغای (تاڵەبانی) بەسەرۆک کۆماری دەتوانین بڵێین کە کوردەکان خوازیاری پاراستنی یەکێتی خاکی عێراقن. بەڵام لەبواری دابەشکردنی دەسەڵات بەواتای نوێ، پێکهاتەی فیدراڵی یان ئەو قازانج و بەرژەوەندیانەی کەهەمووکات لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بەشێوەیەکی نابەرامبەرو ناداوەرانە کەڵکی لێوەرگیراوە ناکۆکیو دژایەتی هەیە، کەوابوو سیستمی نوێ دەبێتە هۆی پێکهێنانی پەرۆشیو نیگەرانی لەم چەشنەو دەبێت داهاتی چاوگە نەوتییەکان بگرێتەوە، کەوابوو ڕەوتی دابەشکردنی دەسەڵات لەعێراقدا بەم شێوازە هەنوکەییە هەڵگری هیچ چەشنە دڵەخورپەو نیگەرانییەک نییە. لەبەرئەوەی کە ئەم ڕەوتە لەسەر بنەمای بەشداریو ڕێککەوتن پێکهاتووە.

- ئایا بەدەست هێنانی پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق لەلایەن کوردەکانی ئەم وڵاتەوە کەبەشێوەیەکی ئاشتیخوازانەو دیموکراتیانە بووە کاریگەری لەمەر ئاستی ویستو خواستی کوردەکانی نیشتەجێی وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەبێت؟

د. باوەند: هەڵبەتە، ئەم قۆناغە قۆناغی تاقیکارییە، کوردەکانی باکوری عێراق ئاگایان لەپەرۆشیو دڵەخورپەی هەندێک لەوڵاتانی دراوسێی خۆیان هەیە، هەربۆیە هەوڵ دەدەن کەوەزعیەتی هەنوکەیی سەقامگیر بێت. لەبیرمانە کەهەندێک لەسیاسەت ڤانان چەشنی (ئیلچی بیک) هەر لەسەرەتای سەربەخۆیی کۆماری کرچوکاڵی ئازەربایجانەوە دروشمی ڕزگاری برا ئازەریەکانی لەژێر دەسەڵاتی فارس و هتد هێنایە بەرباس. ئەوەش لەحاڵێکدایە کەسیاسەت ڤانانی بەئەزموون لەهەوڵی سەقامگیرکردنی وەزعیەتی شیاوی نوێدان و کێشەکانی دیکە لەقۆناغی دوایدا دێن. کەوابوو ڕێبەرانی کوردستانی عێراق باش ئاگادارن کەدراوسێکانیان چەندە بەپەرۆشن. تەنانەت لە هەلومەرجێکدا داوای ئیدارەکردنی باکوری عێراقی بەشێوەیەکی هاوبەش دەکرد کەلەوێدا دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی هەبێت.

بەڵام بارودۆخێکی نوێ هاتە ئاراوە کەلەوێدا بەهۆی گۆڕانکاری لەپەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو ئەمریکاو هاریکاری کوردەکان لەگەڵ ئەمریکا وەزعیەتێکی نوێی بۆ تورکەکان هێناوەتە ئاراوە. تارادەیەک پێداچوونەوەیان بەسەر ڕوانگەی خۆیان لەمەر عێراقدا کرد، بەڵام دیسانەوە هەر نیگەران و بەپەرۆشن. لەلایەکی دیکەشەوە دراوسێکانی عێراق و بەتایبەتی عەرەبە سوننەکانی نێو وڵات دەبێت لەگەڵ ئەم وەزعیەتە نوێیە ڕابێن. ئاشنایەتی دراوسێکانی عێراق لەگەڵ پارادایمی نوێ واتە فیدراڵیزم لەم وڵاتەدا بوەتە هۆی ئەوەی کەبەرەبەرە نیگەرانیەکانیان برەوێتەوە. بێ شک پێکهاتنی ئەم وەزعییەتە لەنێو کوردەکانی دیکەی وڵاتانی دراوسێی عێراقدا ڕەنگدانەوەی دەبێت. بەڵام ئەم بابەتە بەستراوەتەوە بەوەی کەئەم پێکهاتەیە سەقامگیر بێت و بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە درێژەی هەبێت و نەبێتە هۆی شەڕو پێکدادانی نێوخۆیی. هەروەها ئەو یاسا بنەڕەتیەی کەلەداهاتودا کۆدەکرێتەوەو پەسەند دەکرێ بەبێ هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک بەڕێوەببردرێت و هتد.

هەموو ئەمانە بابەتگەلێکن کەبەستراونەتەوە بەداهاتوویەکی نزیک و پێویستیان بەتێپەڕینی کات هەیە کەسەرنجی هەمووکەس ڕابکێشێت و دەرخەری ئەو ڕاستیە بێت کە ئەم سیستمە نوێیە جێگەی نیگەرانی و دڵەخورپە نییەو ئەو وڵاتانەی کەفرە نەتەوەیین، دەتوانن بەرێوەی ببەن. بەخۆشییەوە ڕێبەرانی کوردی عێراقیش ئەوەندە بەئەزموونن کەلەفیکری سەقامگیرکردنی وەزعیەتی نوێدان. بەڵام سەرەرای ئەمانەش پێکهاتنی ئەم وەزعیەتە دەبێتە هۆی ڕەنگدانەوەی لەدەرەوەی سنورەکان.

- لەوەی کەلەم دیمانەیە بەشداریت کرد، سوپاست دەکەم.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ڕۆژهەڵات، ژمارە (٢٩)■

کامیار حسامی

کۆمارو ئەتۆم

□ هەفتەی رابردوو لێوانلێو بوو لەچەندین هەواڵی نوێو ڕووداوی نوێ لەمێژووی ئێرانی ئیسلامیدا: کاندیداکانی سەرۆک کۆماریی دەستیانکرد بەناونوسکردنی خۆیان لەوەزارەتی ناوخۆی ئەو وڵاتە، ڕاگەیاندنی بڕیاری کۆتایی ئێران دەربارەی دووبارە دەستپێکردنەوەی پەرەپێدانی چەکە ئەتۆمیەکانی لەڕێگەی پەروەردەی یۆرانیۆمەوە، هەڕەشەو هۆشداری توندی ئامریکاو هەرسێ وڵاتە سەرەکیەکەی نێو یەکێتی ئۆروپا، هەروەها مانگرتنی ژمارەیەکی زۆری خوێندکارانی زانکۆکان وەک گلەییکردن لەهەلومەرجی وڵات و دانانی ئێران وەک یەکێک لەو وڵاتانەی کە ئازادی بەیان و ئازادی مومارەسەی دینی تێدا بەهیچ شێوەیەک لەئارادا نییەو هەموو شتێک بەزۆر بەسەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا دەسەپێنرێت..

ئەمانە کورتەی ئەو ڕوداوانەبوون کە لەم هەفتەیەی ڕابردوودا ئێرانی پێدا تێپەڕ دەبێت، بەشێوەیەک لەشێوەکان ئەم بڕیارو شێوازی فەرمانڕەواییەی ئێران کاریگەری سلبیو خراپی لەسەر ناوچەکە بەگشتیو لەکوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی دەبێت، کاندیداکانی سەرۆکایەتی ئێران هەریەکەو بەجۆرێک هەوڵی وەدەستخستنی زۆرترین متمانەو دەنگی هاووڵاتیانی ئەو کیشوەرە دەدەن، دیارترینی ئەو کەسانەی کە بەناوی ریفۆرمخوازانەوە لەکوردستانی ڕۆژهەڵات بەنیازی کۆکردنەوەی دەنگو

ڕاکێشانی متمانەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەیە، بریتی دەبێت (د. موستەفا موعین)، کەسایەتیەکی دیارو ویستراوی نێو ریفۆرمخوازەکانە، لەنۆهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا لەلایەن ریفۆرمخوازانەوە بەتوندی پشتیوانی لێدەکرێت، کورتەی بیروبۆچوونەکانی، پێیوایە تەنها ڕێگەچارە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکانی ئێران مەسەلەی کارکردی زانستیانەو بەرخوردی زانستیانەیە لەگەڵ شتەکان، کەئەمەش بۆخۆی جۆرێک لەعەلمانیەت و سەربەخۆیی لەدین دەوڵەتی نیشان دەدات. لەئێستادا کە مەسەلەی چەکە ئەتۆمیەکانی ئێران تەنگی پێ هەڵچنراوە و کۆدەنگیەکی بێ وێنە لەسەرانسەری جیهاندا لەبەرامبەر ئەم کارە دروستبووە، ڕەنگە ئەرکی سەرۆک کۆماربێت بەشێوەیەک لەشێوەکانی دیموکراتیو ئازادی بەیان، گوێ لەو کۆدەنگییە فراوانە بگرێت و میللەتەکەی ڕزگار بکات لەحوکم و بڕیاری تاکلایەنیو تاک ڕەهەندیانەی دەسەڵاتی فەقیە لەو کیشوەرەدا، هەربۆیە ئەرکەکانی سەرۆک کۆمار پێویستە بەئاقارێکی دیکەو بەشێوازێکی کراوەتردا بڕوات و بەڕاستی ببێتە سەرۆک کۆمارێک کە بتوانێت لانی کەم هەندێک لە مەینەتیەکانی خەڵکی ئێران کەم کاتەوە و لەوە زیاتر دووچاری نەهامەتیو نیگەرانیان نەکات. ■

بەیاننامەی کۆمەڵێ لە: نووسەران، هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی کورد

□ گرنگێتی نۆهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆمار لە ئێراندا، لە ئاست بارودۆخی نێوخۆیی، نێونەتەوەیی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، بۆهەمووان دیارو ئاشکرایە. هەربەم بۆنەوە سیستەمی سیاسی ئێران، بە دوای ڕاکێشانی زۆرینەی جەماوەر بۆبەشداری لەم هەڵبژاردنەدایە. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە دوو لایەنی پاوانخواز و ریفۆرمخواز، بەچەشنێکی بەربڵاو هاتوونەتە مەیدان. لەم نێوەندەدا، یەکێک لەو ناوچانەی کە بەردەوام بە هۆی پتانسیەل و تایبەتمەندییە مێژوویی و نەتەوەییەکان، گرنگێتیەکی بەرچاوی هەیە و ئەم دوو لایەنە هەوڵ بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانیان ئەدەن، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. جیالە ستراتیژیەکانی هەر دوو لایەن، بۆ ڕاکێشان و بە دەست هێنانی زۆرترین دەنگ، ئێمە بینەری هەندێ بانگەشەی گشتی کۆمەڵێک سەربەلایەنی بەناو ریفۆرمخوازلەکوردستانین. بە سەرنج بەوەی کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هەندێ لە بڵاوکراوە کوردییەکان، بوونەتە تریبوونی ئەو گرووپەو و پرۆپاگەندە بۆ سیاسەتەکانی خۆیان بە ناوی کورد و کوردستان دەکەن، بابەت و وتار لە لایەن چالاکانی فەرهەنگی- فکری کوردەوە بڵاو دەکەنەوە، ئەم چەشنە چالاکییە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم ئەگەر و گومانە لای بیروڕای گشتی لە مەڕ ریفۆرمخوازانی کورد، لە نێوان ئەم نووسەرانەدا، چونکە ئەوان بە نوێنەرایەتی خەڵکەوە خەریکی بڕیاردانن.

هەر بەم بۆنەوە، ئێمەی نووسەران، هونەرمەندان و ڕۆشنبیران بۆ پاراستنی حورمەتی ئەرک و مێژوومان، واتا سەربەخۆیی کردەوە، کە بەردەوام تایبەتمەندی بنەمایی ئاوەها کەسایەتیگەلێکە لە وڵاتانی دیکەی دنیا و خولە جیاوازکانی مێژوودا، لە پێناوی ڕووناکی بەخشین بە بیروڕای گشتی جەماوەر، بەپێویستی دەزانین بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوەیەک خۆمان لە بانگەشەی ئەو کۆمەڵە کە خۆیان کردووە بە نوێنەری خەڵک و ناوی ریفۆرمخوازی کوردییان لەسەر خۆ ناوە، دوور دەکەوینەوە؛ چونکە بڕوامان وایە بانگەشە و دەنگی ئەو لایانە، دەنگ و هاوار و بانگەشەی تەواوی هەڵسوڕاوانی فیکری و فەرهەنگی کوردستان نییە و نابێت. ئەم هەڵویستە بۆ دوورەپەرێزی لە کۆمەڵی (اصلاح طلبی کرد) بە مانای سەلماندنی سیاسەتی کۆمەڵی پاوانخوازیش نییە، بەڵکوو تەنیا بەمەبەستی پاراستنی مافی ڕەوای هەر ڕوشنبیرێکە، کە سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و لە پێناوی پاراستن و حورمەت وکەرامەتی مێژووی خۆی، هەوڵ و بڕیاری بدات.

جێ ئاماژەیە نووسەرانی ئەم ڕاگەیاندراوە، تەنیا نوێنەری ڕوانگەی خۆیانن و بۆ ڕوانگەو بیر و باوەڕی دیکەی ڕۆشنبیران و جەماوەر، لە پێناو بڕیاردان بۆ ئەم مەبەستە ڕێز و حورمەتمان هەیە.

١. شاناز ئەلیاسی ٢. دانیال ئیمانی ٣. مادێح ئەحمەدی ٤.ئۆمید ئەحمەدزادە ٥.بەهادین ئەدەب ٦. هادی ئەدەب ٧.کاوە باخوێشی ٨.فاتێح بادپەروا ٩. مەسعوود بینەندە ١٠. ئۆمید بەیگی زادە ١١. جەمشید پەراوزان ١٢. فەرید پەروازە ١٣. سەیران تەوحیدی ١٤. سورەیا حسامی ١٥. عارف حسەینی ١٦. حسەین حەیدەری ١٧. فەرزاد حەسەن زادە ١٨. کاوە حسەین پەناهی ١٩. عەدنان حەسەنپوور ٢٠. حسام دەستپیش ٢١. عەلی دڵاوێز ٢٢. ئەنوەر ڕۆشن ٢٣. مەسعوود ڕۆستەمی ٢٤. مەنسوور ڕەحمانی ٢٥. سەعید ساعێدی ٢٦. جەلال سەعیدزادە ٢٧.حەمید ساعێدی ٢٨. ئارش ساڵح ٢٩.حەسەن سەلاح سۆران ٣٠.هادی زیائەدینی ٣١. مەهدی زیائەدینی ٣٢. خالێد عەلیزادە ٣٣. ئەمین عەزیزی ٣٤.حسەین عەزیزی ٣٥.ئیرەج عێبادی ٣٦. عادڵ غەریبی ٣٧. جەهانگیر غەفاری ٣٨.کەیوان فەرەهمەندی ٣٩.ئیجلال قەوامی ٤٠.محەمەد سدیق کەبوودوەند ٤١. بێهزاد کوردستانی ٤٢. ڕەووف کەریمی ٤٣. لۆقمان کەریمی زادە ٤٤. محەمەدوەلی کاکایی ٤٥. جەلال مەلەکشا ٤٦.ئسکەندەر مورادی ٤٧. حسەین محەمەدزادە ٤٨. ئیراهیم مینویی ٤٩. سابیر میکاییلی ٥٠.فەرزاد میرئەحمەدی ٥١.مادێح مەجیدی ٥٢. دانا مەنووچێهری ٥٣. حەمزە محەممەدی ٥٤.مەحموود موبارەکشاهی ٥٥.عەباس مورادیان ٥٦.سەیران مەهابادی ٥٧.هیوا نادری ٥٨. موحسێن نیکخواە ٥٩. عەلی نووری ٦٠.ئەنوەر نەویدیان ٦١. عەزیز ناسری ٦٢. موختار هوشمەند ٦٣.لالە یەزدانجوو..■

laparakan.qxd 5/15/2005 10:03 AM Page 5

پـەژارەی هـاووڵاتـی

■ دەزگای شەهیدان و گرفتی بارەگا.! (هێدی)

■ چەمچەماڵ چاوەڕێی ئیشەڵڵاكانی سەرۆكی حكومەتە. (هەڵمەت)

■ دەزگای كارەبا.. خوێندكاران پێویستیان بەكارەبای بەردەوامە؟ (دڵشاد)

■ شاری سلێمانی و.. فیتەری زۆرو بۆر.. (سەرچناری)

■ هۆكاری ڕاستەقینەی گرانی چییە؟ (ئارام)

پواز

بێدەنگی لەئاست بەرژەوەندی باڵادا!

□ هەموو هەڵوێست وەرگرتن و خۆپیشاندان و مانگرتنەكانی هەندێك لەچین و توێژەكانی كۆمەڵ و دانیشتوانی شاری سلێمانی، بەهەموو باش و خراپیەكانیانەوە، مایەی خۆشحاڵی بوون.

لەلایەكی ترەوە دروست بوون و كاركردنی بزوتنەوەی ریفراندۆم لەئان و ساتی خۆیدا هەڵوێستێكی دڵخۆشكەری ژمارەیەك لەرۆشنبیران بوو كەتا ئەندازەیەكی بەرچاو خۆشەویستی خەڵكی بۆ خۆی مسۆگەركرد.

ئامانە بەجۆرێك ئومێد بەخش بوون، كەپێمان وابوو هۆشیاری خەڵك و چین و توێژەكان بەئاستێك گەیتشون كەچیتر بەهەموو دوعایەكی لایەنە سیاسیەكان نەڵێن ئامین، چیتر رۆشنبیران لەئاست كەموكورتی و وەلانانی بەرژەوەندییە گشتیەكان بێ دەنگ نابن، بەڵام بەداخەوە دەبینین ریفارندۆم لەئاست بارودۆخی سیاسی هەرێمی كوردستان بێدەنگە، بینیمان هەڵوێست وەرگرتن و مانگرتنی جیاجیای خوێندكارانی زانكۆی سلێمانی و ئایندە بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەكانی خۆیان چەند گوڕوتینی بەخۆوە بینی، بینیمان خۆپیشاندان و دەنگ هەڵبڕینی مامۆستایان. ئەویش هەر لەبەرژەوەندی مامۆستایان چۆن بوو.!

من هەریەك لەو داكۆكییانە بەدەنگ و رەنگی رەوا دەزانم و بەهیچ جۆرێك لەگرنگی و بەهایان كەم ناكەمەوە، بەڵام هەریەك لەو چین و توێژانەو هەموو پێكهاتەكانی كۆمەڵ، لەم قۆناغەدا ئەركی لەهەموو ئەركەكانی سەرشانیان گرنگ تریان لەئەستۆیەو دەبێت دەنگیان لەهەموو كات بڵندتر بێت.

هەموان چوینە سەر سندوقەكانی دەنگ دان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و كوردستانیش، بەڵام هەموانیش بێدەنگین لەئاست كەمتەرخەمی و دواكەوتنی زیاتر لە (٣) مانگی دانیشتن و كۆبونەوەی پەرلەمان و پێكهێنانی حكومەت.

بۆیە هەقوایە بپرسین بۆچی ئەو دەنگە بەرزانە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی؟ و بۆچی بێدەنگی لەئاست بەرژەوەندی باڵادا؟.■

رەنج قەرەداغی

ranj_qaradaxi@hotmail.com

■ هێدی گەلاڵی

ئاشكرایە دەزگای شەهیدانی شۆڕشی گەلی كوردستان لەئەمڕۆدا خزمەتێكی زۆری بەوارس و كەسوكاری شەهیدان و پێشمەرگە كەمئەندامەكانی كردووە. بەڵام كاتێك كە (پ.م)ە كەمئەندامەكان دەدوێنیت، سەبارەت بەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی كارەكانیان لەدەزگاو لقی شەهیدانی سلێمانی.. سەرجەمیان داواكارن، كە شوێن و پێگەی بینای دەزگای شەهیدان و بەڕێوەبەرایەتی شەهیدانی سلێمانی وەكو پێویست گونجاو نیە، چونكە هەردوو بیناكە، كەدوو نهۆمن.. كۆمەڵێ قادرمەو بەرزو نزمی تیایە.. بۆ زیاتر زانیاری لەو رووەوە.. لەئان و ساتی دابەشكردنی مووچەی كەمئەندامامندا سێ پ. م كەمئەندام لەدەرەوەی بیناكە لەبەر بوونی قادرمەو تەسكی ڕێڕەوەكە لەبەردەم دەرگای بیناكە سەیری هاتوچۆكارانیان دەكردو ئاخیان هەڵدەكێشا.. لەوكاتەدا بیرۆكەی ئەم مەسەلەیەم لا دروستبوو كەبۆچی شوێنێكی شیاوو بینایەكی گونجاو بۆ ئەم بەڕێوەبەرایەتیە تەرخان ناكرێت..!. لەو بارەیەوە پێشمەرگەی كەمئەندام (شوكر قادر) كە لەسەر عارەبانە بوو.. وتی:

-داواكارم لەدەزگای شەهیدان كەبینایەكی فراوانترو گەورەتر بۆ ئەم بەڕێوەبەرایەتیە تەرخان بكات. بەڕاستی ئەم شوێنە بۆ هاتوچۆی كەمئەندام ناشێت.. هەر لەوێ پێشمەرگەیەكی تری كەمئەندام (محەمەد مەحمود رەمەزان) كەلەسەر عارەبانە بوو. وتی:- داواكارم كە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بگوازرێتەوەو سەرلەنوێ بینایەكی گونجاوی بۆ دروست بكرێت كەهەموو هۆیەكانی ئاسانكاری بۆكەمئەندام تیا بێت. پاشان (ئیسماعیل سەعید فەرەج) وەك پ. م ی كەمئەندام كەچاوی لەدەست داوە.. پێی وابوو كە نەك هەر پێویست دەكا بینای تازە بۆ بەڕێوەبەرایەتی شەهیدانی سلێمانی بەشێوەیەكی گونجاوو شیاوتر دروستبكرێت.. بەڵكو پێویستە سەرجەم بەشەكانی بینای دەزگای شەهیدانیش بەشێوەیەكی گونجاوو شیاوتر دروستبكرێت كەئاسانكاری هاتوچۆ بۆ كەمئەندامەكان دەستەبەر بكات.■

■ دڵشاد محمود

لەماوەی رابوردوداو دوای ئەوەی بەهەر كوللەمەرگیەك بوبێ زستانی ئەمساڵیشمان پاڵ پێوەناو وردە وردە دەزگای كارەبا وازی لەسەرەتاتكێ و چاوشاركێ هێنا لەگەڵمان و وەختە بلێم تاڕادەی پێویست خەریك بوو بەهرەمەند دەبوین لەو نیعمەتە جوانەی كارەبا كە پێشتر مەزاجی هەموومانی تێكدا بوو، هێشتا كارەبا هەر تاسق بوو، هێشتا بەتامەزرۆییەوە لەبەر رۆشنایی گڵۆپەكاندا دادەنیشتین (هەڵبەتە ناوێرم بڵێم تەلەفیزیۆن، چونكە خەریكە دەبێت بەعەیبە ئەگەر بڵێیت گوێ لەتەلەفزیۆنەكانی خۆمان دەگرم)، كەچی غەمی بێبارانی و ترسی كەم ئاوی لەلایەكی ترەوە سەرو دڵی گرتینەوەو لەهەموو شتێ ناخۆشتر بێ بارانی هەڕەشەی ئەوەی دەكرد كەرەنگە ریسی كارەباكەمان بكاتەوە بەخوری!

لەسایەی دۆعاو نزای شوان و جوتیارو گوندنشینەكان بوبێت یان هەر شتێ ئاسمان رێژنە بارانی خۆی دەستپێكردەوەو دڵی هەموو كەسێكی خۆش كردوو رووی زۆربەشمانی گەشانەوە، بەتایبەتی خەڵكی شار كە هەستیان كرد ئیتر هەڕەشەی بێكارەبایی و بیانوی كارەبابڕین نەما، كەچی زۆر بەداخەوە ریسی كارەباكەمان هەربۆوە بەخوری!! ئاخر كارەبا بڕین بەرۆژ بەهەرحاڵ بەڵام بە(شەو) بۆ؟! بۆچی تائێستا دەزگای كارەبا ناتوانێت سەركەوتوبێت لەدابین كردنی كارەبادا، خۆ ئێستا بیانوی هیتەرو بۆیلەر نەماوەو لەولاشەوە پێویستی زۆرمان بەسپلیت و موبەریدە و پانكەش نیە، كەئێستا لەكەش و هەوایەكی مامناوەندیان (الجو المعتدل) ئیتر بۆچی دیسان كارەبا بۆر دەستی كردۆتەوە بەچاوشاركێ و سەرەتاتكێ لەگەڵمان. خودایە دەبێت نهێنی (كارەبا بۆر) چی بێت، كە ئاو هەبێت و نەبێت، بباری و نەباری، گەرما بێ و سەرما بێ، كەش و هەوا مامناوەندو ئاسایی بێت یان نا (كارەبا بۆر) هەر دەبڕێ و هەر دەبڕێ، بڵێی دەزگای كارەبا كەی بێتاقەتبن لەسەرەتاتكێ و چاوشاركێ؟! بەتایبەت لەم كاتی تاقیكردنەوەی سەری ساڵەدا كەخوێندكاران زۆر پێویستیان بەهەبونی كارەبای بەردەوامە؟!■

■ سەرچناری

تاكوو ئێستا نەبینراوەو وەك پێویست باس لەو فیتەرە بێ ئەزمونانە بكرێت، كە لەناوچەی پیشەسازی و كوچەو كۆڵانەكاندا زۆربەیان بەبێ ئەوەی ئەزمونێكی چاكسازیان هەبێت، دوكان دائەنێن و هەریەكەشیان بەگوێرەی مەزاجی خۆی تابلۆ هەڵدەواسێت و پسپۆڕی خۆی لەسەربەیان دەكات، بەمەبەستی سەرنج راكێشانی خەڵكی، كەتەنیا مەبەستی پەیداكردنی پارەیەو بەس نەك چاككردنی ئۆتۆمۆبێل، لەكاتێكدا پێویستە هەر خاوەن پیشەیەك لەلایەن حكومەتەوە مۆڵەتی كاركردنی هەبێت بەتایبەتی چاكسازی ئۆتۆمۆبێل، كە بەڕاستی كێشەیەكی رۆژانەی هاوڵاتیانە، كەهەق وایە گوشار بخرێتە سەریان و لێپێچینەوە بكرێت لەگەڵیانداو نەهێڵدرێت بەبێ مۆڵەت ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیان تێك بدەن، یان زیانی زیاتری پێ بگەیەنن، لەوبارەیەوە گازەندەو گلەییەكی زۆری هاوڵاتیان لەو فیتەرانە دەكرێت بەتایبەتی چاكسازی ئۆتۆمۆبێل و پێش داگرو ئەو تەنەكەچیانەی ئەزمونی كاركردنیان زۆر كەمە، كەهەریەكەیان لەم شارەدا دوكانێكیان قوت كردۆتەوە، پاشان حكومەتی هەرێم چەنیدن داهێنان و چاكسازی و جوانكاری بۆ ئەم شارە فەراهەم كردووە، بەڵام تاكو ئێستا بیری لەوە نەكردۆتەوە كەسانی شارەزاو پسپۆڕ لەو بوارانەدا دابنێت و لەدوای تاقیكردنەوە مۆڵەت بداتە ئەو چاكسازانەو دوای دەرچونیان رێگەیان پێ بدرێت دوكان بكەنەوە، ئەگەر سەرنج بدرێت زۆربەی ئەو شۆفێرانە بەتایبەتی تەكسییەكان ئۆتۆمۆبێلەكانیان بۆ چاككردن بەرەو شاری هەولێر دەبەن، چونكە لەلایەك زۆر بەویژدان و هەرزان جان و لەلایەكی تریشەوە شارەزایی تەواویان هەیە لەهەموو روویەكەوە، لەسلێمانی زیاتر خراپی ئەكەن و پارەیەكی خەیاڵی زۆریش وەردەگرن، داواكارین حكومەتی هەرێمی كوردستان لەشاری سلێمانی لیژنەیەكی پسپۆڕ لەو رووەوە دابنێت و بەگوێرەی شارەزاییان رێگە بدات بەو كەسە چاكسازانەی لەسەرەوە باسمانكرد دوكان بكەنەوە، پێم وایە كاتێك خوێنەریش ئەم بابەتە ئەخوێنێتەوە، چاوەڕوان ئەكات حكومەت ئەم دیاردەیە بەهەند وەربگرێ حسابێك بكات بۆ ئەو پاشاگەردانیەی فیتەرەكانی شاری سلێمانی پێی هەڵدەستن.■

■ هەڵمەت هۆشیار

·ئینشائەڵڵا لەماوەی كەمتر لەدوو مانگدا لێشاوێكی خزمەتگوزاری لەسەر بودجەی حكومەتی هەرێم لەچەمچەماڵ دەست پێدەكات.

·دانیشتوانی چەمچەماڵ زۆرترین قوربانییان داوەو كەمترین خزمەت كراون.

پێتان سەیر نەبێت ئەم دوو وتەیە كارنامەی كەسێكی كاندید كراو نییە بۆ پۆستێك و بڵێین پروپاگەندەی هەڵبژاردنە، بەڵكو وتەی كەسێكە لەترۆپكی دەسەڵاتدایە، كەئەویش جەنابی سەرۆكی حكومەتی هەرێمە، كاتێك كە پیاو ماقوڵانی چەمچەماڵ بەمەبەستی پێشكەش كردنی چەند داواكارییەكی گرنگ سەردانی بەڕێزیان كرد.

قسەی من لێرەدا لەسەر كات و ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەكانی بەڕێزیان ئەوكات و ماوەیەی كە بۆ دەست پێكردنی كارەكان دایان نابوو، دوو مانگ بوو، كەچی لەشەش مانگ تێپەری تا ئێستا هیچمان نەدیوە تاكو بەو ئیشەڵڵایانە بڵێین (ماشەڵڵا).

ئەمە جگەلەوەی كەبەڕێزیان لەو رۆژەوەی كەئەم پۆستەیان وەرگرتووە، سەردانی سەرجەم ناوچە جیاجیاكانی سنوری دەسەڵاتی حكومەتەكەی كردووە، كەچی ناوی چەمچەماڵ تاكو ئێستا لەخشتەی سەردانەكانیدا نەبووە، بەدەر لەوەی سەردانی نەكردووە، بەڵكو بەڕێزیان بانگهێشتی یادكردنەوەی كارەساتی ئەنفال بوون، نەك هەر نەهاتن تەنانەت نوێنەرێكیشان نەنارد ئەمە جیا لەوەی كەوەزیری ئاوارەو ئەنفال پێویست بوو كەلەوێ ئامادەبوایە، چ وەكو رێزێك بۆ ئەو ئەنفالانەو كەسوكاریان و چ لەوێ بە چاوی خۆی بیدیایە كە كەسوكاری قوربانیانی ئەنفال چەند پشتگوێ و فەرامۆش كراون. كەچی بەداخەوە ئەویش ئامادە نەبوو.

جا ئیدی نازانم خۆمان خوا وا خەڵقی كردووین كە هەر وابین یان كورد وتەنی (نانەكەمان سوێرە)، ئەگەر نا بۆ هیچ كام لەوسەرۆك وەزیرانەی كەئەو پۆستەیان بەدەستەوە بووە، ئامادەنەبوون دركێك لەگیانی خەڵكی ئەو شارە دەربكەن و تا ئەو (شارە قوربانی بەخشە) بەوتەی جەنابی سەرۆكی حكومەت، خۆی كەمێك ئۆخەی بكەن و هەست بكەن كەرەنجیان بەفیرۆ نەچووە.

بۆیە، هەقوایە رۆشنبیران ئەوە بكەنە عادەت لەهەموو نوسینێكدا ئەوە بڵێنەوە كەهەر كەسێ لەم كوردستانە ئەگەر بچوكترین پۆستیشی بەدەستەوە بێت، ئەوە بزانێت كەخوێنی شەهیدان و قوربانی گەل و ئەنفالەكان بۆیان فەراهەم كردووە، بۆئەوەی ئیدی جیاوازی لەنێوان ناوچەكاندا نەمێنێت و هەموو لایەك بەیەك چاو تەماشا بكرێت.■

■ ئارام عوسمان

وەك ئاشكرایە ماوەیەكە بازارەكانی كوردستان گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی شمەك و پێداویستیەكانی ژیانی بەخۆیەوە دەبینێت، ئەمەش بەدیاردەیەكی ئابووری و هەڵاوسان ناو دەبرێت و بوەتە جێی سەرنج و گفتوگۆی ئابورناسەكان و هەروەها رۆژنامەنوسان و قسەو باسێكی چڕوپڕی لێدەكرێت.

كاتێك رۆژنامەنوسێك پرسیار دەكات لەبەرپرسیارێك یاخود ئابورناسێك، ئایا ئەم دیاردەو بارودۆخە هۆكارەكەی دەگەرێتەوە بۆچی؟ لەوە رادەمێنم زۆرێكیان لەوەڵامدا كەموكورتی دەنوێنن و دەڵێن هۆكارەكەی بەرەو پێشچوونی گۆرانی سیستمی كەرتی گشتیە بۆ كەرتی تایبەتی یاخود بازاری ئازادو پەرەسەندنی سەرمایەدارییە، جۆرێكی دیكەی وەڵامیان وای روون دەكەنەوە كەهۆكارەكەی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان و بەش نەكردنی بەرهەمەكانە بەگشتی.

بەڵام ئەوەی پێنوسەكەی منی هێناوەتە زمان ئەو پێدەنگیەی بەرپرسانە بەرامبەر بەو حەقیقەتە وەلانراوانە كەدركاندیان تاوانە لەكۆمەڵێكدا كەبانگەشەی ئازادی رەهاو دیموكراسی تیادا دەكرێت. وەڵامەكەش بەروونی دیارە كەحكومەتی هەرێمی كوردستان و بەرپرسان و بریاردەرانی ناوچەكەیە كەنایەكسانی و ناهاوسەنگیەكی لەرادەبەدەریان خوڵقاندووە.

لەخزمەتكردن و باشتركردنی ژیانی كۆمەلایەتی و ئابووری و رۆشنبیری لەنێوان ناوچەكاندا، كاتێك بەرپرسانی ناوچەكە بیر لەبەئەنجام گەیاندنی پرۆژەیەكی لەو جۆرانە دەكەنەوە، پێویستە دەرەنجامی ئەو جیاوازییەو كێشەكانیان شەن و كەو بكەین، چونكەئەنجامدەرانی ئەو پرۆژانە بۆ ناوچەیەك یاخود بۆ چینێكی كۆمەڵ و وەلاخستنی مافی چین و ناوچەكانی تر ئەمە نایەكسانی بۆ خۆی بەرپا دەكات. ئەنجام دەستبەردار بوونی چینی پشتگوێ خراو لەكارو ناوچەو ژیانی خۆی دێتە كایەوە. ئەمە سەرچاوەی دیاردەكەیە كەگرانی و كەم بەرهەمییە، ئەی ئەوانە بۆ نالێن سەرچاوەی داهاتی خۆراك و مادەی سەرەتاییە پیشەسازییەكان بەرەو كوێركردنەوە دەچێت؟ بۆ نالێن ژیانی لادێ و لادێییەكان و جوتیاران بەتەواوی پشتگوێ خراون؟ بۆ نالێن منداڵانی لادێ و گوندەكان مافی مرۆیی و سەرەتاییان ژێر پێ خراوە؟ دیسان زەوتكردنی هەموو پێداویستی و ئاسانكارییەكانی جوتیاران بوەتە ڕێگرو پەكخستنی جوتیار لەكارو ئەركی خۆی كەئەمەش سەرچاوەی كێشەی گرانی و بەدەگمەنییە.■

حكومەتی هەرێمی كوردستان و بەرپرسان و بریاردەرانی ناوچەكە نایەكسانی و ناهاوسەنگیەكی لەرادەبەدەریان خوڵقاندووە

laparakan.qxd 5/15/2005 10:03 AM Page 6

بەیاننامەی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بەبۆنەی (٤٣) هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنیەوە

□ **مامۆستایانی بەڕێز..**

چل و سێ ساڵ لەمەوبەر لەو سەردەمانەی کەداگیرکەرانی کوردستان بڕیاری قڕکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیان دابوو، ساڵێک زیاتر بەسەر سەرهەڵدانی بزوتنەوەی رزگاری خوازیی گەلی کورد دا تێپەڕی بوو گیانی مقاوەمەت و بەرهەڵستکاری لەنێو سەرجەم چین و توێژەکانی گەلەکەماندا چەکەرەی کردبوو، مامۆستایانی کوردستانیش وەک توێژێکی هۆشیارو رۆشنبیر وەک چۆن هەمیشە لەنێو قوتابخانەو خوێندنگەکاندا ئەرکەکانی خۆیان بەجێ دەهێناو کاری هۆشیار کردنەوەو خۆشەویستی گەل و نیشتمانیان لەنێو نەوەکانی گەلەکەماندا دەچاند، ئاوەهاش بۆ زیاتر کاراکردن و پشتیوانی شۆڕش و یەکخستنی هەڵوێستی سەرجەم مامۆستایان لەسەر دەست و پێشنیازی کۆمەڵێک مامۆستای روناکبیرو هۆشیارو شۆڕشگێڕدا، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان وەک پێویستیەکی مێژوویی هاتە بوون و بوە فاکتەرێکی بەهێز بۆ زیاتر گەشەپێدانی شۆڕش و داکۆکی کەرێکی بەهێز بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەیی و دیموکراسی و پیشەییەکانی مامۆستایان لەسەر تاسەری کوردستاندا.. ئەرکی پیرۆزی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەو سەردەمەداو دواتریش تا راپەڕین بەشداری کردنی بوو لەناو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و رێکخستنەکانی پارت و لایەنە سیاسیەکان و هۆشیارکردنەوەی قوتابیان و خوێندکاران و جوتیاران و چین و توێژەکانی تری گەلەکەمان و کردنەوەی قوتابخانەو خوێندنگە لەناوچە ئازادکراوەکان و چۆڵنەکردنی سەنگەرەکانی پەروەردەو زانست و بەرهەڵستی کردنی سیاسەتە رەگەزپەرستەکانی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان لەتەعریب و تەبعیس کردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و سڕینەوەی کەلتورو داب و نەریتی کوردەواری و دەستەمۆکردنی مامۆستایان بەکردنیان بە بەعسی و بەجەیشی ناشەعبی و ناردنیان بۆ پەرەکانی جەنگی عێراق - ئێران، بۆ سەرنەگرتنی ئەم هەموو سیاسەتە چەوتانەی رژێم چەندین مامۆستای تێکۆشەرو دڵسۆز لەنێو سەنگەرەکانی بەرگری یاخود لەنێو زیندانەکانی رژێمدا گیانی خۆیان بەخشیە گەل و نیشتمانەکەیان، یا لەسەر کاری مامۆستایی لادەبران و دوور دەخرانەوە بۆ خوارو ناوەڕاستی عێراق، جگە لەمەش مامۆستایانی کوردستان لەسەردەمی خەباتی نهێنی و شاخدا بۆ زیاتر کاراکردنی ڕێکخراوەکەیان هەشت کۆنگرەو کۆنفرانسیان لەشارو شاخدا گرێ داو هەروەها شان بەشانی کاری ڕێکخراوەییان لەخەباتێکی سەختدا لەگەڵ سەرجەم چین و توێژە شۆڕشگێڕەکانی تری گەلەکەماندا بەپشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان شۆرشی رزگاری خوازی گەلەکەیان و ڕێکخراوەکەشیان گەیاندە راپەڕین و دروست کردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە دەرەنجامی ئەو خەباتە سەختەیان.

مامۆستایانی هێژا..

قۆناغەکانی خەباتی ڕێکخراوە تێکۆشەرەکەتان ئەگەر لەسەرەتای دروست بوونییەوە وەک بەشێکی زیندوو و دانەبڕاوی بزوتنەوە حەق خوازەکەی گەلەکەمان بوو بێت و دوای راپەڕینیش هەمیشە پشتیوان و پشتگیری یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووبێت و پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنی بەنەبوونی و سک هەڵگوشین بەڕێوە بردبێت و لەکاری ڕێکخراوەیشدا بۆ یەکڕیزی و ڕێکخستنی سەرجەم مامۆستایانی کوردستان لەیەک ڕێکخراوی یەکگرتوودا هەمیشە سیاسەتی چەپکە گوڵی پیادە کردبێ و دوو کۆنگرەی سەرکەوتووی ئەنجام دابێ و کۆمەڵێک دەسکەوتی هەرچەندە گەورە نەبوون بەدەست هێنا بێت بۆ مامۆستایان و پشتیوانێکی گەورەی سەرخستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووبێت وە هەروەها هاوکار بووە لەگەڵ رێنمایی سیاسەتی سەرکردایەتی سیاسی کوردستاندا بۆ بەگژاچوونەوەی هەموو ئەو دەستانەی کەویستبێتیان ئازادی کوردستان تێک بدەن، ئەمانە هەمووی واقع بینی و خوێندنەوەیەکی باش بووە بۆ ئەو قۆناغانەی کە گەلەکەمان و بزوتنەوەکەشی پێدا تێپەڕیوە.. بەڵام دوای یەکجاری سەرنگوم بوونی رژێمی بەعس و دروست بوونی حکومەتی نوێی عێراق دەرئەنجامی پیادەبوونی دیموکراسی و هەڵبژاردنی سەرتاسەری و ئەو هەموو گۆڕانکاریەی کە بەسەر کوردستان و عێراقدا هاتوە و فراوان بوونی مەیدانی خەباتی ڕێکخراوەیمان و تێکەڵ بوونمان لەگەڵ مامۆستایانی میللەتەکانی تری وەک عەرەب و تورکمان و کلدۆ ئاشوری و والابوونی دەرگاکانی پەیوەندی کردن بەڕێکخراوو سەندیکاکانی جیهانەوە ئەمانە هەموو جۆرێکی تر لەخەباتی ڕێکخراوەیمان لێ دەخوازێ و دەبێ کاراتر بینە مەیدان و بەسەرجەم ئۆرگانەکانی ئەم ڕێکخراوەدا بڕۆینەوەو تۆکمەترو چالاکتریان بکەین و دیموکراسیانەتر لەگەڵ مامۆستایان دا هەڵسوکەوت بکەین و هەموویان بۆ خەباتی ڕێکخراوەیی پیشەیی بهێنینە مەیدان و لەپرۆسەیەکی دیموکراسیدا هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری ئەنجام بدەین و ماڵی مامۆستایان یەک بخەینەوەو ڕێکخراوەکەمان سەربەخۆ بکەین و بەدوری بخەین لەهەر دەستێوەردانێکی ئەم لاو لاو لیستی حزبی لەجیاتی چەپکە گوڵی حزبی چەپکە گوڵی مامۆستا بەتواناو دڵسۆزو هەڵسوڕاوەکان بێنە مەیدان و ڕێکخراوەکەیان وەک ئەوەی مامۆستایان دەیانەوێ کار بکەن بۆ بەدەست هێنانی سەرجەم مافە دیموکراسی و پیشەییەکانی مامۆستایان لەدابین کردنی ژیانێکی شایستەترو دروست کردنەوەی هەیبەتی زیاتر بۆ مامۆستایان و هەوڵدان و پشتیوانی کردنی وەزارەتی پەروەردە بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لەپرۆگرامەکانی خوێندن سستمی پەروەردەو هەروەها بۆ پیادەکردنی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی نوێ خوازو مەدەنی وەها کەلەگەڵ خواست و ئاواتەکانی نەوەکانی گەلەکەماندا بێت.

مامۆستایانی ئازیز..

بۆ هێنانەدی ئەمانەو زیاتر خزمەت کردن بەئێوەی بەڕێز خەباتی زیاترو دڵسۆزی و هەڵسوڕان و یەکڕیزی زیاتری ئێوەی پێویستە خۆئامادەکردنی هەموان دەخوازێ بۆ بەستنی ئەو کۆنگرە سەرتاسەریە کە لەکۆتایی مانگی تشرینی یەکەمدا وا بڕیارە ببەسترێت، هەر بەناوی ئێوەی بەڕێزیشەوە وە لەم بۆنە پیرۆزەدا جارێکی تر داوای یەکڕیزی گەلەکەمان دەکەین و داوای هەرچی زوتری یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆئەوەی ئەو یەکگرتنەوەیە یەکگرتنەوەی سەرجەم ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراسیەکانی لێ بکەوێتەوە بەڕێکخراوە تێکۆشەرەکەی ئێوە شەوە..

-سڵاوی وەفاداری بۆ گیانی ئەو مامۆستا شەهیدانەی کە گیانیان بەخشی بۆ هێنانەدی ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەیی و دیموکراسیەکانی مامۆستایان.

-بەرزو پیرۆز بێت یادی چل و سێ هەمین ساڵ رۆژی دامەزراندنی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان.

-مردن و رسوایی بۆ تیرۆرو تیرۆرستان.

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان
مەکتەبی سکرتاریەتی
سلێمانی
٢٠٠٥/٥/١٥

ڕەخنە لەخۆگرتنی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان

- لەکۆنگرەی داهاتوودا، نوێنەری حزبەکان وەلابنرێن و خۆپاڵاوتن ئازادبێت
- دوای نۆهەمین کۆنگرە خەبات کرا سیستمی خوێندن هاوچەرخ بێ..

□ (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) یەکێکە لەگەورەترین ڕێکخراوە پیشەییەکانی کوردستان، ڕێکخراوێکە نزیکەی ٣٣ هەزار مامۆستای کوردستان لەڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوەدا ڕێکخراون، بارەگای سکرتاریەتی ڕێکخراوەکە لەشاری سلێمانییە، لەم بارەگایەوە سەرکردایەتی سەرجەم لقەکانی تری یەکێتی مامۆستایان دەکرێت کە لەشارو شارۆچکەکانی تری کوردستاندان.

٥/١٥ ی ئەم ساڵ یەکێتی مامۆستایانی کوردستان یادی ٤٣ ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا دەکاتەوە واتە رۆژی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە (١٩٦٢/٥/١٥)ەوە هەروەک مامۆستا (محەمەد حەسەن جوجە)ی جێگری سکرتێری یەکێتییەکە باسی لێوە دەکات دەڵێ:

(١٩٦٢/٥/١٥) کە ماوەیەکی کەم بەسەر هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولدا تێپەڕی بوو مامۆستایان هەوڵیان دا خۆیان ڕێکبخەن و ڕێکخراوێک دروست بکەن ئەوە بوو بەهیمەتی کۆمەڵێک لەمامۆستایان لە ١٩٦٢/٥/١٥ لەشاری سلێمانی یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی بەست و راستەوخۆ بڕیاریاندا بەشداری خەباتی رزگاریخوازی بن لەچەند لایەکەوە، لایەکیان روون کردنەوەی بارودۆخی کوردستان بۆ خەڵک و هۆشیارکردنەوەی خەڵک) مامۆستا محەمەد حەسەن جوجە باشتر ئەم لایەنەی خەباتی ڕێکخراوەکەی خۆیان روون دەکاتەوە و باس لەگۆڤاری (ئامانج) دەکات کە لەو ساڵانەدا دەریان کردووە دەڵێ (گۆڤاری ئامانج دەردەکرا کە لەویا هەرچی پێویست بوو دەوتراو هانی خەڵک دەدرا بۆ خەبات کردن تا وایلێهات رژێم بەپەرۆشتر بو لەخەڵک تا بزانێ چی تیا بڵاو بۆتەوە).

لەساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی مامۆستایاندا مامۆستا محەمەد جوجەی جێگری سکرتێرو مامۆستا سیروان نوری لێپرسراوی لقی سلێمانی ڕێکخراوەکەش خەباتی قۆناغی شاخیان بەرز هەڵدەسەنگێنن و مامۆستا سیروان دەیوت: سەردەمی خەباتی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان (ی.م.ک) هاندەرێک بوو بۆ پشتگیری و پشتیوانی شۆڕش و لەراپەڕینیشدا مامۆستایان رۆڵی سەرەکیان هەبوو لەهاندانی خەڵک و پێشڕەوی راپەریندا.

مامۆستا محەمەد جوجە رونتر لەسەر قۆناغەکانی خەباتیان قسە دەکات و دەڵێ:

هەر ئەو کات ژمارەیەک لەمامۆستایان چونە شاخ و سەرقافڵەی ئەوانە شەهید (مامۆستا حسیب محەمەد ئەمین) کە ئەندامێکی کارای (ی.م.ک) بوو لەچەمی رەزان شەهید بوو، بەشەهیدبوونی گڕێکی بەمامۆستایاندا کەزیاتر رووبەڕووی رژێم ببنەوە ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستایان بەرەو شاخ چون، مامۆستا محەمەد گرنگی چونە شاخی مامۆستایان بەدوو شێوە دادەنێ یەکەمیان ئەوەیە کە مامۆستایان بەچونە شاخیان کۆمەڵێک خوێندنگەیان دروست کرد کەئەمە لەخزمەتی خەڵک دابووەو مامۆستایانیش بەوە لەئەرکی پیشەیی خۆیان دوور نەخستەوە جگە لەخەباتی چەکداری دژی رژێم کەمامۆستایان تیا بەشدار بوون جێگری سکرتێری یەکێتی مامۆستایان خەباتی ڕێکخراوەکەیان دەکاتە چەند قۆناغێک: قۆناغی یەکەم لەدامەزراندنەوە تا ساڵی ١٩٧٤ کەشۆڕش نسکۆی بەسەردا هات کەوەک مامۆستا باسی دەکات بۆماوەی چەند مانگێک یەکێتی مامۆستایان لەکارو چالاکی دەوەستێت و پاشتر دەست دەکەنەوە بەخەباتی خۆیان کە هاوکاتی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەبێت (مامۆستا محەمەد جوجە) سەرەتای ئەم قۆناغە بۆ کۆبونەوەی پیرمام دەگێڕێتەوە کە بەدەرکردنی بەیاننامەیەک ئەم قۆناغە دەست پێدەکات، جێگری سکرتێری مامۆستایان بەئاگاییەوە لەمێژووی ڕێکخراوەکەیان باس لە ٤٣ ساڵ لەکاری ڕێکخراوەیی دەکات، کە ئەم مێژووە بەشێکی زۆری لەخەباتی رزگاریخوازدا خۆی دەبینێتەوە.

(چاودێر) کاتێک پرسیاری سەبارەت بەقۆناغی پاش راپەڕین وئەوکۆنگرانەکەپاش راپەرین بەستویانە بەهەمان

م. محەمەد جوجە: ساڵانێکە چەند دەم وچاوێک لە ڕێکخراوەکەدایە، پێویستە خەڵکی تر بێتە پێشەوە، تا بتوانین ڕێکخراوەکە نوێ بکەینەوە. هەندێ شتی تریش کەتا ئێستا نەمانتوانیوە بیکەین و بتوانین لەئایندەدا ئەنجامیان بدەین

شێوە هەر مامۆستا محەمەد جوجە وەڵامی داینەوەو وتی: لەشاخ کۆمەڵێک گروپ بەناوی یەکێتی مامۆستایانەوە دروست بووبوو بەڵام پاش راپەڕین بڕیاردرا هەموو ئەو گروپانە لەڕێکخراوێکدا کۆبکرێنەوەو ئەوە بوو لە ١٩٩٢/١٠/٦دا کۆنگرەی نۆیەم بەسترا، کە لەو کۆنگرەیەدا ژمارەیەک بڕیاری بەسودی تیادرا، یەکێک لەو بڕیارانە ئەوەبوو ١٠/٦ بکرێتە رۆژی مامۆستایان.

مامۆستا محەمەد لەقسەکانیدا بەردەوام دەبێت و دەڵێ: بەیەکگرتنەوەی ئەو گروپانە لەیەکێتی مامۆستایانی کوردستاندا جێی دڵخۆشیەکی زۆری مامۆستایان بوو. پاش کۆنگرەی نۆیەم هەوڵدرا ئەو بەرنامانەی کەلەخزمەت بەعسدا بوون بگۆڕدرێت سستەمی خوێندن بەشێوەیەکی گونجاو و هاوچەرخ بێت.

سەرباری هەموو ئەو گێڕانەوانەی جێگری سکرتێری یەکێتی مامۆستایان، کادرەکانی تری ئەم ڕێکخراوەش بەهەمان شێوە (٤٣) ساڵ تەمەنی ڕێکخراوەکەیان هەڵدەسەنگێنن (مامۆستا ڤیان عەلی کەریم) ئەندامی لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایان دەڵێ ٤٣ ساڵ تەمەنێکە، ٤٣ ساڵ لەکارکردن و خزمەتکردن، ٤٣ ساڵ لەپەروەردەکردنی کادر، ٤٣ ساڵ لەخزمەتکردنی مامۆستایان و کارکردن بۆ مامۆستایان، کە دەبێ مامۆستایان بەچاوی ڕێزەوە سەیری ڕێکخراوەکەیان بکەن چونکە بەرگری لەمافەکانیان دەکات و قەت دەستەوەستان نەوەستاوە.

جگە لەمانەو لەو هەڵسەنگاندنانەی کەهەریەک لەجێگری سکرتێرو لێپرسراوی لقی سلێمانی و ئەندامێکی لقی سلێمانی ئەم ڕێکخراوە بۆ مێژووی ٤٣ ساڵەکەیان. لێشمان پرسین رەخنەتان لەڕێکخراوەکەتان یان هەر گلەییەک کە لەمێژووەکەتان هەبێت.

هەریەک لەمامۆستا محەمەدو مامۆستا سیروان هاوڕابوون لەوەی کە لەکۆنگرەی داهاتوویاندا خۆپاڵاوتن و دەنگدان ئازاد بێت و هەر مامۆستایەک بیەوێت خۆی کاندید بکات و بەلیست و لیستکاری نەبێت.

جگە لەوە مامۆستا محەمەد جوجە بەردەوام دەبێت لەرەخنە لەڕێکخراوەکەی خۆیان و دەڵێت: ساڵانێکە چەند دەم وچاوێک لەڕێکخراوەکەدایە پێویستە خەڵکی تر بێتە پێشەوە تا بتوانین ڕێکخراوەکە نوێ بکەینەوە. هەندێ شتی تریش کەتا ئێستا نەمانتوانیوە بیکەین و بتوانین لەئایندەدا ئەنجامیان بدەین.

رەخنەیەکی تریش لەیەکێتی مامۆستایان ئەوەبوو کەتائێستا نەیتوانیوە کادری ڕێکخراوەیی چالاک دروست بکات کەهۆکارەکەش کەمی توانای دارایی بووە. ئەوەی لەکۆتایدا گرنگە بیڵێین یەکێتی مامۆستایانی کوردستان ڕێکخراوێکی پیشەیی بووە کەبەردەوام لەناو بزوتنەوەی رزگاریخوازا سەنگی خۆی هەبووەو پاش راپەڕینیش ڕێکخراوێکی خزمەتگوزاری مامۆستایان بووە هەمیشە رایەڵەی پەیوەندی مامۆستایان و حکومەت بوو، دەستەبەری زۆرێک لەمافە پیشەییەکانی مامۆستایانی کردووە، ٥/١٥ی ئەمساڵ لەکاتێکدا ئەم ڕێکخراوە یادی ٤٣ ساڵەی دامەزراندنی دەکاتەوە دەبێت بەگیانێکی نوێ و بەمیکانیزمێکی نوێتر کاری ڕێکخراوەیی و پیشەیی خۆی ڕێکبخاتەوە.■

بۆڕ بۆڕێنی شاجوانی ئیسلامگەرایی

شاجوانی یەکەم

شاجوانی دووەم

شاجوانی سێهەم

جیاوازی بۆڕبۆڕێنی شاجوانی ئیسلامگەراکان لەوەدایە ، کەیەکەم و دووەم و سێهەم ، هیچ جیاوازییەکیان نیە

laparakan.qxd 5/15/2005 10:03 AM Page 7

١٣

لەپیرۆن

ئاوات ئەحمەد

ئەرەستۆ

□ ئەرەستۆ مەزنترین بلیمەتی هزری یۆنانییە دوای ئەفلاتونی مامۆستای. هەندێک پێیانوایە ئەفلاتون و ئەرەستۆ باڵیان بەسەر هەموو هزری خۆرئاواییدا کێشاوەو هیچ بیریارێک ناتوانێت لە فەلسەفەدا کاربکات و کار لەگەڵ یەکێکیاندا نەکات. ئەفلاتون بە شێوەیەکی تۆکمە جیهانی فەلسەفەی دامەزراندو بە بلیمەتییەکی ناوازەوە تیوریی فۆرمەکانی کرد بە بناغەی ئەو جیهانە. لە بەرامبەریشدا ئەرەستۆ مامۆستای هزری رەخنەییە کە بناغەی یەکەمی زانست بە شێوەیەکی زۆر تۆکمە دادەمەزرێنێت، بە پێچەوانەی مامۆستاکەیەوە زیاتر روو دەکاتە ماتماتیک. هەندێک لە گێڕانەوەکان دەڵێن ئەفلاتونی مامۆستای ناوی ناوە "نۆس" واتە ئەقڵ. ئەرەستۆ دەرکەوتوترین بیریاری قوتابخانەی ریالیزمە لە مێژووی هزری ئەوروپاییدا. ئەرەستۆ لە یەک کاتدا فەیلەسوف و لۆژیکزان و زاناشە. دامەزرێنەری سیستمێکی بیرکردنەوەیە کە بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست فەلسەفەی سکۆلاستی هەردوو ئاینی مەسیحی و ئیسلامیش پشتیان پێبەستووە. لە لایەکی تریشەوە ئەرەستۆ پۆلێنکەرێکی مەزنی کاتیگۆرییەکانی زمان و هزری مرۆڤە. لێرەدا لە مامۆستاکەشی تێپەڕاندووەو باشتر لە پێویستی زمان تێگەیشتووەو وەکو ئامرازێکی ئەفرێنەرانەتر بەکاری هێناوە.

لە هاوینی ساڵی ٣٨٤ پ.ز دا لە ستاگیرۆس کەدایک بووە، کە کۆڵۆنییەکی بچووکی باکوری یۆنان بووە. نیکۆماخۆسی باوکی پزیشکی شا ئامینتاسی پادشای مەکەدۆنیا بووە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەرەستۆ لە کۆشکی شاهانەوە نزیک بێت و کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر ژیانی جێهێشتووە. بە هۆی پیشەکەی باوکییەوە هەر زوو خراوەتە بەر مەشق و ئیپیدێکیاکەی هیپۆکراتیسی خوێندووە، لەویشەوە زانیارییەکی باشی دەربارەی پزیشکی و بایۆلۆجیای ئەو سەردەمە پەیدا کردووە. باوکی ئەندامی گروپێکی پزیشکی بووە، پێیانوتراوە کوڕانی ئەسکیلاپیەسی خودای داودەرمان.

سەفەری ئەسینا

هێشتا کوڕێکی منداڵ بووە کە باوکی مردووەو پرۆکسینۆسی خزمی سەرپەرشتی پەروەردەکردنی کردووە. دواتر رێکەوت وا دەبێت کە ئەرەستۆش کوڕی برۆکسانس گەورە بکات و چاکەکەی بداتەوە. لە ساڵی ٣٦٧ دا و لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا رووی کردۆتە ئەسیناو پەیوەندی کردووە بە ئەکادیمیاکەی ئەفلاتونەوەو مزیکەی بیست ساڵ ئامادەی وانەکانی ئەفلاتون بووە، پاشان هەر لەوێ دەستی کردووە بە وتنەوەی وانەی رەوانبێژی لە پاڵ مامۆستاکەیدا. وا چاوەڕوان دەکرا دوای مردنی ئەفلاتون ئەم جێگەی بگرێتەوە، بەڵام سپیۆسیپۆسی خوشکەزای ئەفلاتون خرایە جێگەی. دوای ماوەیەکی کەم لەسەر بانگهێشتی هێرمیاسی هاوڕێی کە فەرمانڕەوای ئاتارنیۆس و ئاسۆس بوو لە میسانیا، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا کە یەکێکیان سیۆفراستۆسی قوتابی و هاوڕێی بووە، روو دەکاتە ئەوێ و بۆ ماوەی سێ ساڵ دەمێنێتەوەو هێرمیاسی خوشکەزای پادشا دەخوازێت. دوای ماوەیەک هاوسەرەکەی دەمرێت و ئەویش هێرپیلیس دەخوازێت و کوڕێکی لێی دەبێت و بە یادی باوکییەوە ناوی دەنێت نیکۆماخۆس. لە کۆتایی ساڵی سێهەمیدا فارسەکان هێرمیاس لەسەر تەخت لادەبەن و ئەرەستۆش روو دەکاتە میتیلینی. پاشان فیلیپی مەکەدۆنی بانگهێشتی دەکات تا ببێت بە مامۆستای ئەسکەندەری ١٣ ساڵانە کە دواتر دەبێت بە ئەسکەندەری مەزن. پێنج ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە و رێزێکی زۆری لێدەگرن و مووچەیەکی باشی بۆ دەبڕنەوە. هەندێک لە گێڕانەوەکان دەڵێن کۆشکی شاهانە هەزاران کۆیلەیان خستبووە خزمەتییەوە بۆ ئەوەی نمونەی بۆ کۆبکەنەوە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستە سروشتییەکان، وەلێ پێناچێت ئەمە دروست بێت.

لەکۆتایی ساڵی پێنجەمدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەسینا، کەلە دوای مردنی ئەفلاتونەوە جێی هێشتبوو. لە گەڕانەوەیدا بینی قوتابخانەی ئەفلاتونی بەتەواویی گەشەی کردبوو، ببوو بە فەلسەفەی باڵادەست لە ئەسینا. ئەرەستۆش قوتابخانەیەکی تایبەت بەخۆی دامەزراندو ناوی لایسییەمی بەسەردا بڕا. لەوێ بە دەم پیاسەکردنەوە وانەی دەوتەوەو قوتابییەکانیشی لەگەڵیدا دەهاتن و دەچوون، بۆیە دواتر ناوی قوتابخانەی پیاسەکەرانەوە ناسرا. ئیتر بۆ ماوەی سیانزە ساڵی داهاتوو سەرقاڵی وانە وتنەوە بوو، لە هەمانکاتیشدا خەریکی نوسینەوەو مشتومالکردنی تێزە فەلسەفییەکانی بوو. هەندێک لە گێڕانەوەکان دەڵێن بەیانیان وانەی درێژو خەستو چڕشی بە بازنەیەکی تەسکی قوتابییە پێشکەوتووەکانی دەوتەوەو ئێوارانیش وانەی ئاسان و خۆشهەرسی بە ئارەزومەندان و یارانی قوتابخانەکەی دەوتەوە. لە ساڵی ٣٢٥ ئەسکەندەر دەمرێت و فەرمانڕەوایی مەکەدۆنییەکان لە ئەسینا کۆتایی پێدێت، ئیتر ئەوانەی هەواداری ئەوان بوون جێیان پێ لێژ دەبێت. تۆمەتی بێئاینی دەدرێتە پاڵی ئەرەستۆو ئەویش هەڵدێت بەرەو کالیاس. دواتر لەو بارەیەوە دەڵێت "نەمهێشت ئەسینایییەکان دەرفەتێکی تریان هەبێت تا خراپەیەکی تر بەرامبەری فەلسەفە بکەن، وەک ئەوەی لەگەڵ سۆکرات کردیان. بەرلەوی ساڵێک بەسەر هەڵاتنەکەیدا تێبپەڕێت تووشی زگئێشەیەکی سەخت دەبێت و لە ساڵی ٣٢٢ دا دەمرێت. لە وەسێتەکەیدا نوسیویەتی "لە هەر جێگایەکدا تەرمەکەی منتان ناشت، خۆڵەمێش فبیسای هاوسەریشم بگوێزنەوە بۆ ئەوێ، چونکە ئەوە داوای خۆی بووە". ■

سەنتەرە رۆشنبیرییەکان و قەیرانی بێ پرۆژەیی

سازدانی مێزگرد: نوری بێخاڵی

□ دوای راپەڕین هەلومەرجێکی سیاسی نوێ هاتە ئاراوە، کەبەهۆیەوە دەرگای ئاسۆیەکی نوێ بەسەر ژیانی کۆمەڵی کوردستاندا کرایەوە، زەمینەیەکی لەباری رەخساند بۆ ئەوەی تەواوی چین و توێژو کایەکانی کۆمەڵ بەجیاوازی ئینتیمای ئاینی سیاسی، نەتەوەییان لەماف و ئازادی و خەونەکانیان بەرخورد بن.

ئەو هەلومەرجە نوێیە بەرۆڵی خۆی دەرفەتی مومارەسەی ئازادانەی کاری سیاسی، رۆشنبیری لەبەردەم کۆی پێکهاتەکان کردەوە.. دەرکەوتنی حزبی سیاسی نوێ، زیادبوونی کەناڵەکانی میدیاو ئازادی رۆژنامەگەری، دامەزراندنی کۆمەڵەو کۆری رۆشنبیری و کلتوری و سەندیکای پیشەیی و دیموکراتی... هتد، سیمایەکی گەش و مژدە بەخشی ئەو قۆناغە سیاسیە بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قۆناغەکە بەدەرنەبوو لەهەڵەو کەموکورتی.

دامەزراندن و پێکهێنانی گروپگەلی رۆشنبیری لەژێر ناوی جیاجیای (ناوەند، سەنتەر، کۆمەڵە، بزاڤ)، لەشوێنکاتی جیاواز دیوێکی ئەم گۆرانکاریانە بوو.. واتە بەگوێرەی رەخسانی دەرفەت و، ئامادەگی زەمینەی خودی و بابەتی لەزۆر شوێنی کوردستان ئەو سەنتەرانە دامەزران. هەندێکیان توانیان تەمەنێک لەکارو چالاکی بگوزەرێنن و ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن، هەندێکی تریان لەساتەوەختێکی دیاریکراودا دەرکەوتن و دواتر لەبەر هەر هۆکارێک بێت ئەستێرەی بەختیان ئاوابوو.. هەندێکیشیان هەر بەمردوویی لەدایک بوون. لەنێویشیاندا هەبوون بەسەرەتایەکی جوان دەستیان پێکرد، دواجار وەک ناوێکی بێ ناوەرۆک تا ئێستاش مانەوە.

بەهەرحاڵ، مەبەستی ئێمە لێرەدا دامەزراندنی ئەو سەنتەرانە نییە، ئەوەندەی مەبەستمان چییەتی و چۆنیەتی ئەو سەنتەرانەو، زەمینەی دامەزراندن و باکگراوندەکەیانە، هاوکات لەگەڵ ئەو گرفت و کێشەو قەیرانانەی ئەو سەنتەرانە هەیانە.

بێگومان دنیای رۆشنبیری، دنیایەکی گەورەو پانتاییەکی بەرفراوانی کارکردنە، بەڵام کارکردن تێیدا هەروا سادەو ئاسان نییە، چونکە ئەم جیهانە زەمینەو باکگراوند.. کارەکتەری جدی و پرۆژەی گەرەکە، دواتر کاری رۆشنبیری بەر لە هەموو شتێک عەرەب وتەنی (هطیم)ە، واتە ئەو کەسەی بیەوێت بخزێتە نێو پرۆسەکە پێویستە هەڵگری ئەو (هطیم)ە بێت و پرۆژەی جدی هەبێت.. لێرەوە نەبوونی پرۆژەی جدی رۆشنبیری، نەبوونی پێوەرێک، یان پێناسێک بۆ کارەکتەرەکان، تێکەڵکردنی ئەرک و وەزیفەی رۆشنبیری بەبابەت و پرسگەلی نامۆ دوور لەو دنیایە، کاریگەری گوتاری حزبی (ئەگەر نەڵێین پاشکۆیەتی) و رەنگدانەوەی لەکارو چالاکیەکاندا، گرنگترین ئەو قەیران و گرفتانەن کە زۆر لەو سەنتەرانە گیرۆدەی بوون، هەموو ئەمانەش بەرۆڵی خۆیان راستەوخۆ یان ناراستەخۆ لەبەهاو ئەرکی رۆشنبیری و شوناسی رۆشنبیریان کەمکردۆتەوەو، سیماکانیان شێواندووە.

دەڤەری سۆران و دەوروبەری دەمێکی درێژ بەو جۆرە بزاڤانە ئاشنایە، سەرەتا ناوەندی رۆشنبیری سۆران و بەدوای ئەویش ناوەندەکانی رواندزو خەلیفان و چۆمان و هەریرو شەقڵاوە، لەو دەڤەرەدا دامەزران.. هەر یەکێکیش لەو سەنتەرانە (چونکە لەدوای کۆنفرانسی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ناوەندە رۆشنبیریەکان، وشەی سەنتەر بووە ناوی ستانداری کۆرو کۆمەڵەکان) بەدەست کۆمەڵێک کێشەو قەیران دەناڵێنێت.. بۆیە بەدواداچوونی ئەم قەیران و گرفتانەو، بەرهەمهێنانی دیالۆگێکی شارستانی ئازاد لەنێوان ئەو سەنتەرانەو رۆشنبیرانی دەرەوەی سەنتەرەکاندا، ئەم مێزگردەمان بەبەشداری هەریەکە لەو بەرێزانە سازکرد:

١.سدیق سەعید- سەرۆکی سەنتەری رۆشنبیری رەواندز.

٢.ئیرۆن عمر- سەرۆکی سەنتەری رۆشنبیری خەلیفان.

٣.فەرمان سالح- سەرۆکی سەنتەری رۆشنبیری سۆران.

٤.سەباح خەیری- بەرپرسی رۆشنبیری و هونەری سۆران، سەر بەوەزارەتی رۆشنبیری.

٥.جمال پیرە- نوسەر.

٦.محەمەد حاجی کەریم- رۆژنامەنوس.

٧.سعداللە برایم خان- نوسەر.

- ئێوە وەک کاراکتەری نێو سەنتەرە رۆشنبیریەکان، چۆن دەڕواننە پرۆژەی رۆشنبیری؟ یان پێناسەتان بۆ ئەم چەمکە چییە؟

ئیرۆن: بەرای من ئەم چەمکە وەکو پرۆژە جیاوازی هەیە لەگەڵ شتەکانی تر وەکو چەمک و تێگەیشتن، ئەگەر مەبەستت پرۆسەکەیە، دیارە مەرج نییە ئەوانەی بەم کارە هەڵدەستن لەهەموو حاڵەتەکاندا رۆشنبیران بن. دەتوانرێت ئیدارەیەک، دەزگایەک یاخود حزبێک بەم کارە هەڵسێت، یان هەر کایەیەکی تری نێو کۆمەڵ دەتوانێت ئەم کارە ئەنجام بدات و، تەمویلی بکات و رێگە لەبەردەم ئەو خەڵکانەدا بکاتەوە کە دەتوانن کار لەبواری رۆشنبیریدا بکەن، ئەمە وەکو پرۆژە، بەڵام وەکو چەمک دەکرێت لەدانانی پرۆژەیەکدا رۆشنبیران رۆڵیان تیایدا هەبێت. واتە رەهەندی پرۆژەکان شی بکاتەوەو پلان دابنێت بۆ ئەوەی چی بکرێت و چۆن بێت. پرۆژە رۆشنبیریەکان مێژوویەکی دووریان هەیە، دەمێکە ئەو شێوە پرۆسانە لەئارادان، ئەوە لەدنیادا، بەڵام بەرای من تاکو ئێستا شتێک نییە لەکوردستان ناوی پرۆژەی جدی لێ بنرێت، مەبەستم وەکو پرۆژەیەکی سەربەخۆی دوور لەدەست تێخستن. بەبروای من ئەوەی هەبووەو هەیە، ئەگەریش پرۆژەی رۆشنبیری بووبن، بەڵام مەبەستێکی دیاریکراویان لەپشت بووەو لەپشتە. کاتێک پرۆژەیەکی سەربەخۆ دێتە ئارا، کەکاراکتەری رۆشنبیری سەربەخۆ هەبن و بۆ خۆیان بتوانن لەو بوارەدا سەرمایەگوزاری بکەن.

فەرمان: پێموایە، خودی ئەو سەنتەرانە بۆخۆیان پرۆژەن، کاتێک کۆمەڵێک گەنج کۆبونەتەوەو سەنتەرێکیان دامەزراندووە، واتە پرۆژەیەکیان هەیە. بەڵام سەرخستنی و بەردەوامی ئەو پرۆژەیە پێویستی بەهاوکاری و پشتگیری هەیە. ئەو سەنتەرانە لەبەرئەوەی بنەمایەکی دارایی تۆکمەو سەرچاوەیەکی بەردەوامی داراییان نەبووە، وردەوردە لاواز بوون، ئەگینا بێگومان پرۆژەن. جگەلەوە ئەوانەی سەنتەرەکانیان دامەزراندووە لەبیریاندا پرۆژەو بەرنامەیەک هەبووە، کەبەهۆی کۆنفرانس و گۆرانی کاریەکتەرو هەڵسورێنەرەکانیان لەشوێنێکدا وەستاون و دەستەی نوێ رەنگە بیرکرنەوەو پرۆژەی جیاوازی لەوەی پێش خۆی هەبێت، کەئەمیش بەرۆڵی خۆی پرۆژەکانی نیوەچڵ و ناکامڵ کردووە. بەبروای من هەریەک لەو سەنتەرانە ئەگەر دەستکردی حزب و لایەنێک نەبن و، بەرهەمی بیرکردنەوەو دنیا بینی کۆمەڵێک رۆشنبیر بن، ئەوە پرۆژەن، پێچەوانەش رێک دژی ئەو بۆچوونەیەو تێکەڵکردنە لەنێوان دنیای رۆشنبیری و کاری تر.

سدیق: من وای دەبینم کەپرسیارەکە وردتر بکەینەوە، چونکە قسەکردن لەسەر پرۆژە، دەکرێت قسەکردن بێت لەدوو دیو، لەدوورەهەند، پرۆژە وەک بەرهەمی تاکەکەس، پرۆژە وەک کاری دەستە جەمعی و سەنتەری رۆشنبیری. چونکە کەسێک کە پرۆژەیەکی رۆشنبیری هەیە، جیاوازە لەپرۆژەی سەنتەرو گروپێک.. وەکو تاک ئەوەندەی من ئاگادارب هیچ پرۆژەیەکی رۆشنبیری بەدی ناکەین کەکەسێک چ بۆ خۆی پێی هەستابێت و، یاخود خستبێتیە بەردەم ئەو سەنتەرانە تاکو کاری لەسەر بکەن. بەمەبەستی پراکتیزەکردن و هاوکاری کردنی. لەگەڵ کاک (فەرمان) دام کەئەو سەنتەرانە بۆ خۆیان پرۆژەن، بەڵام کەی و چۆن؟ کاتێک ئەمە وەک پرۆژە سەیر دەکرێن کەبەرهەمو دەستکەوتێکیان لەو بوارەدا هەبێت و جۆرێک لەکارایی و ئەکتیڤیان پێوە دیار بێت. پێموایە پرۆژەی رۆشنبیری فرە رەهەندو بەروکاری جیا دەردەکەون، هەر لەسازدانی کۆرو سیمینار بگرە، یان چالاکی تری بواری رۆشنبیری، یاخود دەرکردنی بڵاوکراوەیەک، یان پرۆژەیەکی هەمەلایەنی درێژخایەن.. دواتر بارودۆخ و هەلومەرجی خودی و بابەتی نێو سەنتەرەکان لەم بوارەدا رۆڵ دەگێرن. بەهەرحاڵ دەتوانم قسەکانم لەوەدا پوخت بکەمەوە کەواکەم تازۆر ناتوانین بڵێین کەئەمرۆ پرۆژەی رۆشنبیری لەئارادان، بەڵکو ئەوەی هەیە هەندێک بزاڤ و جموجوڵ و چالاکی رۆشنبیری بچربچرن کەناچنە خانەی پرۆژە.

-ئەگەر ئەوە سەرنجی برادەرانی سەنتەرەکان بێت، ئێوە وەک کەسانی دەرەوەی سەنتەرەکان راتان چییە؟

محەمەد: ئەگەر سەیری بزاڤی رۆشنبیری ناوچەکەمان بکەین، دەتوانین بڵێین کە بزاڤی کورت خایەن بووە، بەردەوام لەهەڵبەزو دابەزدا بووە.. لەقۆناغێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز بووە. دەکرێ بڵێین هەریەک لەو بزاڤانە هەڵگری پرۆژەیەکی رۆشنبیری بووبن، بەڵام چ جۆرە پرۆژەیەک؟ ئەوەی من دەیبینم نەک تەنها پرۆژەی رۆشنبیری نین، بگرە بزاڤێکی چالاک و کاراو کاریگەریش نین و، تەنها چەند هەوڵێکن و بەس، ئەوەی سەنتەرەکانیش تا ئێستا پێشکەشیان کردووە لەم چوارچێوە تەسکە دەرناچێت. رەنگە لەشوێنێکدا کاتێک بزاڤەکە بەگورترو چالاکیەکان بەرهەمهێنتر بووبن و، هەمەلایەنتر بووبن و بزاڤەکە هەوڵی دابێت خۆی لە سەرتاسەری کوردستان نزیک بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە بزاڤی رۆشنبیری لەو جوگرافیایەی قسەی لەسەر دەکەین، تارۆژی ئەمرۆ نەیتوانیوە پرۆژەیەک بگەیەنێتە ئامانج و مەرامی خۆی. بۆیە پێموایە ئەو پرۆسەیە لەناوچەکەماندا بەپرۆژەی رۆشنبیری ناژمێردرێن، بەڵکو کۆمەڵێک بزاڤی کورتخایەن و ناکاریگەرن.

سعداللە: سەرەتا بەوە خۆشحاڵم کەبرادەران بوێرانەو بەشێوەیەک لە شێوەکان دان بەوەدا دەنێن کەهیچ پرۆژەیەکی رۆشنبیری کەلەئاستی پێویستدا بێت لەناوچەکەماندا نییە، ئەمەش کۆجیتوی (کانت)مان دەخاتەوە یاد (بیردەکەوە کەواتە هەم). ئەم رەوشەو شێوە قسەکردنە بەسەرەتایەک دەبینم بۆ هاتنە ئاراپرۆژەیەکی جدی لەناوچەکەدا. دەبێت ئەوەش بزانین گرفتی نەبوونی پرۆژەی رۆشنبیری تەنها لەسۆراندا نییە، بەڵکو دەتوانم بڵێم لەهەموو کوردستان بۆتە جێگەی پرسیار، بەڵام رەنگە لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر جیاواز بێت. هەروا پێویستە جیاوازی لەنێوان پرۆژەو پرۆسەشدا بکەین، پرۆسە چەمکێکی گشتی خۆرسکەو لەبیرکردنەوەی خەڵکدا رەنگ دەداتەوە بەبێ هیچ رێکەوتنێک، بەڵام پرۆژە شتێکە پێشوەختە رێککەوتنێکی لەسەر دەکرێت و ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە. ئەگەر لەم ناوچەیەدا باس لەپرۆژە بکەین دەبێت هەر توێژێک خۆی لەوانیتر لەروی بیرکردنەوە جیابکاتەوە. ئەگەر خوێندکاران وەربگرین، ئاخۆ لەو دەڤەرەدا خوێندکاران چەند کاریان بۆ ئەوە کردووە لەکەسێکی سەرشەقام جیاواز بن؟ چۆن توانیویەتی خۆی و پرۆژەو دنیابینیەکانی بەشێوەیەکی جیاواز لەتوێژەکانی تر بخاتە روو، دیارە جگەلەوەی پاشکۆی حزبن شتێکی تر نییە، ئەمەش نەک هەر لە سۆران، بگرە لەتەواوی کوردستانیش هەروایە، بەهەمان شێوە توێژی ژنان... هتد. کەواتە کەقسە لەپرۆژە دەکەین، دەبێت قسە لەوە بکەین کەهەر توێژە تاچەند توانیویەتی شوناس و تایبەتمەندیەکانی خۆی پەرەپێبدات و هەڵگری گوتارێک بێت؟ لەم روەوە دەتوانم بڵێم ئەمرۆ لەسۆران تروسکاییەک بەدی دەکەم، تروسکاییەک کەبەهەوڵ و کۆششی هەموو لایەک، دەکرێت موژدەبەخشی تێپەراندنی ئەم چەقبەستنە بێت، کەئیدی کۆمەڵگە لەو قەیرانە دەربازی بێت و، بگەینە ئاستێک کەچیتر توێژەکان ئیرادەیان لەبەرامبەر حزب و داب و نەریت و چی و چیدی لاواز نەبێت. لەسۆران پێویستە ئیش لەسەر چی بکرێت و ئەو پرۆژەیە چییە کە دەبێت مشوری بەرجەستەکردنی بخورێت؟ ئەوە پرسیارە گرنگەکەیە، ئێستا لەدەڤەرەکە دوو رۆحی جیاواز هەن، رۆحێک تەسلیم بەقەدەری دەسەڵات و شتەکانی تر بووە، رۆحێک دەیەوێت لەم رەوشە ئاڵۆزە رزگاری ببێت و بەدوای شوناس و کیانی خۆیدا دەگەڕێت، پێویست دەکات بەهەموو لایەکمان ئیش لەسەر کاراکردنی رۆحی دووەم بکەین.

جەمال: بەرای من قسەکردن لەسەر پرۆژەی رۆشنبیری، بەبێ جیاکردنەوەی وێنەکانی رۆشنبیر، قسەکردنێکی سەقەتە، چونکە رۆشنبیر لەکوردستاندا کەسۆرانیش بەشێکیەتی دوو وێنەی زۆر جیاوازی هەیە. مەرج نییە ئەوەی دەسەڵات پێی رۆشنبیرە، رۆشنبیر بێت، ئەوەی پێشی رۆشنبیر نییە، رۆشنبیر نەبێت. رۆشنبیر لەو سنورە هێشتا بەهەڵە لەوە تێگەیشتووەو پێی وایە ئەگەر حزبی بێت، دەبێت هەر لەتوێی ئەو عەقڵە کلاسیکیەدا بیر بکاتەوە کەقسە لەسەر دەسەڵات و شتە حەرامکراوەکان نەکات، ئەوەی دەیبینم لەدەڤەری سۆران، کەدەڵێم سۆران واتە خودی سۆران و شارو شارۆچکەکانی سنوری خۆی، بەدەگمەن و تاک و تەرا نەبێت، کەم کەس لەوانەی بانگەشەی رۆشنبیری دەکەن ریچکەیان بەخۆیان داوە قسەلەسەر کێشە بنەرەتیەکانی ناوچەکە بکەن و هەڵگری گوتارێکی رۆشنبیری رەخنەیی جدی بن. کەواتە کەسێک، گروپێک، سەنتەرێک بانگەشەی ئەوە بکات کەکۆمەڵ پێویستی بەگۆرانکاری ریشەیی هەیە لەکۆی پێکهاتەو بونیادەکانی، بەڵام هەق بەخۆی نەدات قسەلەسەر دەسەڵات، داب و نەریت، ئایین، گەندڵی و شتی تر نەکات. چۆن دەکرێت بڵێیت پرۆژەی رۆشنبیری لەئارادایە؟ (دۆلۆز) لەشوێنێکدا دەڵێت (من ئەو وانەیە دەڵێمەوە کەخۆم لێی دەکۆڵمەوە، نەک ئەوەی کەدەیزانم). لێرە قسە لەسەر شتگەلێک دەکرێت کەهەموو خەڵک دەیزانێت، واتە تا ئێستا کەس خۆی لەسەر شتە گرنگ و هەستیارەکان خەریک نەکردووە. سەنتەرە رۆشنبیریەکانی سنوری سۆران هەوڵیانداوە کارێک بکەن، بزاڤ و جموجوڵیشیان هەبووە، بەڵام وەک پرۆژە نەبووە، ئەوەی کەبۆشیان نەکراوە، دیارە هۆکاری خۆی هەیە، کاک (فەرمان) ئاماژەی بەلایەنی ماددی کرد، بەڵام وەک ئاگادارم ئێستا هیچ کام لەو سەنتەرانە ئەو گرفتەیان نییە.

سەباح: من وەک نوێنەری وەزارەت قسە ناکەم، بەڵام لەکۆنفرانسی ناوەندە رۆشنبیریەکان لەوەزارەت سازیداو بۆخۆشت ئامادەبوویت، لەدوای کۆنفرانس و هەموو لایەکیشتان ئاگادارن کەوەزارەت هاوکارییەکی ماددی باشی تەواوی سەنتەرو کۆرو کۆمەڵەکانی کوردستانی کردووە، بەوانەی سنوری سۆرانیش، پشتگیری باشی کردوون، کەلوپەل و پێداویستی بۆ دابینکردوون، لەو کاتەوە بەخشینی (منحە)ی مانگانەی پێداون.. واتە لایەنی ماددی ئێستا گرفت نییە، بەڵکو گرفتەکە سستی و نائامادەگی و بێ بەرنامەیی خودی سەنتەرەکان کێشەیە، رەنگە لەسەنتەرێکەوە بۆ یەکێکی تر ئەمە جیاواز بێت، بەڵام دەتوانم بڵێم تاکو ئێستا وەک پێویست نین و لەئاستی ئەو هاوکارییە دارایی و ئەرکە رۆشنبیریەکانیاندا نەبوو، واتە زۆربەی هەرە زۆریان وەک پێویست نەبوون. ئەمەش وایکرد کەوەزارەت پێداچونەوەیەک بەکاری ئەو سەنتەرانەدا بکات، ئەوەبوو لەدانیشتنی بەرێز وەزیری رۆشنبیری لەگەڵ نوێنەرو سەرۆکی سەنتەرەکان لەم دواییە ئاماژەی بەم گرفتە کرد. جگە لەمە، واتە وێرای بەخشینی مانگانە، وەزارەت لەبەرامبەر هەر چالاکیەکی رۆشنبیریدا هاوکاری دیاریکراو بەگوێرەی چالاکیەکەی هاوکاری سەنتەرەکانی کردووە. بەڵام سەیر دەکەیت سەنتەر هەیە ساڵێک زیاترە بەخشین وەردەگرێت کەچی هیچی نەکردووە، لەوەش بترازێت پلان و نەخشەیەکیشی نییە. هەروەها زۆرجار هەندێک لەو سەنتەرانە چالاکی وایان بەناوی کاری رۆشنبیرییەوە ئەنجامداوە کەدوورونزیک پەیوەندی بەکاری رۆشنبیریەوە نەبوەو نییە، ئەوەی هەیە هەندێک بزاڤ و چالاکی و جموجوڵی بچربچری رۆشنبیرییە.

- ئەم وەڵامانەی ئێوە دەمانباتەوە بۆ پرسیارێکی گرنگ، کاراکتەری رۆشنبیر هەڵگری خەونێکە، یاخود هەممێکە کەکاری جدی بۆ دەکات، خەونێک هەموو کەسێک بەهەند سەیری ناکات، لێرەوە ئاخۆ دەتوانین بڵێین کاراکتەری

> بێگومان دنیای رۆشنبیری، دنیایەکی گەورەو پانتاییەکی بەرفراوانی کارکردنە، بەڵام کارکردن تێیدا هەروا سادەو ئاسان نییە، چونکە ئەم جیهانە زەمینەو باکگراوند.. کارەکتەری جدی و پرۆژەی گەرەکە

نێو سه‌نته‌ره‌كان هه‌ڵگری ئه‌و خه‌ونه‌ن؟ به‌دیوێكی تر نه‌بوونی ئه‌و خه‌ونه‌و تێنه‌گه‌یشتن له‌ئه‌رك و په‌یامی رۆشنبیر لای زۆرێك له‌كاراكته‌ری ئه‌و سه‌نته‌رانه بۆ خۆی هۆكارێكی سه‌ره‌كی نه‌بوونی پرۆژه‌ی رۆشنبیری جدی نییه‌؟

ئیرۆن: بێگومان له‌پاڵ كۆمه‌ڵێك هۆكاركه گرفتن له‌به‌رده‌م كاری رۆشنبیری، ئه‌مه‌ش هۆكارێكی تره كه‌ده‌مویست قسه‌ی له‌سه‌ر بكه‌م. سه‌باره‌ت به‌م كێشه‌یه من پێموایه په‌یوه‌سته به‌پێكهاته‌و بونیادی كه‌سایه‌تی كاراكته‌ره‌كانی نێو سه‌نته‌ره‌كان. واته پێویست ده‌كات قسه له‌سه‌ر خۆمان بكه‌ین، ئه‌وانه‌ی له‌نێو سه‌نته‌ره‌كانداین. به‌بروای من زۆربه‌مان هه‌ڵگری شوناسێكی دوانه‌یی (مزدوج)ین له‌كه‌سایه‌تیماندا، ئه‌و پێكهاته‌یه‌ش بۆ ئه‌وه ده‌گه‌رێنمه‌وه كه تائێستا رۆشنبیری لای ئێمه (حرفه) نه‌بووه، یان ئه‌وكایه گرنگه نه‌بووه كه‌به‌هۆیه‌وه خۆمان له‌ته‌واوی په‌یوه‌ندیه ئابوریه‌كانی تر دابماڵین. دیاره هه‌ریه‌ك له‌ئێمه وه‌زیفه‌یه‌كی تری جیا له‌كاری رۆشنبیری هه‌یه‌و وه‌كو سه‌رچاوه‌ی گوزه‌ران. لێره‌وه كاركردن له‌كایه‌ی رۆشنبیریدا لای ئێمه بۆته كارێكی لاوه‌كی، یان بۆته‌كاری دووه‌م كه‌به‌ره‌نجامی حه‌زوئاره‌زووه، نه‌ك ئه‌رك. هه‌رچه‌نده من له‌گه‌ڵ ئه‌و تێگه‌یشتنه نیم كه‌رۆشنبیری وه‌كو ئه‌رك بزانم، سه‌باره‌ت به‌زۆرێكیش له‌وانه‌ی ئه‌ندامی سه‌نته‌ره‌كانن، یان له‌ده‌ره‌وه‌ی سه‌نته‌ره‌كانن هه‌مان هاوكێشه راسته. وێرای ئه‌وه من ئه‌و دوانه‌یه بۆ شتێكی تریش ده‌گه‌رێنمه‌وه، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه كه‌رۆشنبیری چ وه‌ك چه‌مك یان گوتارو بوونی به‌خه‌ونێك لای كه‌سه‌كان لێره مێژوویه‌كی دووری نییه‌و كه‌متر كاری له‌سه‌ر كراوه‌و نه‌بۆته جێی گرنگی پێدان. بۆیه ئه‌مه‌ش وایكردووه كایه‌ی رۆشنبیری ئه‌و بایه‌خ پێدانه به‌خۆیه‌وه نه‌بینێت.

فه‌رمان: من له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دام، به‌ڵێ كه‌م تازۆر له‌كاراكته‌ره‌كان هه‌ڵگری ئه‌و خه‌ونه نین، ده‌كرێت بڵێین جۆرێك له‌فزوڵیه‌ت له‌لای ئه‌و كه‌سانه هه‌یه، به‌وه‌ی بڵێین ئه‌وه ئێمه‌ش رۆشنبیرین، له‌زۆر سه‌نته‌ره‌كاندا ره‌نگه یه‌ك دوانێك بتوانن له‌ئاست به‌رپرسیارێتی رۆشنبیریدا بن، ئه‌گینا زۆربه‌یان به‌مه‌به‌ستی جیاوازه‌وه خزاونه‌ته نێو كاره‌كه. جگه‌له‌وه سه‌قه‌تی ئه‌و پرۆژانه ئه‌گه‌ر هه‌بن، بۆ ئه‌وه ده‌گێرمه‌وه كه‌ئه‌و سه‌نته‌رانه توانای دارایی خۆیان له‌حزب وه‌رده‌گرن، به‌مانایه‌كی تر ئه‌و سه‌نته‌رانه له دوكانێك ده‌چن، كاڵاكانی حزب ساغ ده‌كه‌نه‌وه، هه‌ر پرۆژه‌یه‌كیش له‌ده‌ره‌وه‌ی دنیابینیی‌و خواستی حزب، بێ هاوكاری ده‌مێنێته‌وه، چونكه ئه‌گه‌ر حزب هاوكاریت نه‌كات، حكومه‌ت كێیه‌؟

سدیق: پرسیارێكه له‌شوێنی خۆیدایه، من پێموایه مه‌رج نییه هه‌موو كاراكته‌رێكی نێو سه‌نته‌ره رۆشنبیریه‌كان هه‌ڵگری شوناسی رۆشنبیری بن، به‌پێچه‌وانه‌وه ئه‌وه‌ی شوناسی رۆشنبیر ده‌به‌خشێته تاك خودی چالاكی‌و كارایی‌و توانسته فیكری‌و باكگراونده رۆشنبیریه‌كانی ئه‌و تاكه‌یه. كه‌واته له‌زۆر حاڵه‌تدا كاراكته‌ری ئه‌و سه‌نته‌رانه هه‌ڵگری ئه‌و شوناسه نین، به‌ڵام گیرو گازه‌كه له‌وه‌دایه كه‌ئه‌و كاراكته‌رانه له‌رێگه‌ی ده‌نگدانه‌وه هاتونه‌ته نێو ده‌سته‌ی كارگێری سه‌نته‌ره‌كان، واته له‌كۆنفرانسه‌كان‌و له‌ئه‌نجامی هه‌ڵبژاردندا دێته‌ئه‌و شوێنه. به‌مه‌ش له‌رووی یاساییه‌وه ئه‌و كه‌سه شه‌رعیه‌ت وه‌رده‌گرێت، له‌و حاڵه‌ته‌دا تۆ ناتوانی پێی بڵێیت تۆ مافی ئه‌وه‌ت نییه ئه‌ندامی ده‌سته‌ی كارگێری بیت، چونكه ئه‌و ده‌نگی هێناوه، به‌ڵام ده‌كرێت كه‌سێك كه‌ئه‌و توانایه‌ی نییه‌و شیاوی ئه‌و شوێنه نییه، نه‌یه‌ته نێو گه‌مه‌كان‌و وا سه‌یری سه‌نته‌ره‌كان نه‌كات كه دوكانێكن، یان به‌لایه‌نی كه‌مه‌وه هه‌وڵی خۆ پێگه‌یاندن‌و پێشخستن‌و ده‌وڵه‌مه‌ندكردن بده‌ن له‌بواری فیكرو مه‌عریفه‌و زانیاریه‌كاندا.

محه‌مه‌د: من وای ده‌بینم كه‌ده‌بێت بگه‌رێینه‌وه سه‌ر زه‌مینه‌ی دروست بوونی ئه‌و سه‌نته‌ره رۆشنبیریانه، ناكرێت دروست بوونی سه‌نته‌رێكی رۆشنبیری بریارێكی حزبی یان ئیداری بێت، به‌ڵكو ده‌بێت خه‌ونێكی له‌مێژینه‌ی كه‌سانێك بێت‌و له‌قوڵایی ناخی ئه‌و گروپه‌و هه‌ستكردنیان به‌به‌رپرسیارێتی به‌رامبه‌ر مێژوو، كۆمه‌ڵ هه‌ڵقوڵابێت. بۆ نمونه كاتی خۆی سه‌نته‌ری سۆرانمان دامه‌زراند، به‌ربه‌ستیشیان بۆ دروست كردین‌و ساڵێك مۆڵه‌ته‌كه‌مان دواخرا، بگره تاساڵ‌و نیوێك مۆڵه‌تی كاركردنیشیان نه‌دا، به‌ڵام ئه‌وگروپه سور بووین له‌سه‌ر كاركردن، چونكه خه‌ونی ئه‌و كه‌سانه‌و هه‌ستكردنیان بوو به‌هه‌بوونی بۆشاییه‌كی گه‌وره، ئه‌وه هانیدان كه‌شان بده‌نه به‌ر ئه‌م ئه‌ركه. به‌بروای من گیروگازی ئه‌و سه‌نته‌رانه، نه‌ك ته‌نها له سۆران، به‌ڵكو له‌ته‌واوی كوردستان له‌وه سه‌رچاوه ده‌گرێت كه‌هه‌ندێك خه‌ڵك ده‌خزێنه ناویانه‌وه كه‌هیچ په‌یوه‌ستێك به‌دنیای رۆشنبیری‌و به‌رپرسیارێتیه‌كانی نایانبه‌ستێته‌وه. له‌و ده‌ڤه‌رانه‌و به‌شوێنه‌كانی تری كوردستانیشه‌وه، ته‌نها سه‌نته‌رێك كه‌زه‌مینه‌ی له‌باری بابه‌تی‌و بناغه‌یه‌كی په‌ته‌ویان هه‌بوو له‌دامه‌زراندندا، سه‌نته‌ری سۆران‌و بزاڤی ئاكرێ بوون، ئێستاشی له‌گه‌ڵدا بێت بزاڤی ئاكرێ له‌نێوه‌ندی رۆشنبیری كوردیدا ژماره‌یه‌كه

حسابی بۆ ده‌كرێت‌و سه‌نگی خۆی له‌ده‌ست نه‌داوه. ئه‌مه‌ش په‌یوه‌سته به‌شوناسی كاره‌كته‌ره‌كه‌یان، تۆ وه‌ره هه‌ر ناوه‌نده یان سه‌نته‌ره نزیكه‌ی (١٠٠) ئه‌ندامی هه‌یه، ئه‌وه ئه‌گه‌ر زیاتر نه‌بێت، كه‌چی سێ ده‌نگی جدی، سێ كاره‌كته‌ری كه‌هه‌ڵگری شوناسێكی وابن به‌ئه‌سته‌م ده‌دۆزیته‌وه.

سعدالله: به‌ته‌ئكید ده‌بێت كاره‌كته‌ری ئه‌و سه‌نته‌رانه سه‌روكاری له‌گه‌ڵ دنیای رۆشنبیریدا هه‌بێت، گرێدراوی پرسه سیاسی/كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كان بێت، قسه‌ی له‌سه‌ركایه جیاوازه‌كانی ژیان هه‌بێت. به‌رای من گرنگ نییه رۆشنبیر پیاوێكی زانستی بێت، یان شاره‌زاییه‌كی ته‌واوی له‌سه‌رجه‌م بواره كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كان هه‌بێت، به‌ڵام گرنگه ئیدراكی هه‌بێت، درك به‌شته‌كان بكات، كه‌ئه‌مه‌ت نه‌بوو، مانای چی؟ لێره نائاماده‌یی ئه‌و ئیدراك كردنه هه‌یه، ئه‌گه‌ر رێژه‌یش بێت، من سه‌ره‌تا وتم‌و ئێستاش دوباره‌ی ده‌كه‌مه‌وه كه تروسكاییه‌ك لێره ده‌بینم، بوێری ئه‌وانه‌ش بۆخۆی شتێكی گرنگه. به‌ڵام تۆ بێیت گرفته‌كان له‌نه‌بوونی هاوكاری نمایش بكه‌یت، كه حكومه‌ت پشتگیریت ناكات، ئه‌وه هه‌ڵه‌یه‌كی گه‌وره‌یه. چونكه رۆشنبیر قسه‌له‌سه‌ر ده‌سه‌ڵات‌و وه‌همه كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كان‌و سنوره حه‌رامكراوه‌كان ده‌كات، بۆیه‌له‌بنه‌ره‌تدا ئه‌ركی حكومه‌ت‌و ده‌سه‌ڵات نییه ئه‌و هاوكارییه‌ت بكات. هه‌ر له‌به‌رئه‌وه ده‌بێت ئه‌و كه‌سه‌ی بانگه‌شه‌ی كاری رۆشنبیری ده‌كات، ده‌بێت خۆی له‌و خه‌ونه دابماڵێت كه ده‌سه‌ڵات ئه‌كتیڤی بكات.

جه‌مال: به‌بروای من، پێویسته ئه‌و سه‌نته‌رانه سه‌ربه‌خۆیی خۆیان بپارێزن، مه‌به‌ستم سه‌ربه‌خۆیی بیكردنه‌وه‌و بریاردانه. ئه‌وه‌ش به‌وه ده‌كرێت كه‌كاراكته‌ره‌كانیان هه‌ڵگری شوناسێكی رۆشنبیری بن، شوناسێك ره‌نگدانه‌وه‌ی ئه‌زموون‌و بیركردنه‌وه‌و هه‌ست كردن به‌برپرسیارێتی بێت به‌رامبه‌ر ته‌واوی كێشه‌كانی كۆمه‌ڵگه. دواتر له‌هه‌ردوو بواری گوتارو پراكتیكدا نوێنه‌رایه‌تی ویژدانێكی زیندوو بكه‌ن. چونكه گرفتی رۆشنبیری كوردی له‌وه‌دایه كه‌له‌مینبه‌ره‌كان‌و له‌زۆر شوێنێكاندا قسه له‌سه‌ر چه‌مكێك ده‌كات، به‌ڵام له‌بواری پراكتیزه‌كردندا یان ئه‌وه‌تا بروای پێ نییه، یان خودی چه‌مكه‌كه‌و به‌رجه‌سته بوونیشی هێشتا زه‌مینه بابه‌تی‌و خودیه‌كانی له‌ئارادانین. له‌م ده‌ڤه‌ره به‌ده‌گمه‌ن ئه‌و كاراكته‌رو ده‌نگانه به‌رچاو ده‌كه‌ون. زێده‌تر لاساییكردنه‌وه‌و خۆ تێهه‌ڵقورتاندنه.

+ به‌ر له‌وه‌ی قسه له‌سه‌ر خودی كاراكته‌ره‌كان بكه‌ین‌و، ئه‌و مه‌رجانه‌ی پێویسته له كه‌سێكدا بن كه‌ببێته ئه‌ندامی سه‌نته‌رێكی رۆشنبیری، با له‌وه ده‌ستپێبكه‌ین كه‌هه‌ر له‌سه‌ره‌تای دامه‌زراندنی سه‌نته‌ره‌كاندا ده‌بێت ره‌زامه‌ندی‌و مۆڵه‌تی وه‌زاره‌تی ناوخۆیان هه‌بێت، واته پێش بریاری وه‌زاره‌تی رۆشنبیری، ده‌بێت ئه‌و ره‌زامه‌ندی ده‌ربرێت، هه‌ر وه‌زاره‌تی ناوخۆ دانه‌یه‌ك له مۆڵه‌ته‌كه ده‌داته وه‌زاره‌تی رۆشنبیری كه‌فلانه سه‌نته‌ر مۆڵه‌تی یاسایی كاركردنی هه‌یه، ئه‌وه‌ی بۆ وه‌زاره‌تی رۆشنبیری ده‌مێنێته‌وه هاوكاریكردنی سه‌نته‌ره‌كانه، وه‌كو تر سه‌باره‌ت به‌كاراكته‌ری نێو سه‌نته‌ره‌كان‌و ده‌سته‌ی كارگێری، هه‌ست ده‌كه‌یت هه‌ر كۆنفرانسێك به‌رنامه‌ی كوده‌تای كۆمه‌ڵێكه به‌سه‌ر كۆمه‌ڵێكی تر، ئه‌مه‌و سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ی به‌ده‌گمه‌ن ده‌بینێ له‌و سه‌نته‌رانه كاراكته‌ره‌كانی خاوه‌ن شوناسی رۆشنبیری‌و هه‌ڵگری خه‌ونێك بن له‌و بواره‌دا.

-ئایا ئه‌و سه‌نته‌رانه تائێستا چییان كردووه‌و ده‌توانن چی بكه‌ن؟

+ئیرۆن: بێگومان كه‌م تا زۆر هه‌ریه‌كه‌و له‌شوێنی خۆیدا شتێكی كردووه، كه به‌شێوه‌یه‌ك له‌شێوه‌كان خزمه‌تی خه‌ڵكی كردبێت، هه‌ر هیچ نه‌بێت به‌گوێره‌ی قۆناغه‌كان بزاڤ‌و جموجۆڵێكیان دروستكردووه‌و، له‌رێگای چالاكیه رۆشنبیریه‌كانیان ئه‌وه‌یان نیشانداوه كه كۆمه‌ڵگه پێویستی به‌و زاخاو دانه هه‌یه، ره‌نگه توانیبێتیان هانده‌ری توێژی لاوان بووبن بۆ به‌شداریكردن‌و نزیكبونه‌وه له‌و بواره.

به‌هه‌رحاڵ گرنگ ئه‌وه‌یه به به‌رنامه‌ی پوختتر به‌رده‌وامی به‌كاره‌كانیان بده‌ن، چالاكیه‌كانیان له‌جیاتی ئه‌وه‌ی به‌رژه‌وه‌ندی حزب‌و لایه‌نێكدا بشكێننه‌وه، با زیاتر خزمه‌تی كۆمه‌ڵگه‌و كێشه‌كانی بكات‌و، فاكته‌رێكی به‌رزكردنه‌وه‌ی ئاستی هوشیاری‌و هه‌ست به‌لێپرساوێتی كردنی خه‌ڵك بێت به‌رامبه‌ر كێشه‌و گرفته سیاسی - كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كان.

+محه‌مه‌د: پێشتریش وتم كه‌زۆربه‌ی سه‌نته‌ره‌كان جگه له‌وه‌ی خاوه‌ن پرۆژه‌ی جدی نه‌بوون، خاوه‌نی بزاڤێكی لاوازیش‌و كاریگه‌ری‌و ره‌نگدانه‌وه‌بان به‌سه‌ر كۆمه‌ڵگه‌دا به‌دیوه ئه‌رێنییه‌كه‌ی كه‌هه‌ر راسته‌ناوه ناوه چالاكی وه‌رزی له‌بواری رۆشنبیری‌و هونه‌ری ساز ده‌كه‌ن، به‌ڵام نه‌یانتوانیوه خاوه‌ن ستراتیژێكی دیاری كاركردن بن، ده‌توانم بڵێم ته‌واوی چالاكی سه‌نته‌ره‌كان له‌سه‌ر یه‌ك ریتم به‌رێوه‌ده‌چن‌و ده‌قیان به‌چه‌ند چوارچێوه‌یه‌كی دیاریكراو گرتووه‌و، زیاتر كاره‌كانیان دووباره‌و هاوشێوه‌ی یه‌كترن. شتێك كه بتوانن به‌م روحیه‌ته‌ی ئێستایان بیكه‌ن ئه‌وه‌یه بڵێن ئێمه‌ش هه‌ین، ئه‌وه‌تا كۆڕ ساز ده‌كه‌ین‌و سیمینار ئاماده ده‌كه‌ین .. هتد، به‌ڵام ئه‌گه‌ر بتوانن ئه‌و قاوغه سواوه تێك بشكێنن ده‌توانن شتی باش‌و كاری جوان بكه‌ن، گرنگ ئه‌وه‌یه كارو هه‌نگاوه‌كانیان له‌خزمه‌تی خه‌ڵك‌و چاره‌سه‌ری كێشه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كان و به‌رزكردنه‌وه‌ی ئاستی هوشیاری خه‌ڵك دا بێت‌و، تاپێیان ده‌كرێت ئه‌و چالاكیانه‌یان به‌دوور له‌رازیكردنی دڵی ده‌سه‌ڵات‌و حزب‌و لایه‌نێكی سیاسی ئاراسته بكه‌ن، كه به‌مه‌ش سه‌رنجی زۆرترینی خه‌ڵك به‌لای خۆیاندا كێش بكه‌ن. له‌وه‌ش گرنگتر با چالاكیه‌كانیان له‌پێناو چالاكی دانه‌بێت.

+فه‌رمان: به‌بروای من كاتێك ئه‌و سه‌نته‌رانه ده‌توانن شتێك بكه‌ن كه‌كاریگه‌ری‌و ره‌نگدانه‌وه‌ی باشی هه‌بێت، كه به‌ر له‌هه‌ر شتێك پشت به‌خۆیان ببه‌ستن‌و سه‌ربه‌خۆیی خۆیان بپارێزن.. هه‌روه‌ها كه‌سانێك به‌رێوه‌یان ببه‌ن كه له‌خه‌می كاری رۆشنبیری‌و گۆڕانی كۆمه‌ڵایه‌تیدا بن. تائێستا له‌چالاكی نواندن به‌رده‌وامن، چالاكی هه‌مه‌چه‌شنی ئه‌نجام دراون، به‌ڵام ستراتیژو ئامانجێكی دیاریكراو له‌پشتی ئه‌و چالاكیانه نه‌بووه، ده‌كرێ بڵێین بۆئه‌وه بووه كه ده‌نگێك -بزاوتێك- جوڵه‌یه‌ك هه‌بێت‌و، هه‌رهیچ نه‌بێت هانده‌ر بێت بۆشتی باشتر. بێگومانیش ئه‌گه‌ر ئه‌و چالاكیه په‌رته‌وازه‌و پچرپچڕانه‌ش، به‌رنامه‌یه‌كی تۆكمه‌و گوتارێكی جدیان له‌پشت بێت، ده‌توانرێ ره‌وشی رۆشنبیری له‌سنوره‌كه‌دا به‌ئاقارێكی گه‌شتردا ببرێت.

+سعد الله: ده‌كرێ باس له‌ده‌سكه‌وته‌كانی ئه‌و سه‌نته‌رانه بكه‌ین، بزانین چیان كردووه، تائێستا نه‌یانتوانیوه رۆشنبیری سێكسی په‌ره پێبده‌ن، نه‌یتوانیوه قسه له‌سه‌ر ده‌سه‌ڵات‌و وه‌همه كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كان بكات، قسه‌ی جدی له‌سه‌ر گرفته‌كانی ژن نه‌كردووه، نه‌یوێراوه قسه له‌سه‌ر گه‌نده‌ڵی بكات.. ته‌نها چالاكی نواندن له‌چه‌شنی كۆڕێك یان كردنه‌وه‌ی پیشانگه‌یه‌ك و له‌كاتی پچرپچردا ناتوانێت گۆڕان دروست بكات. ده‌كرێ ئه‌م چوارچێوه‌یه تێپه‌رێنن، ئه‌وه چۆن ده‌بێت؟ دیاره به‌گۆڕینی دنیابینی خود كاراكته‌ره‌كان‌و ناسینی ئه‌رك‌و په‌یام‌و به‌رپرسیارێتی رۆشنبیری‌و داڕشتنی به‌رنامه‌ی درێژخایه‌ن‌و ساخكردنه‌وه‌ی چه‌مكه‌كان‌و ده‌رزی ئاژنی بونیادو ستراكتۆری كۆمه‌ڵگه‌و كایه‌كانی ده‌كرێت. به‌ده‌ر له‌وه

ده‌توانم بڵێم ته‌واوی چالاكی سه‌نته‌ره‌كان له‌سه‌ر یه‌ك ریتم به‌رێوه‌ده‌چن‌و ده‌قیان به‌چه‌ند چوارچێوه‌یه‌كی دیاریكراو گرتووه‌و، زیاتر كاره‌كانیان دووباره‌و هاوشێوه‌ی یه‌كترن. شتێك كه بتوانن به‌م روحیه‌ته‌ی ئێستایان بیكه‌ن ئه‌وه‌یه بڵێن ئێمه‌ش هه‌ین

خۆجوینه‌وه دوباره‌كردنه‌وه‌ی قه‌وانه سواوه‌كانه.

+سه‌دیق: دیاره هه‌ر سه‌نته‌رێكی رۆشنبیری به‌گوێره‌ی پێگه‌ی جوگرافی خۆی له‌كوردستاندا ده‌توانێ شت بكات، به‌ڵام ئه‌وه‌ی جێی سه‌رنجه نزیكی زۆر له‌رووی چۆنێتی چالاكیه‌كانی سه‌نته‌ره‌كاندا هه‌یه، ره‌نگه یه‌كێك له‌فاكته‌ره‌كانی سست بوونی بزاڤی هه‌ندێ سه‌نته‌ر له‌و خاڵه‌وه سه‌رچاوه بگرێ.. چۆن؟ ده‌بێ چالاكیه‌ك ئه‌نجام بده‌یت كه‌پێشتر نه‌كرابێت، چونكه دووباره‌بوونه‌وه‌ی بابه‌تی كۆڕه‌كان‌و ته‌نانه‌ت ئه‌و كه‌سانه‌ش كه ده‌یگێڕن، یان دووباره‌بوونه‌وه‌ی پیشانگه‌كان خه‌ڵكه‌كه توشی بێ تاقه‌تی ده‌كات، بۆیه ناچاری بیر له‌چالاكی تربكه‌یته‌وه..بۆیه به‌رای من باشترین شت كه‌سه‌نته‌ره‌كان بیكه‌ن، كردنه‌وه‌ی به‌رده‌وامی خولی رۆشنبیرییه له‌بواری جیاجیادا بۆ چین‌و توێژه جیاوازه‌كان.. سه‌باره‌ت به‌وه‌یش سه‌نته‌ره‌كان چیان كردووه، به‌رای من بوونی ئه‌و سه‌نته‌رانه بۆ خۆی شته، ئومێدێكه، له‌وه‌ی كه هه‌ر نه‌بن. بوونی ئه‌و سه‌نته‌رانه بۆ ناوچه‌كانی كه‌نار گرنگه.

+جه‌مال: من به‌ئاینده‌ی سه‌نته‌ره‌كان گه‌شبینم، خودی به‌رده‌وام بوونی ئه‌و جۆره مێژگردانه زه‌مینه سازی ئه‌وه ده‌كه‌ن كه‌وا كه‌موكورتیه‌كان بناسێن‌و چاره‌سه‌ری گونجاویان بۆ دابنێن‌و، گوروتەكانێكی نوێ، به‌ئاراسته‌یه‌كی نوی به‌بزاڤی رۆشنبیری ده‌ڤه‌ره‌كه‌مان‌و سه‌نته‌ره‌كان بده‌ین. له‌گه‌ڵ قسه‌كه‌ی كاك (سه‌دیق)دام كه‌به‌ڵێ گرنگه ئه‌و سه‌نته‌رانه هه‌بن، به‌ڵام چۆن هه‌بونێك؟ پێویسته ئه‌كتیڤ بن. هه‌ست به‌لێپرساوێتی مێژوویی سه‌رشانیان بكه‌ن له‌به‌رامبه‌ركۆمه‌ڵگه‌و ئه‌وئه‌رك‌و په‌یامه‌ی بۆی دامه‌زراون.

+من قسه له‌سه‌ر ئه‌وه ناكه‌م كه‌چیان كردووه، راسته كۆمه‌ڵێ چالاكی رۆشنبیری جیاجیان له‌كاتێكه‌وه بۆكاتێكی تر ئه‌نجام داوه، به‌ڵام ده‌مه‌وێ بپرسم كه له‌و قۆناغه‌ی ئه‌مرۆ كوردستان پێیدا تێده‌په‌رێ، له‌نێو ئه‌و هه‌موو هاوكێشه سیاسی‌و گۆرانكارییانه ئه‌و سه‌نته‌رانه رۆڵیان چییه؟ پێویسته چی بكه‌ن؟ به‌و مانایه نا ببنه پاشكۆی گوتاری حزب‌و ده‌سه‌ڵات، به‌ڵكو به‌و مانایه‌ی وه‌كو به‌شێك له‌و كۆمه‌ڵگه‌یه ده‌بێ بچ شێوه‌یه‌ك و له‌چ ئاستێكدا رۆڵ‌و كاریگه‌ری خۆیان له‌ناو كۆمه‌ڵگه‌دا بنوێنن؟

-به‌رای ئێوه زۆرو بۆری ئه‌و هه‌موو سه‌نته‌ره له‌ده‌ڤه‌ری سۆران بۆ خۆی گرفته‌و، فاكته‌رێكی ئه‌و به‌جێمانه‌یه، به‌تایبه‌تی كه‌ده‌نگ‌و تواناكان دابه‌شبوون‌و به‌مه‌ش به‌رهه‌م‌و ده‌ستكه‌وته‌كانیان بێ كاریگه‌رین؟ به‌دیوێكی تر ئه‌گه‌ر بێت‌و ئه‌و سه‌نته‌رانه (رواندوز، سۆران، خه‌لیفان .. هتد) له‌چوارچێوه‌ی فدراسیۆنێك له‌ده‌وری یه‌كتر كۆببنه‌وه‌و سه‌رجه‌م تواناكان بكرێنه یه‌ك و بزاڤه‌كه وه‌گه‌ڕبخه‌ن سه‌ركه‌وتوتر باشتر نابێت؟

+ئیرۆن: منیش له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دام سه‌نته‌رێكی سه‌ره‌كی هه‌بێت‌و لق‌و بنكه‌كانی خۆی له‌و شارۆچكانه هه‌بێت، كه ئه‌مه‌ش وا ده‌كات چالاكیه‌كان باشتر بن‌و به‌رنامه‌رێژتربن. به‌پێی نه‌خشه‌و پلانێكی پوخت ده‌توانرێ ته‌واوی ناوچه‌كه له‌چالاكیه رۆشنبیرییه هه‌مه‌چه‌شنه‌كانیدا سودمه‌ند بكات‌و له‌م نێوه‌شداكاری چۆنێتی ئه‌نجام بدات. چونكه به‌م په‌رش‌و بڵاویه ئه‌سته‌مه بتوانرێ رووبه‌رووی ئاسته‌نگ‌و گرفته‌كان ببینه‌وه.

+فه‌رمان: ئێمه له‌دانیشتنه‌كه‌ماندا له‌گه‌ڵ وه‌زیری رۆشنبیری ئه‌و پێشنیاره‌مان خسته‌روو، نه‌ك ته‌نها بۆ سنوری سۆران، به‌ڵكو بۆ ته‌واوی سه‌نته‌ره‌كانی كوردستان، به‌ڵام وه‌زیر ئه‌و شته‌ی به‌هه‌ند وه‌رنه‌گرت. بۆیه باشه شتێكی وا له‌سنوری سۆران بكرێت‌و، ئه‌و هه‌ماهه‌نگیه به‌هه‌ر شێوازو ناوێكه‌وه بێت بكرێت، بۆكۆبونه‌وه له‌ده‌وری یه‌كترو ئه‌نجامدانی چالاكی پڕ به‌رهه‌م‌و كاریگه‌رو، گۆڕینه‌وه‌ی چالاكیه‌كان.

+محه‌مه‌د: بێگومان ئه‌وزۆری‌و بۆریه فاكته‌رێكی ئه‌و سستی‌و لاوازییه‌ی سه‌نته‌ره‌كانه، به‌رۆڵی خۆیشی چالاكیه‌كانیشی له‌ناوه‌رۆكی جوان به‌تاڵ كردۆته‌وه، هاوكات زیانیشی به‌سه‌نته‌ره كاراكان‌و كاراكته‌ره به‌تواناكان داوه. بۆیه ئه‌م هه‌نگاوه شتێكی پۆزه‌تیڤه‌و به‌قازانجی بزاڤی رۆشنبیری ناوچه‌كه‌و خودی سه‌نته‌ره‌كان‌و پرۆژه‌كانیان ته‌واو ده‌بێت. چونكه ته‌ماشا ده‌كه‌یت تائێستا ئاڵوگۆڕی چالاكیه‌كان‌و گواستنه‌وه‌یان له‌نێوان سه‌نته‌ره‌كان زۆر كزه، ته‌نانه‌ت زۆر جاری وا هه‌بوو له‌یه‌ك كاتدا چه‌ند سه‌نته‌رێك و له‌یه‌ك یادو بۆنه‌دا چالاكی ئه‌نجام داوه بێ ئه‌وه‌ی ئاگایان له‌كاری یه‌كتر هه‌بێت، كه ئه‌مه‌ش كارێكی هه‌ڵه‌یه. بۆیه ده‌كرێ وه‌ك سه‌ره‌تا به‌رنامه‌یه‌ك بۆ ئاڵوگۆڕی چالاكیه‌كان دابنرێت‌و ئه‌مه‌ش بكرێته ده‌روازه بۆ سه‌رخستنی پرۆسه‌ی له‌یه‌كترگربونه‌وه‌و یه‌كخستنی تواناكان.

+سعدالله: من وای ده‌بینم كه‌سه‌نته‌رێك نه‌توانێ كاره‌كانی خۆی رابپه‌رێنێ‌و به‌رنامه‌یه‌كی كارو ده‌سكه‌وتێكی له‌بواره‌كه‌دا نه‌بێت‌و، ته‌نها بۆ ناو بێت، ئه‌و سه‌نته‌ره نه‌بێت باشتره. كه‌پێشتریش وتم تروسكاییه‌ك ده‌بینم، مه‌به‌ستم بوو بڵێم تروسكاییه‌كه له‌كه‌سایه‌تی‌و هه‌ندێ له‌كاراكته‌ره‌كان ده‌بینم، نه‌ك له‌خودی سه‌نته‌ره‌كان.. ئه‌وانه‌ی خاوه‌نی باكگراوندی باش‌و هه‌ڵگری خه‌می جوان‌و جێی ئومێدن بۆ ئاینده‌ی بزاڤی رۆشنبیری له‌ناوچه‌كه. بۆیه كۆبونه‌وه‌ی ئه‌و توانایانه‌و گردبونه‌وه‌یان له‌گه‌ڵ یه‌كتر له‌ژێر هه‌ر ناوێكدا بێت كارێكی چاكه‌و خزمه‌تێكی گه‌وره‌ش به‌پرۆسه‌و بزاڤی رۆشنبیری ده‌ڤه‌ره‌كه ده‌كات.

+سه‌دیق: من ئه‌و هه‌نگاوه به‌پێویست ده‌زانم، وه‌كو سه‌نته‌ره‌كه‌ی ئێمه ئاماده‌ی هه‌ر هاوكاری‌و ئاسانكاریه‌كین، یه‌كخستنه‌وه‌ی توانا‌و ئاراسته‌كردن‌و ئه‌نجامدانی چالاكیه‌كان به‌یه‌كه‌وه، ئه‌گه‌ر وه‌كو هه‌ماهه‌نگی‌و هاوبه‌شیش بێت شتێكی زۆر چاكه، ده‌كرێ به‌یه‌كه‌وه به‌رنامه‌ی هاوبه‌ش دابرێژین، چالاكی به‌رچاو له‌گه‌ڵ یه‌كتری ئاڵوگۆڕ بكه‌ین. ئه‌گه‌ر هه‌ر سه‌نته‌ره‌و له‌شوێنی خۆیشیه‌وه تایبه‌تمه‌ندیه‌كانی خۆی بپارێزێ، به‌ڵام ئه‌مه هه‌رگیز رێ له‌هاوكاری‌و هه‌ماهه‌نگی یه‌كتری ناگرێت.

+جه‌مال: بێگومان نێوه‌ندی رۆشنبیری كوردی به‌گشتی به‌ده‌ست قه‌یران‌و په‌رته‌وازه‌یی ده‌ناڵێنێ، ئه‌وه ته‌نها سۆران نییه ئه‌و گرفته‌ی هه‌بێت، كه ئه‌مه‌ش پێویست به به‌خۆداچونه‌وه‌و به‌رنامه‌رێژی نوێ هه‌یه. بۆ قه‌ره‌بوكردنه‌وه‌ی كه‌مته‌رخه‌میه‌كانی رابردوو، كۆبونه‌وه‌و گردبونه‌وه‌ی هه‌موو ده‌نگ‌و توانا دیارو كاراكانی سۆران به‌جیاوازی ره‌نگ‌و ئینتماوه كارێكی زۆر پێویسته‌و خزمه‌ت به‌ناوچه‌كه‌و ئاینده‌ی رۆشنبیری ئێره ده‌كات. بۆئه‌وه‌ی بزاڤی رۆشنبیری كاریگه‌ر بێت‌و رۆڵی له‌په‌ره‌پێدانی هوشیاری خه‌ڵكی ناوچه‌كه هه‌بێت‌و گۆڕانێك دروست بكات‌و ته‌كانێك به‌م چه‌قبه‌ستنه بدات، پێویستی به‌كۆبونه‌وه‌ی ئه‌و ده‌نگ‌و توانایانه‌و ئاراسته‌كردنیان هه‌یه.■

نۆشتر لە خامۆشی

□ ساڵی (١٩٨٥) بوو له‌گۆڤارێكی عه‌ره‌بیدا چه‌ند ده‌قێكی شیعریی وه‌رگێڕدراوم له‌ڕوسییه‌وه خوێنده‌وه. یه‌كێكیان شیعری شاعیرێكی كوردی ئه‌رمه‌نستان بوو. ته‌واو دڵ‌و ده‌رونمی پێكرایه‌وه.. ده‌قێكی جیاو جیاوازو دیار له‌ناو بیست سێ ده‌قدا. ئه‌وكاته خه‌فه‌تێكی زۆرم بۆ ئه‌وه خوارد كه له‌به‌ر نه‌زانینی له‌هجه‌یه‌ك (دیالیكت) له له‌هجه‌كانی زمانی كوردی نه‌متوانیوه هه‌زاره‌ها ده‌قی كۆن‌و نوێی كوردیی خۆمان به‌زمانی دایك بخوێنمه‌وه‌و رێكه‌وت پاش وه‌رگێڕانی بۆ عه‌ره‌بی له‌سوچێكی گۆڤارێكدا نمونه‌یه‌كیان ده‌خوێنمه‌وه. ره‌نگه ئه‌مه ئاخی كه‌س‌و دوو كه‌س‌و سێ كه‌س نه‌بێت كه له‌هجه وایان لێده‌كات له‌خوێندنه‌وه‌ی ده‌قی جوانی كوردی بێبه‌شبن.

ئه‌وكاته‌و ئێستایش خۆم به‌كه‌مته‌رخه‌م ده‌زانی‌و ده‌زانم چونكه نه‌متوانیوه له‌هجه‌كانی زمانی كوردی فێربم‌و لایه‌ك له‌رۆشنبیری كوردی بخوێنمه‌وه.

بێگومان ئه‌مه كێشه‌ی تاكی كورده له‌هه‌ر كوێیه‌كی دنیا بێت. كوردێكی سوریا ده‌بێت به‌كوردی ئه‌ده‌بی گۆران یان شێخ نوری یا سواره بخوێنێته‌وه، یا خوێنه‌رێكی دانیشتوی كه‌ركوك ده‌كرێ‌و ده‌بێت به‌ئاسانی ئه‌ده‌بی نوسه‌رێكی دیاربه‌كر به‌كوردی بخوێنێته‌وه.. له‌هجات وایكردووه به‌ربه‌ست له‌م بواره‌دا دروست بێت به‌ڵام خۆ ئه‌مه ته‌نها كێشه‌ی میلله‌تی كورد نییه.. له‌زمانی میلله‌تانی دنیادا ده‌یه‌ها و سه‌ده‌های وه‌كو ئێمه هه‌ن، زمانی میلله‌تی وا هه‌یه له‌جیاتی دوو سێ له‌هجه ده بیستێكی هه‌یه‌و به‌لایشیانه‌وه ئاساییه‌و یه‌ك هه‌ست‌و به‌رژه‌وه‌ندی نه‌ته‌وایه‌تیان هه‌یه.. لای خۆمان زۆرجار به‌شێوه‌یه‌كی تایبه‌تی‌و جیاوازباس له‌نزیكردنه‌وه‌و نه‌هێشتنی به‌ربه‌سته‌كان كراوه.. به‌زۆری جه‌خت له‌سه‌ر زمانی یه‌كگرتووكراوه..

ئه‌مه ده‌كرێ له‌كاتی ده‌ستڕۆیشتنی ته‌واودا به‌زۆر كاری بۆ بكرێت به‌ڵام لایه‌نی خراپی زۆری لێده‌كه‌وێته‌وه، چونكه ئه‌م بواره رۆشنبیرییانه توندوتیژی ره‌تده‌كه‌نه‌وه، به‌شێوه‌ی ئاسایی خۆیان نایه‌ن، به‌جۆرێكی تریش بێت تێكه‌ڵاوكردنی له‌هجه‌كانیش ئه‌نجامی دروست ناگه‌یه‌نێت به‌تایبه‌تی له‌م سه‌رده‌مه‌دا كه‌زمان به‌ره‌و ئاسانكردن و سوكبون ده‌چێت، وشه‌گه‌لێكی زۆریش با ره‌سه‌نیش بن به‌ڵام یاساو سروشتی زمان ده‌یانخاته ناو ئه‌نتیكه‌خانه‌ی خۆیه‌وه‌و به‌كارنه‌بردنیان به‌ره‌و چاره‌نوسی نه‌مانیان ده‌بات. له‌م بواره‌دا له‌یادمان نه‌چێت كه له‌هجه، هه‌ر له‌هجه‌یه‌ك بێت مێژووی تایبه‌تی خۆی له‌بیرگه‌ی قسه‌پێكه‌رانیا هه‌یه، واتا هه‌ر ته‌نها وشه‌كه نییه‌و به‌س، چونكه له‌پاڵیا كۆمه‌ڵێك خه‌سڵه‌تی تایبه‌تی خۆی هه‌یه‌و لای هه‌ڵگرانی ئاشنان، لایان چه‌سپیون. كارێكی زۆره‌كی ده‌رئه‌چێت ئه‌م فه‌رامۆشبكرێت‌و ئه‌و سه‌ربخرێت.

له‌بواری زمانه‌وانی‌و توێژی نوێدا شێوازی زاره‌كی ده‌سه‌ڵاتی تایبه‌تی خۆی هه‌یه‌و ناكرێت فه‌رامۆش بكرێت‌و بخرێته ژێره‌وه، به‌ڵام ئه‌مه رێگا له‌چوارچێوه‌ی هه‌وڵی رێكخراوی ناو قوتابخانه ناگرێت.. تێكه‌ڵاوكردنی له‌هجه‌كان، یا سه‌رخستنی یه‌كێكیان یا پێكهێنانی زمانی یه‌كگرتو كارێكی گرانه‌و ئاسۆیشی رون نییه. دیاره هه‌ر یه‌ك له‌هه‌ڵگری ئه‌م بۆچونانه، له‌چه‌ند روویه‌كه‌وه دیدی تایبه‌تی خۆیان هه‌یه، ئه‌گه‌رچی ئه‌و راوبۆچونانه لایه‌نی ناشیاویشیان زۆره. بۆ ده‌وڵه‌مه‌ندكردنی ئه‌و راوبۆچونانه لێره‌دا رایه‌كی جیاوازم هه‌یه ره‌نگه خستنه‌ڕوویان سودێكی هه‌بێت.. پێویسته‌و چاكتره، بۆئه‌وه‌ی كوردێكی دانیشتوی دیاربه‌كریا وان یا قامیشلی له‌له‌هجه‌ی كوردێكی مهاباد یا سلێمانی یا كه‌ركوك بگات، یا كوردێكی دانیشتوی هه‌ولێر یا سلێمانی له‌قسه‌و نوسین‌و ئه‌ده‌بی كوردێكی دیاربه‌كرو قامیشلی بگات، له‌قوتابخانه‌وه ده‌ستپێبكات.

ره‌نگه لێره‌دا یه‌كێك بپرسێت و بڵێت باشه قوتابخانه‌ی چی بۆ له‌سه‌دا چه‌ندی كورد خوێنه‌وارن؟ چه‌ندیان قوتابخانه‌یان بینیوه؟ بێگومان پرسیارێكی وا شیاوه‌و له‌جێگای خۆیدایه‌تی به‌ڵام خۆ ده‌بێت ئێمه هه‌ر ته‌نها بیرمان لای ئێستا نه‌بێت.

بیرمان لای ئه‌وكاته‌یه كه‌رێژه‌ی نه‌خوێنده‌واری كه‌مده‌بێته‌وه یا به‌ره‌و نه‌مان ده‌چێت، ئه‌وكاته قوتابخانه وه‌ك بكه‌رێك رۆڵی خۆی له‌م بواره‌دا ده‌بینێت. جا بۆیه كارێكی چاك ده‌بێت ئه‌گه‌ر هه‌ر له‌پۆلی پێنج یا شه‌شی سه‌ره‌تایی یا یه‌كی قۆناغی ناوه‌ندییه‌وه ده‌ستبكرێت به‌خوێندنی وانه‌یه‌ك به‌ناوی له‌هجاته‌وه، ئه‌ویش به‌شێوازێكی ئاسان‌و سودمه‌ند، تیایدا ده‌ستورو زمانی له‌هجه‌كانی تیا بخوێنرێت‌و ئینجا پشت ببه‌سترێت به‌چه‌ندین ده‌قی ئه‌ده‌بی‌و په‌خشان بۆ مه‌شقكردن‌و راهێنان. بۆ نمونه، كوردی كوردستانی توركیاو سوریاو سۆفیه‌تی جاران‌و به‌شێك له‌كوردستانی ئێران‌و دهۆك و زاخۆو چه‌ندین شوێنی تر به‌له‌هجه‌یه‌كی كوردی تایبه‌ت قسه ده‌كه‌ن، بۆ قوتابخانه‌ی دهۆك یا زاخۆو خوێندن تیایاندا، كتێبێكی تایبه‌ت به‌ده‌ستورو شێوازی رێزمانی ئه‌و له‌هجه‌یه دابنرێت و بخوێنرێت كه‌دانیشتوانی سلێمانی‌و مهاباد‌و هه‌ولێر و كه‌ركوك قسه‌ی پێده‌كه‌ن‌و پێی ده‌نوسن. له‌قوتابخانه‌كانی سلێمانی یا كه‌ركوك یا خانه‌قین.. ده‌ستوری رێزمانی ئه‌و له‌هجه‌یه بخوێنرێت كه‌دهۆكیه‌ك یا دیاربه‌كرییه‌ك یا كوردێكی ئه‌رمینیا قسه‌ی پێده‌كات.. له‌گه‌ڵ كۆمه‌ڵێك ده‌قدا راهێنانی رێكوێكی تیا بكرێت، جا ئه‌مه ئه‌گه‌ر بایه‌خی پێبدرێت قۆناغێك دوو قۆناغ بخوێنرێت: له‌شه‌شی سه‌ره‌تاییه‌وه یا له‌ناوه‌ندی و دواناوه‌ندیدا. ئه‌وه له‌ماوه‌ی یه‌ك دوو ده‌یه‌دا ئه‌نجامی چاكی خۆی ده‌بێت.

نه‌وه دوای نه‌وه‌ی به‌له‌هجه‌كان ئاشنا ده‌بن و به‌لایانه‌وه ئاسان ده‌كه‌ونه‌وه. ئه‌وجا ئه‌گه‌ر هه‌وڵ بۆ زمانێكی یه‌كگرتویش بدرێت ئه‌وه رێگاكه كورت ده‌بێته‌وه چونكه زه‌مینه‌یه‌كی بۆ ره‌خساوه، پێشینه‌یه‌كی بۆ ئاماده كراوه. بێگومان من ئه‌م پێشنیاره ده‌كه‌م بۆ ئه‌وه ده‌چم كه له‌به‌شی كوردی كۆلیجی ئادابدا وانه‌یه‌ك هه‌بێت تایبه‌ت بێت به‌له‌هجاتی كوردی. دیاره ئه‌مه كارێكی پیرۆزه به‌ڵام گشتگیر نیه، ته‌نها به‌شێك له‌كۆلیجێك ده‌گرێته‌وه. خۆ ئه‌گه‌ر بێین‌و وانه‌یه‌ك له‌و بابه‌ته‌و به‌شێوه‌یه‌كی ئاسان‌و بۆ مه‌به‌ستی فێركردن بخه‌ینه ناو وانه‌كانی قۆناغی ناوه‌ندی یادواناوه‌ندی ئه‌وه هه‌موو خوێندكارێكی ئه‌م كوردستانه ده‌گرێته‌وه.

سوده‌كه‌یشی بۆ هه‌موو میلله‌ت و پته‌وكردنی زمانه‌كه‌مان ده‌بێت.■

laparakan.qxd 5/15/2005 10:03 AM Page 9

داهێنانەکانی بەعس.. سەربڕینی مرۆڤ

سەمەد چاوشین/کەرکوک

□ پاش پرۆسەی ئازادی عێراق و لەگۆرنانی دیکتاتۆریەت، زۆربەی عێراقیەکان پاش ٣٥ ساڵ ژێردەستەیی و بەدیلی ژیان بەسەربردن، ئاهێکیان بەبەردا هاتەوە.. توانیان بۆ یەکەمجار بەچاوی خۆیان بەری رەنج و خەباتیان ببینن.

لەولاشەوە:

·پاشماوەکانی بەعس و سەدام.

·هەتیوەکانی سەدام ئەوانەی بەروبومی عێراقیان بۆ والآکرابوو..

·تیرۆریستە بەناو ئیسلامیەکان.

کەوتنە پەلەقاژەو پێش چاویان تاریک بوو، چونکە ئەو باوکەیان مرد کە جارێکی تر بتوانن بەروبومی عێراق بەتالان ببەن و رۆڵەی گەلانی عێراق زیندە بەچاڵ و گۆر بزر بکەن.

ئەوانەی کەئەمرۆ چاویان بەئازادی گەلانی عێراق هەڵنایەت، چ لەناوەوەی عێراق و چ لەدەرەوەی عێراق هەموو هەوڵ و تەقەلایەکیان خستۆتەگەڕ بۆئەوەی ئارامی و ئاسوودەیی لەگەلانی عێراق تێک بدەن.

گوایە دژی داگیرکەر دەجەنگن بەقسەی خۆیان (احتلال) یان قبوڵ نییە.

لەکاتێکدا فەلەستین کەلەمێژوودا یەکجار کورد رزگاری کردووە، کەچی زاتی ئەوە ناکەن بچن لەوێ دەنگێکی نارەزاییش بەرز بکەنەوەو دێن ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دەخەنە مەترسییەوە.

ئەوانەی ئەمرۆ لەعێراق ئارامی خەڵک دەشێوێنن کەسانێکن بەکرێگیراوی سەدام و عەلی کیمیاوی و جەزراوی بوون، نەک خەمخۆری ئیسلام و عەرەب و عێراق.

ئەگینا ئەگەر بەکرێگیراو و ئەڵقە لەگوێی رژێمە کۆنە پەرستەکان نەبن..

لەکام وڵات و لەکام ئایین ئەم تاوانانە رویداوە.

·منداڵ رفاندن.

·کچ رفاندن و پاشان ئەتک کردنی و سەربڕینی و فڕێدانی لەسەر شەقامە گشتیەکان.

·ffکردنی شوێنە گشتیەکان بەشوێنی (تەعزیب و سەربڕینی خەڵک وەکو مزگەوت و ئوتێلەکان).

·fffسەربڕینی مرۆڤ: کەتیرۆریستەکان بەئاشکرا باس لەوە دەکەن کەلەوڵاتێکی دەرەکی مەشقیان پێکراوەو لەپێشدا بۆ راهاتنیان ئاژەڵیان سەربڕیوەو ئێستاش سەربڕینی مرۆڤی بێتاوان..

هەموو ئەو تاوانانە میراتی بەعسە بۆ ئەم تیرۆریستانە ماوەتەوە کەلەکاتی حوکمرانی خۆیان جێبەجێیان دەکرد. ئەو دەمە لەساڵی ١٩٦٨ەوە تا ٢٠٠٣ ئەم تاوانانەیان دژی کورد ئەنجام دەدا.

بەڵام کورد، ئەو سەردەمە تەنها شاخەکان دڵسۆزو کەسی بوون.. وڵاتە عەرەبیەکان، وڵاتی ئیسلامیەکان، وڵاتانی دراوسێ، گوێی خۆیان کەڕ کردبوو، چاویان نابینا بوو هەموومان ئەوەمان لەبیرە کەلەسەردەمی شۆرشی کوردو فەرمانرەوایی بەعسیەکاندا بریارێکی سەدام هەبوو تیایدا هاتبوو:

هەرکەسێک سەری پێشمەرگەیەک بهێنێ بۆ بارەگاکانی بەعس، ئەوا بری (٥٠٠) پێنج سەد دینار خەڵات دەکرێت، ئەو سەردەمانە (٥٠٠) دینار زۆر بوو، کەبینیمان کەسانی کوردکوژو کوردفرۆش هەبوون کاری وایان ئەنجام دەدا.


حزب البعث العربي الاشتراكي
القطر العراقي
قيادة مكتب تنظيم الشمال
أمة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة

واتە (سەربڕین)ی مرۆڤ داهێنەرەکەی هەر بەعس بوو. ئەمرۆش کەوا سەرانی بەعس سوک و چروک بوون و زۆربەیان لەزینداندان و چاوەڕێی دادگایی دەکەن.. هەقیوایە، هەر بەبریارەکانی خۆیان دادگایی بکرێن..

هەر بۆ پشتراستکردنەوەی قسەکانمان کەدەڵێن سەرانی بەعس (سەربڕینی مرۆڤ)یان داهێنا لەعێراق.

وابەڵگە نامەیەکی (عەلی کیمیاوی)، دەخەینە پێش چاوی خوێنەرانی کورد بۆئەوەی بزانن کەسەرانی بەعس چ میراتێکیان جێهێشتووە بۆ هەتیوەکانیان..

لەوڵاتانی پێشکەوتوو، سەرکردەکانیان رابەرەکانیان شتی نوێ دادەهێنن بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی، لەعێراقی سەردەمی سەدامیش:

·گۆری بەکۆمەڵ

·سەربڕینی مرۆڤ

·منداڵ رفاندن

·کچ ئەتک کردن

·شاروگوند وێران کردن

·کیمیا باران

·ئەنفال کردن

·رەشەکوژی

ئەمانە داهێنانەکانی (البعث) و (قائد المنتصر). لێرەدا با بریارەکانی عەلی کیمیاوی بخەینە پێش چاوی هەموو خاوەن ویژدانێک ئەوسا بابزانین کەبەعس چ درندەیەک بووە.■

ئایا عیراق ڤێتنامێکی ترە؟

جوین سیمپسۆن

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە:

عەزیز ڕەئووف

لە عیراقدا جەنگ ناتوانێ خەڵک بە ئاقاری دیموکراتی دا ببات ، بەڵکو ئەوە خەڵکی عیراق خوییانن کە دەتوانن چوینێتی ژیان و فویرمی سیاسی خوییان هەڵبژێرن . دوای دوو ساڵ بەسەربوونی هێزەکانی هاوپەیمانان لەعیراقدا، ئیستاش بە ڕێژەیی لە هەر ڕویژێکدا دوو سەربازی ئەمریکی و ٢٠ خەڵکی سیڤیل (مەدەنی) تیادەچن. تاکو ئێستاش ڕیگەی نێوان بەغدا و فڕوکەخانە نائاساییەو سەفەرکردن بوي وڵاتانی دەرەوە پڕ مەترسیە. لەگەڵ ئەوەی زویرترین ڕێژەی بەرهەم هێنانی نەوت، لەم وڵاتەدایە، کەچی تاکو ئیستاش بەهویی مەترسی لەسەر بویرییە نەوتەکان توانای ناردنە دەرەوەی نیە. تاکو ئیساش ژنانی ئەم وڵاتە بەزویرەملێ لەلایەن گروپە دینیە توندڕەوەکانەوە حیجابیان پێ دەپویشرێت. زویربەی ڕاپویرتی ئاژانسەکان، وا ڕادەگەیەنن کە عیراق زویرترین گەندەڵی، ئیداری تێدایە، ئەمە شەرمەزاریەکی مێژوویيە . لەسەر و ئەم هەموو کێشانەوە، هێزەکانی ئەمریکا ناتوانن بارودویخەکە ئارام بکەنەوە. بوییە عیراق بەبەراورد لەگەڵ ڤێتنام بوي هێزەکانی ئەمریکا تەواو جیاوازە.چونکە لە ڤێتنامدا هەرگیز ئەو کێشانە بوي ئەمریکیەکان دروست نەدەبوون.

واقیعی عیراق

هەرگیز لە شەڕی ڤێتنام ناچێت

ئەمش لەبەر ئەوەیە بالانسەکە ڕێک نیە. چونکە دوو سەد هەزار یاخیبووی عیراق بەرامبەر بە سەدوو پەنجا هەزار سەربازی ئەمریکیەو لە ماوەی ئەو دوو ساڵەشدا هەزار و پێنچ سەد ڕووداو ڕوویانداوە . دوای هەڵبژاردنەکانی عیراقیش، کە سەرەتای ئەمساڵ ئەنجام درا، ئەمریکاو بەریتانیا وای بویچون کە بارەکە ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام وا دەرنەچوو.

کێشەی سوننە

لە هەڵبژاردنەکاندا کورد و شیعە دەگی زویریان بەدەست هێنا و توانییان پویستە بالاکان کوینترویڵ بکەن و سوننەکانیش لە پویستی بالا بێیبەش بوون، لە کاتێکدا بە درێژایی مێژووی عیراق، سوننە حوکمی عیراقی کردووە. کەمینەی سوننە دەترسن لەوەی کە لە عیراقی ئایندەدا دەسەڵاتیان کەم بێتەوە. لە کاتێکدا زویرینەی گورزە کوشندەکان کە لە سەربازانی هێزی هاوپەیمانان دەوەشێندرێت، لە ناوچەی بوونی سوننەکاندایە. ئەمەش لەو خاڵە سەرەکیەوە دێت کە ئەوان دەیانەوێ وەک بەرپەرچێک بەرامبەر بەهاوپەیمانان دەریببڕن. کە ئەوان ڕوڵیان هەبووە لە کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ئەواندا . لەلایەکی ترەوە هەوڵەکان پوي چارەسەرکردنی جیاوازییەکان، بوي پێکهێنانی حکومەت لە ئارادایە.

سوننەکان بونی ئەمریکا لە ناوچەکە بە داگیرکاری دەزانن. بەڵام هێزەکانی هاوپەیمانان ناتوانن تاکو ئیستا وڵامی ڕاستەقینەی ئەو پرسیارە بدەنەوە، کە ئایا ڕاپەڕین دژ بەهێزەکانیان چ مسۆنگەیەکی هەیە؟

پاش دوو ساڵ لە بوونی هێزەکانی ئەمریکا لەم وڵاتەدا، هیچ گویڕانێکی بنچینەیی لە ستراکچەری کویمەڵی عیراق دا ڕووی نەداوە و نەتوانراوە خویشگوزەرانی و بەختەوەری بوي ئەم وڵاتە بگەڕێتەوە. سەرباری ئەوەش، لە هەر ڕویژێکدا دوو سەربازی ئەمریکی و ٢٠ خەڵکی سیڤیلی ئەو وڵاتە دەبێ باجی ئەوبوارە نائاساییە بدەن.بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە، خەڵکی سوننە دڵتەنگترین گروپی کویمەڵی عیراقین، بەو پێیەی کە پویستی گرنگ بوي کورد و شیعەکانە.■

BBC world affairs editor

عەرەبی سوننەو وەزارەتی بەرگری، مێژوویەک لەتەعریب

سەلام عەبدولکەریم

□ لەراستیدا مێژووی سیاسی عێراق لەرۆژی دروست بوونیەوە، وەک وڵات و دەوڵەتێکی تاک رەگەزی باڵادەستی عەرەبی سوننەو پیادەکردنی چەوساندنەوەی نەتەوەیی وەک یەکێک لەپرەنسیپە فکریەکانی فەلسەفەی تەعریب تا ئەم رۆژگارە، پێویستی بەتوێژینەوەی زیاتر هەیە لەهەر قۆناغ و سەردەمێکی فەرمانرەوایی عەرەبی لەم وڵاتەدا. چونکە مێژووی سیاسی عێراق، مێژووی چەوساندنەوەی نەتەوەییە لەساڵەکانی بیستەوە، تا دوایین چرکە ساتەکانی رووخانی رژێمی بەعسیزم. بەجۆرێک گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەفۆرمە بەعسیزمیەکەیدا شەرعیەتی زۆری بەم چەوساندنەوە نەتەوەییە داوە بەرامبەر بەکورد بەتایبەتیش لەسەر دەستی عەرەبی سوننە.

لەم نێوەندەدا، لەنێو پێکهاتەی کارگێری و پەیکەری بەرێوەبردنی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقدا، وەزارەتی بەرگری زۆرترین ئەرکی پیادەکردنی فەلسەفەو پرنسیپ و بنەماکانی تەعریب و چەوساندنەوەی نەتەوەیی کەوتبوە ئەستۆ، بەمانایەکی تر وەزارەتی بەرگری دەبوو بگۆردرایە بەناوێکی تر. چونکە زۆرترین کاری دڕندانەی ئاراستەی گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کورد کردووە.

ئەوەی جێگەی داخە بەگشتی زۆربەی پۆستەکانی وەزارەتی بەرگری لەکۆنەوە تا ئەمرۆ لەدەستی عەرەبی سوننەدا بووە، بەدوایین پێکهاتەی سی و پێنج ساڵەی شۆڤێنیزمی بەعسیەکانیشەوە. کەرەشترین نازناوی بۆ خۆی تۆمارکردووە لەمێژوودا.

گرنگ ئەوەیە بڵێین لەسات و رۆژێکدا کەلەپێکهاتەی سیاسی عێراق لەرووی وەزارەتەکانەوە دروست دەکرێتەوە، دەبوو زۆر وردەکاری لەسەر ئەو وەزارەتە بەنیسبەت کوردو لیستی هاوپەیمانی و تەنانەت لیستی شیعەکانیشەوە تێبینی بکرابایەو جارێکی تر نەدرایەوە بەعەرەبی سوننە. هاوکات دەبوو وەک خەمخواردنێک، هەرچەندە دڵنیام بوونی نییە. لەلایەن عەرەبی سوننەوەو دواجار وەک شەرمەزارییەکی مێژوویی، نەدراوای ئەو پۆستەیان بکردایەو هەروەها وەریشیان نەگرتایە، چونکە وەزارەتی بەرگری بەدرێژایی باڵادەستی عەرەبی سوننە بەسەریدا، جگەلە شەرمەزاری وماڵوێرانی هیچی دیکەی پێ نەبووە بۆ گەلانی عێراق و بەتایبەت کورد.

دەبوو، لانیکەم لیستی هاوپەیمانی کوردستان لای خۆیەوە پێی لەسەر ئەم حاڵەتە دابگرتایەو تەنانەت ئاسایش بوو کە دەنگی نارەزایی بوونایە لەبەرامبەر ئەگەری دانی پۆستی وەزارەتی بەرگری بەعەرەبی سوننە. چونکە ئەوەی عەرەبی سوننە بەهۆی وەزارەتی بەرگرییەوە بەرامبەر بەکورد ئەنجامی داوە، نمونەی دزێوترین رەفتارە کە دژ بەهەموو مرۆڤایەتی ئەنجامدرابێت. هەروەک چۆن برگەی (عێراقی دیموکراتی فیدراڵی) بەئەنقەست لابراو بەهۆی فشاری کوتلەی کوردییەوە، رێورەسمی سوێندخواردنەکە دووبارە کرایەوەو پێشتر هیچ گرەنتیەک نەبوو، ئەوا بەهەمان شێوە گرەنتی چییە، جارێکی تر خێرو بێری عەرەبی سوننە لەرێگەی پۆستی وەزارەتی بەرگرییەوە نەرژێتەوە بەسەرماندا؟! بۆیە جێگەی خۆیەتی لەبەرامبەر پێدانی وەزارەتی بەرگری بەعەرەبی سوننە. دەنگی نارەزایی بەرز بکەینەوەو زەنگێک لێبدەین بۆ ئایندەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان.

بۆئەوەی چیتر روبەرووی مەرگە ساتەکانی کیمیاباران و ئەنفال و رەشەکوژی و لەسێدارەدانی عەرەبی سوننە نەبینەوە لەمێژووی سیاسی عێراقدا، چونکە بەدرێژایی دامەزراندنی ستەمکارانەی وڵاتی عێراق، عەرەبی سوننە جگەلە ماڵوێرانی هیچیان پێ نەبووە بۆ گەلانی عێراق، ئاخۆ لەداهاتوودا بەرهەمی دەستیان لەم وەزارەتە هەستیارە چی دەبێت؟■

laparakan.qxd 5/15/2005 10:04 AM Page 10

ڕەوشی ئێستای گوندەکان و گوندی هاوچەرخ

ڕەنج جەعفەر

□ تاکۆمەڵگە بەرەو پێشەوە بچێت پێداویستیەکانی ژیان زێتر دەبێت و تێرکردنیشی دەبێتە پێویست، بەشێکی فەرامۆش کراوی کۆمەڵی کوردەواری کە گرنگی خۆیان هەیە لەبەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵ، گوندەکانن.

گوندەکان لەگەڵ هەموو ئەو پرۆژانەی بۆیان کراوە ئاو، قوتابخانە و بنکەی تەندروستی.. هتد، هێشتا هەر لە قەیرانی ژیانی گوندانەیاندان، ئەوە بە تایبەتی لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراق وکرانەوەی بازاڕ لەبەرامبەر بەروبومی کشتوکاڵی و کەمی نرخی بەروبوومی گوندەکانی کوردستان تائەوڕادەی مایەکاریش ناکات بۆ جوتیاران، ئەوە هۆکارێکی سەرەکی دەست بەرداربوونی گوندنشینەکانە لە گوندەکانیان و هەوڵدان بۆ دامەزراندن وکۆچ کردن بۆ شارەکان، هۆکارێکی تریش لەپاڵ ئەوە، نەبوونی خوێندنگەی ناوەندی و دواناوەندی بۆ ئەوانەی دەیانەوێت خوێندن تەواو بکەن، دوومالەکی ناکەن و بەرەو شار هەنگاو دەنێن، بەشێکی خەڵکی گوندەکان لەگەڵ ئەوەی خاوەنی زەوین لەگوندەکاندا، ژیانی گوندیانە ژیانێکی ناسەرەکییەو تەنها لە هاویندا بۆ بەسەرکردنەوەی زەوی وزارەکانیان سەر لەگوندەکەیان دەدەن.

وێنەیەکی تری ژیانی گوندەکان ژینگەیەکی ناتەندروست و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویستە لە گوندەکاندا، لەبەر ئەوەی لە زۆربەی گوندەکاندا گەورەکان یان لە نزیک ماڵەکانن یاخود لە هەندێ گونددا هەر لەژێر ئەو خانوەیە کە خۆی تیایدا دەخەوێت پاشماوەی زبڵ و پاشەڕۆی ئاژەڵ هەر لەبەردەم ماڵەکەی یاخود لەبەردەم قوتابخانە و مزگەوت هەڵدەڕێژن و شاخێک لە پەینیان کۆکردۆتەوە، هاوکات ئاوی پاشماوەی ماڵەکان تێکەڵ بەو پەینە دەبێت لە زۆر شوێندا گۆماوی تێکەڵ بە پەینی دروست کردووە، ئەوە ژینگەی ناتەندروستی گوندەکانە، لایەنێکی تری ژیانی گوندەکان نەبوونی یان کەمی هەست کردنە بە بەرپرسیەتی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر پرۆژەکان و بیرکردنەوە لە هەنگاونان بەرەو ژینگەیەکی باشتر و شایستە بە لایەنی کەمی تەندروست گوزەرانی و گرنگی دان بە منداڵ و خوێندن و قوتابخانە کە کلاوڕۆژنەی داهاتویەکی پێشکەوتوی کۆمەڵایەتییە، بەداخەوە گوندەکانی شارەزوور نمونەی خراپترین ڕەوشی ژیانی گوندنشینەکانە، لەسەردانیکم بۆ گوندێکی شارەزوور کە ٢٠ ماڵ بوون پرۆژەی ئاوەکەیان بیری ئیتوازییە بەهۆی ناتەباییان پرۆژەکەیان لە کار خستووە لە بری ئەوە هەر ماڵە خۆی بیرێکی ئاسایی لێداوە بۆ پێداویستی ئاوی خواردنەوە ئەمەش تەندروستییانە نییە، سەیرە...لەم گوندانە ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی ناهاوسەنگ و ناجێگیر هەیە گیانی هاوکاری و ڕێز لەیەکتر گرتن و خزمەت گوزاری بۆ یەکتر کەمە بە پێچەوانەی ئەوەی لە ژیانی خێڵەکیدا ئەم خەسڵەتانە شانازی پێوە دەکرێت کەچی ئێستا لەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە لایان داوەو ناتوانن کاروباری خۆیان وەک پێویست ڕێک بخەن، بەشداری پێکردنی ئەم دەڤەرە بۆهەر پرۆژەیەکی ئایندەیی لەمەڕ گوندی هاوچەرخ ئاسان نییە یاخود بێ کێشە نابێت لە ئەنجامدانیدا.

ئەم ڕەوشە نالەبارەی گوندەکان وای کردوە زۆر لەگوندنشینەکان کۆچ بەرەو شارو شارۆچکەکان بکەن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەیەکە بۆ شارەکان کە بەشداری دەکات لەگەورەکردنی کێشەی نیشتەجێبوون کە دیارترین کێشەی شارەکانە لە ئەمڕۆدا.

لەسەرێکی تردا بەیارکردنی زەوی گرنگی نەدان بە بەرهەمی کشتوکاڵی زیانێکی ترە بە ئابوری نیشتمانی دەکەوێت، وا دەکات شارەکان بە پلەی یەکەم پشت بە بەروبومی هێنراو ببەستن بۆ پڕکردنەوەی بازاڕی ناوخۆ، بەرزبونەوەی ئەو بەروبومانە لە بازارەکاندا، ئەمەش دیاردەیەکی تری بەرزی نرخە لە شارەکان.

دیاردەیەکی تری نێگەتیف لە بەرهەمی کشتوکاڵی گوندەکان هەستی پێ دەکرێت نەبوونی لێزانی زانستیانەیە لە بەرهەم هێنان دا بە تایبەتی لەوەی پەیوەندی بە ڕەزوباخەوە هەیە لە موتربەکردن و چاککردنی بەرهەم لە ڕووی چەندیەتی و چۆنایەتییەوە، هەموو ئەو کێشانە لە گوندەکان دا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەشداری دەکات لە گەورەکردنی کێشەو قەیران لە شارەکاندا.. کەم دەرامەتی و نەبوونی گوزەرانی خەڵکی گوندەکان لە شارەکان دا هۆکارێک بوو گوندەکان ئاوەدان بکرێنەوە، ئێستا ڕەوشێکی پێچەوانە لە گوندەکان دا هەیە، گەنجان کە هێزی کاری لادێن ئێستا لە هەوڵی خۆ دامەزراندندان، بەشێکی تریش بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی کاری کرێکاری و زۆری کار لە شارەکان ڕوویان کردووەتە کرێکاری و پشتیان لە کشتوکاڵ کردن کردووە، ئەو بێ بەرنامەییە لە گەشەسەندنی شارەکان و فەرامۆش بوونی گوندەکان هاوسەنگی نێوان شارو گوندی لاسەنگ کردووە، ئەمە لە کاتێکدا نەخشە کێشان بۆ پێشکەوتنی شارو گوندەکان پێویستە.

بۆ نەهێشتن یان تارادەی پێویست کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییەی لە نێوان شارو گوندەکان دروست بووە لە ڕووی جێگەو ڕێگەو خزمەت گوزارییە پێویستییەکان پێویست دەکات نەخشەی دروست وگونجاو دابنرێت بۆ بنیادنانی گوندی هاوچەرخ بە پێی گونجانی ناوچەیی.. بۆ بنیادنانی گوندی هاوچەرخ پێویستە چەند لایەنێک لەبەرچاو بگیرێت:

١.لایەنی دیموگرافی: یەکێک لەم کێشانەی ئەمڕۆ گوندەکان هەیانە لەوەی پرۆژەو کاریان بۆ ئەنجام نەدرێت کەمی ژمارەی دانیشتوانە کە لە گوندی(١) ماڵ هەیە تادەگاتە پێنج ماڵ و ١٠ ماڵ و پانزە ماڵ ئەو دیاردەیە لە قەرەداغ و گەرمیان زۆر بەرچاوە، ئەگەر لە ناوچەی گەرمیان گوندێک ٢٥ ماڵ بێت پێی دەڵێن ئاواییەکی زۆر گەورەیە، لەهەمان کاتیشدا گوند هەیە سەد تا سەدو پەنجا ماڵن، هەموو ئەو ژمارانە مەرجی ئەوەیان تیادا نایەتە جێ گوندی هاوچەرخیان بۆ دامەزرێنرێت. بۆ ئەوەی گوندی هاوچەرخ دامەزرێت پێویستە ژمارەی ماڵەکان (٢٥٠-٣٠٠) بێت.

٢.لە ڕووی ئیکۆلۆژیەوە: پێویستە ئەو شوێنەی گوندەکەی تیادا بنیاد دەنرێت، تەخت ولەبار بێت لە ڕووی ئەندازەییەوە بۆ جێکردندنەوەی ناوەندە خزمەت گوزارییەکان، هەروەها بۆ ئەوەی کەش و هەوایەکی تەندروست و لەباری هەبێت پێویستە گەورەکان لە دەرەوەی گوندە هاوچەرخەکە بن جا چ لە شوێنە کۆنەکەی ئەوانە بێت ئەگەر لەبار بێت یان بەلای کەمەوە (٥٠٠م) دووربێت لە گوندی هاوچەرخەوە، ئەوەش بەوە دەبێت هاوکات لەگەڵ دروست کردنی گوندی هاوچەرخ دا، وەزارەتی کشتوکاڵیش پرۆژەی هەبێت بۆ دروستکردنی گەوڕی گونجاو لە ڕووی ئەندازەیی و ڕێنمایی زانستیانە لە ئاژەڵداری کردن بەمەبەستی بازرگانی ئەمە وا دەکات وەک ئێستا هەیە و زووتر باس کرا شاخێک لە پەین کۆنەبێتەوە لە ناوگوندەکەدا. بەمەش ژینگەیەکی دروست لەم گوندە دروست دەبێت.

٣.لە ڕووی خزمەت گوزاری پەروەردەییەوە: ئەگەر ژمارەی دانیشتوان زۆر بوو بەلای کەمەوە گەیشتە (٢٥٠ ماڵ) ئەوا دەتوانرێت خوێندنگەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لەم گوندەدا دروست بکرێت وکەش لەبار بێت بۆ هەردوو ڕەگەزی کوڕ وکچ بە هەموو ئاستەکانی خوێندن هەڵچێت، چونکە ئێستا دیاردەیەک هەست پێ دەکرێت لە گوندەکان دا، ئەویش ئەوەیە بەشێوەیەکی گشتی هەر خوێندنگەی سەرەتایی هەیە، بۆ ناوەندی ئەبێت لە شوێنی تر بخوێنن ئەمەش تەنها بۆ کوڕان لەبارە کچان لە سەرەتایی زیاتر ناخوێنن، بڕینی ڕێگەی دوور بۆ کچان ئاسان نییە و نەریتی کۆمەڵایەتی ڕێگەی پێ نادات. ئەمە جگە لەکێشەی هات و چۆی مامۆستا. کەمی مامۆستای مادە زانستییەکان لە بوونی گوندی هاوچەرخدا چارەسەر دەبن لە ڕووی بیناشەوە لەبری ئەوەی قوتابخانەی سەرەتایی بۆ (٦-١٠) گوند دروست بکەین لە گوندی هاوچەرخ دا سێ تەلار بۆ هەرسێ قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی دروست دەکرێت.

٤.لە ڕووی تەندروستییەوە: ئەگەر ئەو ژینگە لەبارە هەبێت پێشتر باسی لێوە کرا، ئەوا ڕێژەی ئەو نەخۆشیانەی پەیوەندیدارن بە ژینگە و ئاو و پاک و خاوێنییەوە زۆرکەم دەبێتەوە، لەبری ئەوەی هەر گوندێک بنکەیەکی تەندروستی بۆ بکرێت وە کە ئاستی خزمەت گوزاری تەندروستی دیاری کراوە چەند گوندێک کۆدەکرێنەوە و مەڵبەندێکی تەندروستییان بۆ دەکرێتەوە و دەتوانرێت تا ئاستێکی بەرز خزمەت گوزاری تەندروستی پێشکەش بکرێت.

٥.لەڕووی پیشەسازییەوە: کاتێک چەند گوندێک لە گوندێکی هاوچەرخ داکۆدەکرێنەوە، بەپێی جۆر و ڕادەی بەروبومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و هەنگەوانی دەتوانرێت کارگەی لەقتوونان دامەزرێت بۆ بەروبوومەکانیان، چونکە لە وەرزی پێگەیشتن و ڕنیندا نرخی بەرهەمەکانیان هێندە دادەبەزێت دەستمایەکەی ناگرێتەوە، بەلەقتوونان شێوازی تەقلیدی لە خستنە بازاری بەروبووم دەگۆڕێت بۆ بەکارهێنانی زانستیانە و دوور لە توش بوون بە نەخۆشییەوە بەتایبەتی بەرهەمەکانی شیرەمەنی ڕەنگە لەهەمووکاتێکدا مەرجی تەندروستی تێدا نەبێت و لە شارەکان دا ساغ دەکرێنەوە.

٦.لە ڕووی گەشت و گوزارییەوە: ناوچە گەشت و گوزارییەکانی کوردستان ناوەندی دێهاتەکانن، گوندەکان لە ئێستایاندا هەر لە دوورەوە جوانن کە لێیان نزیک دەبیتەوە شاخی پەین و بۆنی ناخۆش و تێکەڵ بوونی ئاوی پاشماوە بە پەین و تێکەڵ بوونیان بە کانیاو ڕووبارەکان، سەرنجی جوان دەرەوێنێتەوە، بەڵام کۆبونەوەیان لەیەک گوندی جوان و سەرنج ڕاکێش دەیان کاتە ناوچەی گەشت و گوزاری و ناوچە لەبارەکانی گەشت و گوزاری نزیک خۆیان لەبارتر دەکات بۆ سوودلێ وەرگرتن لەبەرامبەر گەشتیارانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

٧.لە ڕووی کلتورییەوە: لە ئێستادا کارکردن لەسەر ئاستی گوندەکان ئاسان نییە، چونکە کۆکردنەوەیان لە شوێنێکدا ئەرکێکی زۆری دەوێت بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەی دەتەوێت بیگەیەنیت یان ئەو ڕێنماییە تەندروستی و کشتوکاڵیانەی پێویستن بەئاسانی ئامانجی خۆیان ناپێکن، بەڵام کۆبونەوەی گوندەکان وا دەکات بە ئاسانی بتوانرێت هۆڵێکی گونجاو و کتێبخانەیەک دروست بکرێت، بۆ ئەوەی چالاکیە جۆراوجۆرەکانی تیادا ئەنجام بدرێت، جا ئەو چالاکیانە چ هی دام و دەزگا حکومییەکان و ڕێکخراوە NGO کان بن، یاخود چالاکی ئەو تیپ و گروپە کلتوری و کۆمەڵایەتیانە بن، لەئەنجامی دروست بوونی گوندی هاوچەرخدا پێک دەهێنرێت.. هەنگاو هەڵهێنان بۆ بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لەوەدایە ئەو هەل و مەرجە بۆ گوندنشینەکان لەبار بکرێت، بۆ ئەوەی پشت بە ئابوری خۆیان ببەستن بۆ خۆش گوزەران کردنیان و بەشداری فرە کاراتریان لە ئابوری نیشتمانیدا، پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری کارەباو ئاوی پاک و ڕێگاوبان و خانوی دروست بەپێی ژمارەی خێزان کە ئێستا لە شارەکان بە ئاسانی نایەتە دەست و گوندە هاوچەرخەکان هۆکارێکی ڕاکێشەر دەبن بۆ خەڵکی گوندەکان کۆچی پێچەوانە بکەن و گوندەکانیان ئاوەدانتر بکەنەوە، بەمەش بەو گوشارە هەمەلایەنەی لەسەر شارەکان کەمتر دەبێتەوە، کە ئێستا خەڵکی شارەکان لە دەست قەیرانی نیشتەجێبوون و بەرزی نرخی بەروبووم و قەرەباڵغی شەقامەکان ئۆقرەیان لێ بڕاوە. ئەو ناهاوسەنگیە لەگەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردی، وێنایەکی نادروست لەلای خۆی دروست دەکات لەوەی ئەوەی لەشار نەبێت مافی نابێت لەخۆ دامەزراندن و خوێندن و خۆشگوزەرانی و.. هتد. ■

چین هەواری ڕابردووی ئایدۆلۆژیا و کارخانەی یاری منالانی ئەمڕۆ و گەورە هێزی داهاتوو(وەڵامێک بۆ نووسینێکی بەڕێز مەلا بەختیار)

عەلی مەحمود محەمەد

بەشی شەشەم

□ مارکسییەت

ئایدۆلۆجییای قۆناغی خەباتی شاخ

بەلاتانانەوە سەیر نییە ئەگەر ئایدۆلۆجیای سەردەمی شاخ و قۆناغی شار جیا بن لە یەکتر، ئەبێت جیاوازی چی بێت لە نێوان ئایدیۆلۆژییای سەردەمی ئۆپۆزسیۆن بوون و ئایدۆلۆجییای سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی، یاخود جیهانبینی سەردەمی شاخ و جیهانبینی دەسەڵاتداریتی لە شار، ئایدۆلۆژییای قۆناغی خەباتی چەکداری و ئایدۆلۆجیای قۆناغی دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات ???. ڕاستە زەمینەو شێوەی تێکۆشان لەو دوو قۆناغەدا بە تەواوی جیان لە یەکتر، لە ئێش و ئازارەوە بۆ قوربانی دان، لە ئیدارە و بەڕێوەبەرایەتی، لە پراتیک و شێوازی تێکۆشان، بەڵام ئەم جیاییە ئەوە ناگەیەنێت بۆ هەر قۆناغێک ئایدۆلۆژییاو بیروباوەڕێک بەکردن بدرێت.

با پێکەوە سەرنجێک لەم پەرەگرافە لە نوسینەکەی بەڕێز مەلا بەختیار بدەین بزانیین سەبارەت بەم پۆلێن کردنە چیمان بۆ دەنوسێت چۆن قەناعەتمان پێ دەکات:- (سەرکەوتن و حوکمڕانییەتی و ئیدارە، سەراپا جیاوازە لە سەردەمی شاخ. لە شاخدا بیروباوەڕی چەپ و شۆڕشگێڕییەتی زۆر گرنگە. بەڵام لە شاردا وا نییە. لە شاردا زانست، تەکنەلۆژیا، ئیدارە، نەخشە، پلانی ئابوری و سەرمایەگوزاری و دیپلۆماسییەت، ڕوناکبیری و ئازادی و مەدەنییەت و ئەقڵانییەت.... تاد ئەوانە گرنگن. ٣٤٤٠ک ن ٥-٧-٢٠٠٤).

لەبەشی پێشوودا ئەوەم دەرخست ئەو دەستەواژانەی بەڕێز مەلا بەختیار لەنوسینەکانیدا ڕیزیان دەکات زۆربەیان پەیوەندییان بەیەکەوە نییە و ناتوانن ڕستەی مانا دار دروست بکەن، تەزبیح هۆنینەوە چۆن پێویستە هەموو دەنکەکانی لە شێوەو قەوارە و پێک هاتەدا هاوتای یەکتر بن، ڕستەش هەر وایە، پێویستە وشەکانی مانای یەکتری تەواو بکەن، ئەگەر وا نەبێت ئەوا ئەو پێکەوە گرێدانە ڕستە نییە، ڕستەش تەواو نەبێت مانا نادات بە دەستەوە، ڕستەیەکیش مانای نەبوو ناچێتە قالبی نووسینەوە.

لەم پەرەگرافەداکاک بەختیار پاساو بۆ مارکسی بونی ڕابردوی خۆی و ڕێکخراوەکانی پێشتری دەهێنێتەوە، هاوکات بەڵگەو بەهانەش بۆ وازهێنانیان لە مارکسییەت پێشکەش دەکات، قەناعەتمان پێ دەهێنێت، بەوەی بۆ سەردەمی شاخ و قۆناغی ئۆپۆزسیۆن بوون و خەباتی چەکداری، چەپێتی و مارکسی بوونەکەیان پێویست بوو، ئایدۆلۆژییای مارکسیەت نەبوایە ناتوانرا ئەو بارە قورسەی تێکۆشان، لەو ڕۆژگارە سەختەی خەبات، بیروباوەڕ ئایدۆلۆژییاکان دیکە هەڵیگرن، بۆیە چۆن هانایان بۆ چەک برد، بە هەمان شێوە هانایان بۆ بیری مارکسییەت وەک چەکێکی کاریگەری سیاسی شۆڕشگێڕ برد، بیروباوەڕی قوربانی دان و ڕۆژانی سەختی تێکۆشانە. ئەمەش لە خۆیدا تەسکییەکی سەربەرزانەیە بۆ شۆڕشگێڕ بوونی بیری مارکسیزم، لە کەسێکەوە ئێستا نازانیین تا چەند باوەڕی پێی ماوە ??. قەوارەو ئاستی خزمەتی بیری مارکسیزم دەرەخات، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ئەو قوربانییانەی لەو پێناوەدا بە ناوییەوە پێشکەش کراوە. دەیسەلمێنێت لە قۆناغی ژێر دەستەیی وچەوساندنەوەدا بیری مارکسیزم فریای نەتەوە ژێر دەستەکان و وڵاتە داگیرکراوەکان دەکەوێت، دەستییان دەگرێت بۆ ڕزگار بوونییان لە ژێر دەستەیی و داگیرکاری، چرای ڕێگای تێکۆشانییانە بۆ کۆتایی بە ستەم و چەوساندنەوە، لەم بوارەدا کاریگەرترین چەک بووە، هەر واش دەمێنێتەوە. مارکسییەکان مۆرکی خۆیان ناوە بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستانەوە لە هەموو پارچەکاندا، لە هەموو تەوژمە سیاسییەکانی دیکە زیاتر قوربانییان بۆی داوە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا سەیرە ئەوەیە، کاک بەختیار چەپ و مارکسییەکان جیادەکاتەوە لەو چەمک و دەستەواژانەی بەکاری هێناوە لە ووتارەکەیدا وەک: شارستانییەت، مەدەنییەت، کۆمەڵگەی مەدەنی، سەرمایەگوزاری، پیشەسازی و ئازادی،..... لێرەدا ئەوە دەرەکەوێت مارکسیەت لەگەڵ کرۆکی ئەم چەمکانە هاوتەریب نەیەنەوەو دژ بە یەکتری بن ولەگەڵیاندا ناتەبا بن، هیوادارم وا نەبێت، بەڵام وا خۆی دەرەخات و مانا دەدات بە دەستەوە، لە کاتێکدا هەموو ئەو دەستەواژانە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرنیتەن و مارکسییەکانیش بۆچونی خۆیان هەیە لەسەری، چ ئەوانەی زوو کران، یاخود ئەوانەی تازە دەکرێن وکاک بەختیار ئاگای لەکەمییانە.

مافی خۆمانە ئەم پرسیارە بکەین، ئایا لە بەرنامەی ڕێکخراوەکانی ڕابردووی کاک بەختیاردا هاتبوو مارکسیەت ئایدۆلۆژی قۆناغی شاخە و دوایی سەرکەوتن ئەم ئایدۆلۆژیایە دەگۆڕێن، دانەیەکی نوێ بەکرد نەدرێت بۆ قۆناغی دەسەڵاتدارییەتی ناو شار???. واتە پۆشینی بەرگی مارکسیەت تەنها بۆ قۆناغێکە، هەر ئەو قۆناغ و سەردەمە کۆتایی هات ئەو بەرگە فڕێ دەدرێت و یەکێکی دەپۆشرێت؟.

ئایا ئەم پرسیارەیان خستە بەردەم ئەو هەموو شەهیدەی بە ئاواتی یەکسانی و دامەزراندنی سۆسیالیزمەوە سەرییان نایەوە وگیانییان بەخت کرد؟.

ئەگەر بانگەشەی خەبات بۆ ڕزگاری هەژاران و مژدەی بەرپاکردنی یەکسانی لە کۆمەڵگەدا پاش بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات نەبوایە، کاک بەختیار و بەختیارییەکان دەیانتوانی ئەو هەموو هەژارانە کۆ بکەنەوەو بیانکەنە قوربانی بزووتنەوەیەک و لەگەڵ سەرکەوتندا ڕێگایەکی دیکە بە پێچەوانەی ویست و ئاوات و ئامانجی ئەوان بگرێتە بەر؟. دنیایەک بە دیاری بهێنێت تەواو پێچەوانەی ئاوات و ئامانجەکانییان بێت.

یەکێتی پێش ڕاپەڕین و گەڕانەوە بۆ شار، بەرگی مارکسیزم بوونەکەی خۆی لە قاسمە ڕەش، بە دوای ڕوخانی دیواری بەرلینا، لەبەر خۆی ونجڕ ونجڕ کرد، نەک لەگەڵ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە شار پاش ڕاپەڕینەکەی خەڵکی کوردستان، لە بەر خاتری شارستانییەت وشۆڕشی پیشەسازی و ئازادی و مافی ژنان.

لەگەڵ ڕوخانی دیواری بەرلینا، گفتوگۆ گەرم بوو لەناو ڕیزەکانی ڕێکخستنەکی کاک بەختیار بۆ لەکۆڵ خۆ کردنەوەی کەوڵی مارکسیزم، کە ڕۆژگار و سەردەم هەڵگرتنی گران کردبوو. کاک بەختیار لەو کاتەدا داخوا چەند ڕەخنەی توند و تیژی لەو هەنگاوە گرتووەو هەڵای لەسەر سازکردووە. بەڵام بۆ من ئاساییەو جێی ڕەخنە نییە، نابێت هیچ ئایدۆلۆژی و جیهانبینییەک بە زۆر بەسەر هیچ کەس و لایەنێکی سیاسییدا بسەپێنرێت، بەرگێک بەزۆر بپۆشرێت قەت لەگەڵ جەستەدا ڕاستگۆ نابێت، بیروباوەڕ و میتۆدێکی سیاسیش بە مۆدێل و ناچاری هەڵگیربێت قەت بۆ ئامانجەکانی خۆی وەفادار نابێت، تا زوو لەبەر خۆی داکەنێت ئەوەندە قازانجە بۆ بیروباوەڕەکە. کەواتە ئەوە شاخ نەبوو ڕەونەقی دابوو بە مارکسییەت و وای کرد کاک بەختیارەکان بەرگەکەی بپۆشن وکاسکێتی ئەستێرەداری جیڤارایی لەسەر نێن، بەڵکە ئەو سەردەمەی ئەوان لە شاخ بوون، مۆدەی ئەو پۆشاک وکاسکێتە بوو لە ئاستی جیهاندا. سەردەمەکە پێویستی دەکرد و مۆدەی باوی سیاسی ڕۆژگار بوو، سور نەبوایە لە بەرەی شۆڕش جێگەی نابوەوە، نەک شاخ و قۆناغی تێکۆشان. ئەگەر سەردەم هەمان سەردەم و هەلومەرجی جیهانی وەک ئەوکات نەدەبووەوە ئەوا مارکسییەت ئەمڕۆ دەبووە ئایدۆلۆژییای شاری شاران!! ، بەرنامەی ئابوری فول سۆسیالستی نەبوایە، دەتان فەرموو کوردستان تالانە کرێت و ئابوریش وێرانە بێت. مارکسییەت دەبووە ئایدۆلۆژییای تاقانەی دەسەڵاتدارییەتی لە شار و ڕێگە بە هیچ باوەڕێکی زیان بەخش نەئەدرا ئەسپی ئایدۆلۆژی خۆیان تاو دەن لە کۆمەڵگەدا، ئەوەشی وەک ئێوەی بیر نەکردایەتەوە، دەتان فەرموو مارکس گۆڕ هەڵکەنە تەحریفییەکان ببینە، گۆڕی مارکس دەبووە دادوەر. باشترین بەڵگەش بۆ شاری بوونی مارکسیزم ئەوەبوو مارکسییەت باوەڕی بە سەرکردایەتی چینی کرێکار هەیە، ئەو چینەش تەنها لە شاردا دەستە کەوێت. لە کارخانەکانی نانە قەیسیش بە دروستکردنمان بدایە، پرۆلیتارییای هاوچەرخمان بۆ سەرکردایەتی شۆڕش بە کردن دەدا، تا دروستی بیروباوەڕەکەمان بسەلمێنیین و بە ناوییەوە حوکم بکەین و سۆسیالزمێکی عاجباتی بنیات بنرێت.

چەند دیمەنێک لە چیایی بوونی مارکسییەکان

لە بۆچونەکەی کاک بەختیارەوە ئەوە دەر دەکەوێت مارکسییەکان ئاگایان لە شارستانییەت و سەرمایەگوزاری و ئازادی و مەدەنییەت و پیشەسازی و دیپلۆماسییەت.... نییە و قەتیش نابێت و تا دنیا دنیایە پەی پێ نابەن، چونکە ئومێدێکی بچوکی پێیان بوایە ئەو بەرگە خوێناوییەی بە سانایی لەبەر دانەدەکەندن، کە قوربانی زۆری بۆ داوە.

مارکسییەکان نیین یەکەمجار چوونە سەرمانگ و بۆمبی ئەتۆمییان تەقاندەوە، دروشمی بەکارەباکردنی وڵاتییان بەرز کردەوە، لەکاتێکدا پاش ١٤ ساڵ لە سایەی دەسەڵات و شارستانییەت و سەرمایەگوزارییەکەی کاک بەختیاردا کارەبا ١٤ دەقەیە لە کوردستان لە ٢٤ کاتژمێردا. ئەوان نیین چەندین قوتابخانەی فکری وەک فرانکفۆرتییان بەرهەم هێناوەو دەیان فەیلەسوفی وەک ئالتۆسێرو سارتەر و..... کەڵکییان لە جیهان بینییەکەیان وەرگرتووە، دەیان کەڵە نووسەرو سیاسی وەک لینیین و بوخارین و بلیخانۆف و مایکۆفسکی و... بەرهەم هێنا، دەیان ئەدیبی گەورەی وەک برێخت و بابلۆنیرۆداو نازم حیکمەت و گۆران و.. دەیان هەزار قەڵەم بەدەستێ کە ئەم بیروباوەڕەیان هەبووە و تا دوا چرکەی ژیانییان تا ڕادەی پەرستن باوەڕییان پێی بووە، سەرمایەی مارکس لە زانکۆکانی ڕۆژئاوا دەخوێنرێت.

یەکێک نەزانێت کوردستان لە سایەی ئەم گۆڕانکارییە فکرییانەی پاش لەبەر داکەندنی مارکسیزم بەسەر دەسەڵاتدارانیا، هاتووە بۆتە ئازمایشگای بە پراتیککردنی ئەو دەستەواژانەو شۆڕشی پیشەسازی کوردستانی کردووە بە هۆنگ کۆنگ، بازاڕی کوردستانیش بۆتە سەرنج ڕاکێشترین پنتی جیهانی بۆ بەکار خستنی سەرمایەگوزاری ناو خۆو دەرەوە، پیشەسازیش وا پێ گەیوە لە عەلاگەی لایلۆن زیاتر بەرهەم نەهێنێت، ئەویش تەنها ڕەنگە ڕەشەکەی، کەی توانرا عەلاگەی سپی لە سایەی پرۆژە ئابورییەکانی کاک بەختیار لە کوردستان بەرهەم بهێنرێت، ئەوجا با کاک بەختیار ئەو ڕەخنانە لە مارکسیزم بگرێت.

نازانم کاک بەختیار دەتوانێت ئامارێکم بداتێ لەسەر سەرمایەگوزاری دەرەوە لە کوردستان و ڕێژەی ئەو لە کۆی سەرمایەگوزاری دەرەکی لە جیهاندا ???.تا بزانیین چەندێک بە شارەزایی خۆیان کەڵکییان لەو چەمک و دەستەواژانە وەرگرتووە، چۆن گۆڕانکارییە فکرییەکانییان بە قازانجی خەڵکی کوردستان تەواو بووە، کەی توانرا بە ئەندازەی لۆلا(ئەو کرێکارە بەرازیلییە نەخوێندەوارە) کارامە بن لە بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت ئەوجا دەڵێم سەدەقت، خۆتان وەک لۆلا بە دەست مارکسیزم و چەپگەراییەوە نەفەوتاند. نازانم تەنها مارکسییەکانی کوردستان کێویین و بە کەڵکی شارو بەڕێوەبەرایەتی نایەن، یان مارکسییەت وەک ڕێبازی سیاسی ئەڤیونێکە بۆ بیرو هۆشی مرۆڤایەتی ???، هەوادارانی خۆی دەبەنگ دە کات. ئاساییە گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێت. مارکس و ئەنگلز و دەیان ئابوری زانی وەک ئۆسکار لانکە وبیتڵهایم و سەمیر ئەمین وپول سیئۆزی گێل و کەنەفتەن و ئاگایان لەو ئابورییە نییە ئایدۆلۆژییای شارنشینی لەکوردستان بەرهەمی هێناوە. ئەگەر مارکسییەکان لەگەڵ شارستانییەت و ڕۆژگاردا نەیەنەوە، ئەوا مارکسیش کە باوکی ڕوحی جیهانبینییەکەیە دەبێت هەروا بوو بێت، بە هەڵە کرایە گەورەترین بیرمەندی هەزارەی دووەم، پێنوسەکەی ئەو نەبوو، سەدان ملیۆنی کردە هەوادارێ خۆی و بە ملیۆنان لە ژاپۆنەوە بۆ شیلی بە ئێستاشەوە لەو پێناوەدا گیانییان بەختکرد و دەیکەن، ئێستاش لە پەرلەمانی ئەوروپادا لە کۆی ٧٣٢ پەرلەمانتار ٥٣یان پەیڕەو لەو میتۆدە سیاسییە دەکەن ئەو پایەکەی دانا، لە ژاپۆن و کەنەدا، بەرازیل و شیلی و باشوری ئەفریقا،..... هتد ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییان دەنگ بە میتۆدەکەی دەدەن، لە لەندەن خەڵکی ئەم شارە مارکسییەک دەکەنە پارێزگاری خۆیان. ئەوە مارکسییەکان نیین ساڵ لە دوای ساڵ نۆبڵ دەدورنەوەو لە هونەردا قوتابخانەو ڕێبازی تایبەتییان داهێناوە!!.

مارکسییەت بۆیە بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی شار ناشێت، لەبەر ئەوەی ڕێگا بە دەوڵەمەند بوونی بەرپرسان و چەوساندنەوەی کرێکاران و جوتیاران و ژنان نادات، ڕێگرە لەبەردەم حەزە کەسایەتییەکانی بەرپرسان، لە پێناو ئامانجی کۆدا خەبات دەکات، ئارەزووەکانی تاک لەناو بەرژەوەندی کۆ زیندانی دەکات.

کاک بەختیار ئەگەر پێی وایە مارکسییەکان لەسەر ئەو دەستەواژانە هیچییان نەووتوە یان نەنوسیوە، یاخود هیچییان پێ نییە، دەتوانێت هەرچی کاغەز شک دەبات بەکاری بهێنێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلەبەرانە، ئێمەش لە دەست خۆشی زیاتر هیچی تری پێ ناڵێین، بەڵام سەردەمی ئەوە تێپەڕیووە بە تەنها دوو هێڵی ڕاست و چەپ جیهانبینییەک بکوژێنێتەوە.

هیوادارم کاک بەختیار ئەو کەلەبەرانەی لە مارکسییەتدا هەیە لە مارکسەوە بۆ گرامشی و مەهدی عامل و حوسێن مروەو قوتابخانەی فرانکفۆرت و دەیان بیرمەندی کە نەیان توانی تەواوی کەن ئەو ناتەواوییەکانی دەست نیشان بکات، لە مارکسییەکانیشەوە لە دەست خۆشی زیاتر وەرناگرێتەوە. ■

laparakan.qxd 5/15/2005 10:04 AM Page 11

ئەندرێ تارکۆفسکی

گۆڤاری (لی نوڤیل کلێ) ی فەرەنسی..

ئا: تاهیر عەبدولواحید

بەشی دووەمو کۆتایی

□ پرسیار: چەندێک جێگەی نامۆبون بێت. بەڵام ئەوانەی کە سەرسامن بەفیلمەکانت لەهەمان کاتیشدا فیلمەکانی (ستیڤن سپیلبێرگ)یشیان خۆشدەوێت... هیچکام لەفیلمەکانی ئەوت بینیوە؟ یان رای تۆ سەبارەت بەو هونەرمەندە چییە؟؟

تارکۆفسکی: بەم پرسیارەت بێ ئاگایی خۆت پیشان دەدەی. (سپیلبێرگ) و (تارکۆفسکی) لای تۆ لەیەک دەچن. ئەمە هەڵەیە.. لەراستیدا دوو جۆر لەسنیەماکاران بەدی دەکەم. جۆری یەکەمیان. بواری سنیەما وەک هونەر تەماشا دەکات. پرسیارە تایبەتیو گەورەکانی خۆی تیا دەکات. سینەما لای ئەو جۆرە هونەرمەندانە پاداشتو دیاریە. جۆری دووهەمیشیان سینەما وەک هۆکارێک بۆ بەدەستهێنانی پارە دەبینێتەوە. ئەمەیە سینەمای بازرگانی. بۆنمونە فیلمی (ئیتی E.T) (سپیلبێرگ) حیکایەتێکی مەدروسو وردبینانەیە وەک سینەمایە مەبەستی راکێشانی سەرنجی کۆی بینەران.. (سپیلبێرگ) مەبەستی خۆی لەم فیلمەدا پێکاوە.

کەواتە نۆشو پیرۆزی بێت. ئەم ئامانجە هەرگیز من نەمویستووە پێی بگەم. چونکە لەدەرەوەی گرنگی پێدانەکانی منن. با ئێمە نمونەیەک بهێنینەوە. لەمۆسکۆدا جگە لەگەشتیارەکان (سەد ملیۆن) کەس لەوێ دەژین. لەهەمان کاتیشدا سێ هۆڵی کۆنسێرتی نمایشی مۆسیقای کلاسیکی هەیە. ئەوانیش هۆڵی (چایکۆڤسکی) و هەردوو هۆڵی (گەورە) و (بچوک)ی کۆنسێرفتوارن. چەند هۆڵێکی کەمن بەڵام بۆتە جێگەی رەزامەندی هەموان. سەرباری ئەوەش هیچ کەس ناڵێت مۆسیقا رۆڵێکی سەرەکی ناگێرێت لەژیانی (یەکێتی سۆڤێت)دا.

ڕاستی دەربارەی هونەرێکی گەورەی وەک مۆسیقا ئەو هونەرە خوداییو رۆحانیە مەزنە لەلای من لەنێو خۆیدا شاراوەیە. هونەری جەماوەری لای من لێدانە لەبێ هودەیی. هونەر لەگەڵ رۆحێکی بەرزو ئەرستۆکراتیدا تەجەللا دەکات. هونەری مۆزیک ناکرێ وەک کایەیەکی ئەرستۆکراتی باسی لێوە نەکرێت. چونکە لەچرکەساتی خولقاندنیدا گوزارشت لەرۆحی جەماوەر دەکات. ئەو شتەی کە تموحی تۆیە ناهۆشیارانەیە گەر هەموان توانیان لەنهێنیەکانی مۆسیقا بگەن ئەوا کارێکی مەزن ئاساییو سادەو روکەش دەبێتەوە.

هەروەک چۆن رووەکێک لەکێڵگەیەکدا سەردەردەهێنێت، هەرکاتێکیش جیاوازی هەبوو لەتواناکاندا ئەوا جوڵە بەرهەم دێت.

پرسیار: بەڵام تۆ خاوەنی جەماوەرێکی فراوانیت لەیەکێتی سۆڤێت. گەر بمانەوێت یەکێ لەفیلمەکانت ببینین ئەوا پێویستە پێشبرکێ بکەین لەسەر وەرگرتنی بلیتی بینین..

تارکۆفسکی: یەکەم من دەرهێنەرێکم فیلمەکانم قەدەغە کراون لەبینین لەنێو یەکێتی سۆڤێت دا.. ئەوەیە کە وای کردووە جەماوەر بەتاسەوە بێن بۆ بینینی فیلمەکانم.. پاشان من هیوا دەخوازم کەئەو بابەتانەی هەوڵی بەئاکام گەیاندنیان دەدەم لەگیانو لەبریاری خۆمەوە هەڵقوڵاون. تا لەلای بینەرەکانم جێگەی گرنگی پێدان بن. لەلایەکی تریشەوە فیلمەکانم بەتەنها گوزارشت نین لەخۆم. بەڵکو شێوەی نوێژێکی پیرۆزن. کاتێک فیلمێکم تەواو دەکەم ئەو رۆژە دەبێتە رۆژی جەژن. هەروەک چۆن دەخرێمە بەردەم مۆمێکی پرشنگداریان چەپکە گوڵێک.

بینەر لەکۆتاییدا تێدەگات گەر بەراستگۆیی دواندمان من زمانێکی تایبەت ناخولقێنم تاوا بنوێنێت کارەکانم زۆر سادە بێت یان زۆر خراپ یان زۆر زیرەکانە بێت. نەبوونی راستگۆیی دیالۆگی نێوانمان وێران دەکات.. زەمەنیش کاری خۆی لەتەک مندا کرد. کاتێ خەڵک لەوە حاڵی بوون کەمن بەزمانێکی سروشتی دیالۆگیان لەگەڵ دەکەم و من وەکو گەمژەو هیچ نەزان نەمبینیونەتەوەو هیچ شتێکیان پێ ناڵێم جگە لەوەی کەبیریان لێدەکەمەوە. ئەوکات گرنگییان دا بەکارە فیلمیەکانی من..

پرسیار: ئایا تۆش وەک (سۆلجنستین) پێت وایە کە خۆرئاوا دەوڵەتی تایبەت بەخۆیان داناوە بەڵام واقیعی راستەقینەش تەنها لەخۆرهەڵاتەوە دێت؟؟.

تارکۆفسکی: من زۆر دورم لەم پێشبینییانەوە. من وەک ئەرسۆزۆکسییەک رووسیا بەخاکی رۆحی خۆم دەزانم. هەرگیز ئامادەش نیم سازش لەسەر ئەومافەی خۆم بکەم گەرقەدەری من وەهاش بێت کە بۆ هەتایی ماڵی منداڵیو نیشتمانی خۆم نەبینمەوە. کەسانێک هەن دەڵێن حەقیقەت لەخۆرئاواوە سەرچاوەی گرتووەو دێت.. هەندێکی تریش پێیان وایە کەحەقیقەت لەخۆرهەڵاتەوە دێت.. بەڵام مایەی خۆشحاڵیە کەمێژوو پڕاوپڕە لەموفاجەئاتو لەچرکەساتێکدا تووشی شۆکمان دەکات..

لەیەکێتی سۆڤێت داو لەئێستادا رابونێکی رۆحی و ئاینی هەستی پێ دەکرێو لەبوندایە.. ئەمە دیاردەیەکی باشە.. بەڵام رێچکەی سێیەم زۆر دوورە.

پرسیار: ئەی سەبارەت دوای مردن دەڵێی چی؟؟ کاتێک هەبووە هەستێکی وەهات لادروست بووبێت کە تۆ گەشتیارێکی رووەو جیهانی نادیار؟ دنیا بینیت بۆ ئەو باسە چۆنە؟؟.

تارکۆفسکی: من تەنها باوەڕم بەشتێک هەیە. ئەویش ئەوەیە کەگیانی مرۆڤایەتی هەتاییە. ناتوانرێت دەستی بەسەردا بگیرێت- لەجیهانی نادیاردا هەر شتێک بمانەوێت دەیبینینەوە. هیچ گرنگییەک بۆ مردن نیە. ئەوەی کە ئێمە ناومان ناوە مردن. مردن نیە. بەڵکو لەدایک بونەوەیەکی نوێیە. هەر کرمە کە لەقۆزاخەدا دەبێتە پەپولەیەکی باڵدارو رەنگاورەنگ من باوەڕم وایە کەدوای مردن ژیان هەیە.. هەر ئەوەشە بۆمان بۆتە جێگەی نیگەرانی.. ئێمە کاتێک دەتوانین بەو شێوەیەی کەدەمانەوێت ژیان هەڵبژێرینو بەسەر بەرین ئەوکاتەی کەدەمرین..

پرسیار: کەی تۆ بەوە گەیشتیو ئەوەت لا ئاشکرا بوو کە تۆ پەیامێکت پێیەو پێویستە بیگەیەنیتە مرۆڤایەتی؟؟.

تارکۆفسکی: ئەوە ئەرکێکە بۆ خوداو لەپێناوی ئەودا.. مرۆڤایەتی دوای ئەو دێت.. هونەرمەند ئەو بیرۆکانەی لەلای گەلەکەیەتی کۆیان دەکاتەوەو چڕی دەکاتەوە تیایاندا.. ئەوەش دەنگی گەلە.. ئەوەی کەدەمێنێتەوە تەنها کارو کۆیلایەتیە.. هەڵوێستی ستاتیکیو ئاکاری من لەو ئەرکەدا خۆی دەبنێتەوە.

پرسیار: پێش ئەوەی سەرزەوی بەجێبهێڵیت دەتەوێ چی بەمرۆڤەکان بڵێیت؟؟.

تارکۆفسکی: گرنگترینی ئەو شتانەی ویستومە بیانڵێم لەنێو فیلمەکانمدان.. قورسە بۆ من بچمە سەر سەکۆو بڵندگۆیەک کەهیچ کەسێک بانگی نەکردووم بۆی..

پرسیار: لەکتێبی (تەواوکردنی زەمەن)دا دەڵێیت (خۆرئاوا بێ وەستان هاوار دەکات و دەڵێت.. سەیرکەن.. ئەوە منم.. ببینن چۆن ئازاردەچێژم.. چۆن خۆشەویستی دەکەم.. من .. بەتەنها من.. و .. هەر بۆ خۆم.." چۆن توانیت ئیشکالیەتی (من) شیتەڵ بکەیت وەک هونەرمەندێکی مەرموق؟؟.

تارکۆفسکی: تائێستاش نەمتوانیوە ئەو کێشەیە بەچارەسەر بگەیەنم.. بەڵام بەردەوام هەستم بەکاریگەری کەلتوری خۆرهەڵاتیو ئەو تەلیسمە کەمەندکێشە کردووە لەسەر خۆم.. مرۆڤی خۆرهەڵاتی ئامادەیە خۆی وەک دیاری پێشکەش بەگەردوون بکات. بەڵام لەخۆرئاوادا گرنگ ئەوەیە مرۆڤ خۆی بەدیار بخات.. خودی خۆی بسەپێنێت.. ئەوەش لەلای من جێگەی خەمباریە. گەمژە بینیو سیفەتێکی حەیوانیە.. لاوازترین بەهای مرۆڤایەتیو رۆحانیە.. هەربۆیە هەتا بێت زیاتر دەبمە کەسێکی خۆرهەڵاتی..

پرسیار: بۆچی دەستت هەڵگرت لەبەئاکام گەیاندنی فیلمی (ژیانی هۆفمان)؟؟..

تارکۆفسکی: دەستم لەو فیلمە هەڵنەگرتووە. بەڵکو دامخستووە وێنەگرتنی فیلمی (قوربانی) کاریگەری زیاتری لەسەرم دانابوو.. فیلمی (ژیانی هۆفمان) گەر بکرایە دەبووە فیلمێکی رۆمانسی. رۆمانسیەتیش دیاردەیەکی تەواو خۆرئاواییە.

رۆمانسیەت یان نەخۆشیە یان دەرمانە.. مرۆڤ کاتێک رووەو پیری دەڕوات سەردەمی لاوێتی خۆی دەبینێتەوە. هەروەک چۆن رۆمانسیەکان دنیا دەبینن. سەردەمی رۆمانسیەت سەردەمێکی دەوڵەمەندبوو لەڕووی رۆحانیەتەکانەوە. بەڵام رومانسیەکان نەیانتوانی وزەی رۆحی خۆیان وەکو پێویست بەکاربهێنن.. مرۆڤی رۆمانسی هەوڵ دەدات شتەکان جوان بکات. ئەووەکو من دەکات کاتێ خۆم بەشی خۆم ناکەم. روولەداهێنانی خۆم دەکەم. جیهان ناخولقێنم.. بەڵکو روو لەداهێنانی جیهانێک دەکەم..

پرسیار: بۆچی لەکۆتایی (قوربانی)دا دەڵێیت (لەسەرەتادا تەنها وشە بوو)؟.

تارکۆفسکی: ئێمە تووشی هەڵەی گەورە دەبین سەبارەت بەوشە. وشە هێزی سیحری بەدەست ناهێنێت تەنها لەوکاتانەدا نەبێت کەحەقیقەت بێت.. لەمرۆدا (وشە) لەپێناو ون کردنی بیرۆکەدا بەکاردەبرێت.. لەئەفریقا هۆزێک دۆزرایەوە کەمانای (درۆ)یان نەدەزانی. پیاوە سپیەکە هەوڵی دا تا مانای (درۆ)یان بۆ تەفسیر بکات. بەڵام کەس لەو حاڵی نەدەبوون. هەوڵ بدە تا لەتەسەوفی ئەو مرۆڤانە تێبگەیت. بۆئەوەی بزانیت بۆچی لەسەرەتاوە تەنها وشە بووە؟؟.. حاڵەتی وشە حاڵەتی جیهانی رۆحی ئاشکرا دەکات. لەئێستادا بۆشایی نێوان وشەو ماناکەی هێند فراوان نیە.. ئەمەش شتێکی زۆر سەیرە.. لەشێوەی مەتەڵ دەچێت..

پرسیار: ئایا ئێمە لەکۆتایی جیهانداین یان لەکۆتایی زانادا؟

تارکۆفسکی: ئێستا سەردەمی شەڕی ئەتۆمیە. ئەوە سەرکەوتنێک نیە بۆ شەیتان بەڵکو زۆر لەوەش نزمترە، ئەوەش وەکو ئەو منداڵە وایە کەیاری بەئاگر دەکاتو ماڵەکەی دەسوتێنێت. ئێمە ناتوانین تەنها بەئارەزووی یاری کردن بەئاگر تاوانباری بکەین.. مرۆڤ وەک رۆح ئامادە نیە بۆ ژیان لەگەڵ بۆمبەکاندا. تائێستاش ناکامڵە سەرەتا پێویستە لەمێژووەوە فێر بێت. ئەگەر شتێکیش هەبێت کەلێوەی فێربوبێتین ئەوەیە کە مێژوو شکستی خواردووە لەوەی کەشتێکمان فێر بکات..

ئەمەش چڕکراوەی بیرۆکەیەکە کەپڕاوپڕە لەرەشبینی.. مرۆڤ بەردەوام هەڵەکانی پێشووی دووبارە دەکاتەوە. شتێکی درندانەو قێزەونە.. مەتەڵێکی تازەیە.. پێم وایە پێویستە هەوڵێکی رۆحی گەورەو زەوەند بخەینە کار تامێژوو بەرز بکەینەوە بۆ ئاستێکی باڵا. گرنگترین شت ئەوەیە کەمرۆڤ ئازادی زانستو زانیاری بەدەست هێنانی بێ قەیدو شەرت بەوەربگرێت ئەوە تەنها پێویستیەکی پۆزەتیڤانەیە.. حەقیقەت بێ سانسۆرو بێ کۆنترۆڵ کردن سەرەتای ئازادیە.. ■

مۆزیک ژەنە ناودارەکانی جیهان

■ ئۆلیفیە میسیان

(١٩٠٨-١٩٩٢)

ئا: باران

□ دانەرو یەکێک لەمامۆستا گەورەکانی موزیکی فەرەنسی، سەدەی بیستەمە. لە١٠ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٨ لەئەفنیون لەدایک بووە، باوکی کەناوی بیر میسیانە، ئەدیب و رەخنەگر بووە، بەتایبەتیش گرنگی زۆری بەبەرهەمەکانی شکسپیر داوە، دایکی کەناوی سیسیل سوفاج بووە، ئەدیب و شاعیر بووە.

ئۆلیفیە، هەر لەمنداڵیەوە وەک بەهرەیەکی گەورە خۆی نواندووە، لەتەمەنی یانزە ساڵیدا دەبێتە خوێندکار لەکۆنسرفاتواری پاریس، دۆبریەی مامۆستا، سەرپەرشتی دەکاتو هەر ئەم مامۆستایەشی زانستەکانی ئامێری ئۆرگ و دومگاس دەخوێنێت، دیارە هەر لای ئەم مامۆستایەشی زانستەکانی دانان فێر دەبێت. بۆیە لەماوەیەکی کورتدا، پێنج پاداشتی رێزلێنان بەدەست دەهێنێت، ئەم پاداشتانەش، پاداشتی ژەنینو بەرهەمی دانراو دەبێت.

هەرلەماوەی مانەوەی لە کۆنسرفاتواردا، بەشێوەیەکی راستەوخۆ، وانەکانی پەیوەست بەکڵێسای کۆنو ریتمیو هندۆسەکانو موزیکی نیو دەنگ. دەنگی باڵندەکانو چیرۆکەکانی ئایینو شێوە سوریالیەکان، دەخوێنێت، بەواتای ئەوەی پەیوەندی بەهونەری نوێو شتی کۆن هەبووە، ئۆلیفیە گرنگی پێداوە. لەساڵی ١٩٣١ کڵێسای ترینیتی، وەک ژەنیارێکی ئۆرگ، دەیگرێتە خۆی. هەر لەو ساڵەیشدا، ناوبانگێکی زۆر بەدەست دێنێت، ئەمیش لەپێشکەش کردنی کارێکی سەمفۆنی بەناوی (خزمانی وون)، ساڵی ١٩٣٦ سەمفۆنیایەکی تر پێشکەش دەکات، کەچی لەوی یەکەم کەمتر نابێت بەناوی (هەڵکشان)، ساڵی ١٩٣٦ لەگەڵ کۆمەڵێک لاوی فەرەنسا، کۆمەڵی لاو دروست دەکات، ئەمانیش لەژێر کاریگەری بەرهەمە پێشەنگیەکانی ئۆلیفیەدا دەبن.

نازیەکان دوای ئەوە فەرەنسا داگیر دەکەن، ئۆلیفیە، بۆ ماوەی دوو ساڵ (١٩٤٠-١٩٤٢) لەبەندیخانەی گورلیزی نازیەکان دەمێنێتەوە. هەر لێرەشەوە یەکێک لەشاکارە هەرە گەورەکانی خۆی بەرهەم دێنێت بەناوی (چوارینەیەک لەپێناو کۆتایی جیهان) ئەمیش بۆ (پیانۆو کەمانچەو فیولونیسلو کلارنێت). نازیەکانیش رێگری نەبوون کەلەبەندیخانە توانی پێشکەشی بکات لەساڵی ١٩٤١ دوای دەرچوونی لەبەندیخانە، بەرهەمێکی گەورەی تر دەخاتە سەر بەرهەمەکانی تری ئەمیش بەناوی (سێ وێردی بچووک، لەپێناو خوای ئێستا). تاکۆچی دوایشی لەساڵی ١٩٩٢ هەر بەگیانی بەرایی مامەڵەی لەگەڵ هونەرو موزیکو دانراوەکانیدا دەکرد.

بەرهەمەکانی:

موزیکی لیریکی: هۆنراوەکان لەپێناو مێ.

گۆرانی زەویو ئاسمان، هارافی، سێ وێردی بچووک لەپێناو خوای ئێستا، راچەنین بۆ مەسیحی گەورە.

تو انجالیلا (سەمفۆنیایەک لە جوڵە ١٩٤٩).

هەڵسانی باڵندەکان (بۆ پیانۆو ئۆرکسترا ١٩٥٣).

باڵندە نامۆکان (پیانۆو ئۆرکسترا ١٩٥٦).

کرنوکرومی (١٩٦٠).

بەرهەمی تیۆری بەنوسین: زمانی موزیک، چەند وتارێک سەبارەت بەریتم. ■

ئەمڕۆی موزیکی کوردی

لەدیدی هونەرمەند (کارزان موکورجی)دا

سازدانی: کاوە حاجی عەزیز

□ هونەرمەند کارزان کەمال موکرجی دەرچووی کۆلیژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی بەغداد بەشی مۆسیقایە، ساڵی ١٩٩٥. تاساڵی ٢٠٠٠ وەک مامۆستا لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی وانەبێژ بووە، هەر لەو ماوەیەدا چەندین کاری ئاواز دانانی بۆ هونەرمەندان (بەرزان وەهاب، عادل هەورامی، حەمە رەوف کەرکوکی،... هتد)کردووە. جگەلەوەش لەبواری هونەری منداڵان ماوەیەکی زۆر لەتیپی هونەری منداڵان کاری مۆسیقی کردووە، هەروەها خاوەنی چەندین نوسراوو دانراوە بەتایبەتی کتێبی (مێژووی مۆسیقای گشتی، سەمای پەپولەکان) چەندین نوسینی مۆسیقی تر کەلەکوردستانی نوێ، ئاڵای ئازادی، ئێستا، شاکار ... هتد بڵاوکردۆتەوە. ئێستا لەدەرەوەی وڵات لەئەڵمانیا سەرقاڵی خوێندنی (ماستەر)ە لەزانستە مۆسیقیەکاندا، بەر لە چەند رۆژێک هاتەوە بۆ سلێمانیو ئێمەش بەباشمانزانی ئەم دیدارەی لەگەڵدا ساز بکەین:

– بەرای ئێوەو بەو پێیەی کەئێستا لەنزیکەوە ئاشنای بەموزیکی جیهانی، ئێستا موزیکی کوردی لە چ ئاستێکدایە؟

کارزان: موزیکی کوردی شانبەشانی نەک بەتەنها موزیکی ئەوروپییە، بەڵکو موزیکی گەلانی تریشە، بێگومان گۆڕانی بەخۆیەوە بینیوەو چۆتە ئاستێکی تر، بەڵام مەرجیش نییە ئەو گۆڕانو ئاستەش من پلەی زۆرباشی بدەمێ، چونکە موزیک وەک هونەرو زانستیش ئەگەر لەبوارە هونەرییەکەشیدا نەختێک گشەی کردبێت، ئەوا بروا ناکەم وەک زانست ئاستەکەی بەرزبووبێتەوە، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەم ئاستی هونەرمەندەکانمان لەرووی بەدواداچوونو ئاگابوون، دواتریش بەراوردکردنی هونەرەکەیان بەردەوام لەگەڵ زانستی هونەری موزیکی گەلانی پێشکەوتووە.

–ئایا پێتوانییە موزیکی جیهانی، واتە تێکەڵبوونی ستایلەکان بەخۆرئاواو خۆرهەڵاتەوە موزیکی نوێ لەموزیکی جیهانی دروست بووە، واتە موزیکی خۆرئاوا بەتەنها پێی ناوترێ موزیکی جیهانی؟

کارزان: گومان لەوەدا نییە کەموزیکی کوردی بەشێکە لە موزیکی جیهانی، چونکە کورد لەسەر ئەم زەمینە دەژی، وەک چۆن میللەتەکەی بەشێکە لەدانیشتوانی جیهان، ئەوا موزیکەکەشی بەشێکە لەمۆسیقای جیهانی، جگەلەوەش بەهۆی دیاردەی جیهانگیرییەوە موزیکی ئێستا بەشێوەیەکی تایبەتی جۆرێکی نوێی گرتۆتەخۆ، ستایلەکانیش ئۆتۆماتیکی

تێکەڵ بوونێک بەخۆیەوە دەبینێت، بۆ نمونە: ئێستا لەکەناڵی MTV ئەمریکییەوە زیاتر لەچەند گۆرانییەک دەبیسترێت کەدوو پەیژەی موزیکی جیاواز بینای گۆرانیەکەی لەسەر بنچینەکراوە، سەیر لەوەدایە ئەو دوو پەیژەیە یەکێکیان خۆرئاواییو ئەویتریان خۆرهەڵاتییە، سەیر لەوەشدایە کاتێک گوێ بیستی دەبین نامۆ نییە، بەڵکو زۆر خۆشە.

– ئایا دەکرێت ئامێرە خۆرهەڵاتیەکان لەکاری گەورەی وەکو سەمفۆنیادا بەکاربهێنرێنو تا چ رادەیەک رۆڵی باشیان دەبێت؟

کارزان: ئەمە شتێکی تارادەیەک تازە نییە، ئەتوانم بڵێم کە کامکارەکان دەست پێشخەرییان کردووە لەم بوارەدا، هەروەها لای عەرەبەکانیش بەئامێری عود لەگەڵ ئۆرکسترادا، سەرکەوتوش بوون. ئەمەش لەراستیدا کەوتۆتەوە سەر ئەو ئامێرە خۆرهەڵاتیەی بەشدار دەبێت، ئەگەر بێتو ئامێرێکی فراوان بێت لەرووی تەکنیکو تۆنی مۆسیقاییەوە، ئەوا دەکرێت زۆر بەئاسانی کاری بۆ بکرێتو لەگەڵ ئۆرکسترادا بیگونجێنین، ئەگەرچی تارادەیەک مەرجی ئامێرەکانی تیپی سەمفۆنیایان تێدا نییە، هونەرمەندی یۆنانی (Yani) باشترین نمونەیە بۆ ئەم بابەتە.

– شیعری نوێی کوردی دەکرێت ئاوازی بۆ دابنرێت؟

کارزان: بەڵێ، بەڵام ئاواز دانەرەکەی کەمێک زیاتر ماندوو دەبێتو دواتریش گۆرانیەکە کەمێک زیاتر درێژە دەدات لەوەی کەهەمیشە عادەت بووە گۆرانییەک لەنێوان (٤-٦) خولەکە، بەڵام تێگەیشتنی ئەم جۆرە گۆرانیانە کەمێک زەحمەتەو رەنگە زۆر کەسیش ئیستیعابی نەکەن.

–پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی ئەوساو ئێستا چۆن تەماشا دەکەیت؟

کارزان: پەیمانگەی هونەرەجوانەکان، هەمیشە دەستورێکی تایبەتی خۆیو قودسیەتێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەویش بەحوکمی ئەوەی دەزگایەکی خوێندنو فێربوونی زانستی مۆسیقایەو هەروەها تایبەتە بەوەزارەتێکی زلو زەبەلاح ئەویش وەزارەتی پەروەردەیە، پەیمانگەی هونەرەجوانەکان تاکە مەڵبەندە کەبەڕاستی تاکو ئێستا قاچاخچی مۆسیقای تیادا دروست نەبووەو پەروەردەشی نەکردووە، لەرووی بیناسازییەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووەو جگەلەوەش لەرووی خوێندنەوە بەتایبەتی موزیک گۆڕانێکی ئێجگار گەورەی بەخۆیەوە بینیوە کەمایەی دڵخۆشییە کەبەو شێوەیە بینیمەوە.

– کەناڵە کوردییەکان تا چەند دەتوانن خزمەتی موزیکی کوردی بکەن؟

کارزان: ٥٠٪ چونکە خزمەت کردنی شتێکی وەک هونەر بەتایبەتی هونەری کوردی وەک منداڵێکی ساوا وایە کەدایکێکی زۆر میهرەبانو لەخۆبردووی پێویستە. ئەمانەش کەمن لەکەناڵە کوردیەکاندا.

-دەربارەی ئەم هونەرمەندو گروپو مۆسیقیانە چی دەڵێیت؟ زەکەریا:

کارزان: تاکە هونەرمەندە جارێکی تر هونەرمەندەکانی وریا کردەوە. ١٥ ساڵ دوای کامکارەکان.. ئەگەرچی کارەکانی مۆرکی تورکی زۆر پێوە دیارە، بەڵام تەواو ناویان دەنێم (perfect)

کامکارەکان:

کارزان: ئەو گروپە کەلەساڵی ١٩٨٦ بەدەرچوونی یەکەم کاسێتی کارەکەیان هونەرمەندەکانی ئێمەیان وریاکردەوە.

گروپی سەهەند:

کارزان: کارەکانیان زۆر هەوڵدانی تازەگەری تیادایە بەتایبەت بەلای موزیکی خۆرئاواوە، ئەو هەوڵدانەش من بەسەرکەوتووی دەزانم، تەنانەت زۆرجار بۆ خۆم کارەکانیان وەک خۆشی لەکاتی تەمرینەکانمدا لێدەدەمەوە.

گروپی نالی:

کارزان: کۆمەڵێک گەنجی سەرکەوتوونو کارەکانیان نیشانەی بەرەو پێشچوونی رەوتی هونەری کوردی تێدا بەدی دەکەم.

تیپی مۆسیقای سلێمانی:

کارزان: تۆ بڵێ تیپی (باوک)..! صەحاف ووتەنی: (لیس عندی تعلیق علی ذلک)■

laparakan.qxd 5/15/2005 10:04 AM Page 12

جامی فوتبۆڵی کوردستانو چوارگۆشەی زێڕین

گۆیژە

□ ئەنجام چوار تیپ گەیشتنە چوارگۆشەی زێڕینی جامی فوتبۆڵی یانەکانی کوردستان، کەبریتین لەهەولێرو سیروانی نویو دهۆک و داسنیا.

ئەمانیش یارییەکانی بەشێوەی هاتنو چوون ئەبێ واتە یارییەک لەیاریگای خۆیانو یارییەکیش لەیاریگای تیپی بەرامبەر ئەکەن، لەئەنجامی هەردوو یارییەکە تیپی سەرکەوتوو دەستنیشان ئەکرێو لەگەڵ تیپە سەرکەوتووەکەی تردا یاری کۆتایی ئەکەن، لەجامی فوتبۆڵی کوردستان دا کەهەردوو دەزگای وەرزشی سلێمانیو هەولێر ئەیبەن بەڕێوە وا بڕیارە رۆژی هەینی ٢٠٠٥/٥/٢٠ لەیاریگای سلێمانی هەردوو یانەی سیروانی نوێو دهۆک یاری بکەن.

لەهەمان رۆژدا لە دهۆک هەردوو یانەی هەولێرو داسنیا یاری بکەن، وایش چاوەڕوان ئەکرێ کەهەردوو یارییەکە ململانێی بەهێز بەخۆیەوە ببینێ.■

رۆناڵدینهۆ بەشداری کاسی کیشوەرەکان ناکات

□ رۆناڵدینهۆ یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیلو یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانیا بەشداری کاسی کیشوەرەکان ناکات کە لەنیوەی ئەم مانگە تا کۆتایی ئەم مانگە لەوڵاتی ئەڵمانیا سازدەکرێت، ئەمەش لەبەرئەوەی لەو ماوەیەدا یانەی (بەرشلونە) بۆ سەربازگەی یانەکەی دەچێتە وڵاتی (چین) یانەی بەرشلۆنە سەرەڕای سەربازگەکەی بەنیازە لەو گەشتەیدا (سێ) ملیۆن دۆلار بۆ یانەکەی دەست بکەوێت. لەم میانەشدا هەڵبژاردەی بەرازیل رەزامەندی خۆی دەربڕیوە بۆئەوەی رۆناڵدینهۆ لەپێکهاتەی بەرازیل دا نەبێت بۆ کاسی کیشوەرەکان.■

ئەڵمانیا خۆی بۆ بەدەستهێنانی کاسی کیشوەرەکان ئامادە دەکات

□ راهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا "یورگن کلیزمان" رایگەیاند کەبەهەڵبژاردەیەکی بەهێزو تۆکمەوە بەشداری کاسی کیشوەرەکان دەکەن کە لە (١٥ بۆ ٢٩)ی ئەم مانگە لەئەڵمانیا ئەنجام دەدرێت.

(یورگن کلیزمان) وتی: بۆ بەدەستهێنانی ئەم کاسە بەتەواوی خۆمان ئامادەکردووە. بڕوامان وایە دەبین بەپاڵەوانی خولەکە شایەنی باسە ئەڵمانیا لەکۆمەڵەی (دوو) بەرامبەر هەریەکە لە (ئەرجەنتینو ئوستراليا و تونس) یاری دەکات.■

مارادۆنا کێشی دادەبەزێت

□ یاریزانی ناوداری پێشووی ئەرجەنتینو جیهان "دیگۆ مارادۆنا" کەماوەی چەند مانگێکە لەپایتەختی (کۆلمبیا)یە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی و قەڵەویەکەی تووشی بووە، چەند نەشتەرگەریەکی سەرکەوتووی بۆ ئەنجام درا، دکتۆرەکەی مارادۆنا رایگەیاند لەوکاتەی ئەو نەشتەرگەریە سەرکەوتووەی بۆ ئەنجام دراوە (٣٣) کیلۆگرام لەکێشی مارادۆنا دابەزیوە.■

ئا: سامان دوکانی

هەواڵی وەرزشی جیهان

ئەنتەر دەستبەرداری ئەدریانۆ نابێ

یانەی ئەنتەرمیلانی ئیتاڵیا رایگەیاند. ئامادەیە ماوەی (٥) ساڵیتر بۆ یاریزانی بەرازیلی (ئەدریانۆ) نوێ بکاتەوە. چونکە لەوەرزی ئەمساڵی خولی ناوخۆی وڵاتی ئیتالیادا ئاستێکی بەرزی نیشان داوە. هەروەها یانەی ناوبراو رایگەیاند دوای ئەو (٥) ساڵەش ئەدریانۆ ئەتوانی (٥) ساڵیتر بمێنێتەوە.

دوای (٥٠) ساڵ چاوەڕوانی

هەرچەندە چەند هەفتەیەکی کەم لەخولی ناوخۆیو وڵاتی ئینگلترا ماوە بەڵام دوای ئەوەی بەئەنجامی (٢- هیچ) لەیانەی (بۆلتۆن) بردەوە یانەی (چێڵسی) بووە پاڵەوانی خولەکە.

شایەنی باسە (چێڵسی) لەساڵی ١٩٥٥ وە نەیتوانیوە جارێکیتر نازناوی خولی ناوخۆی وڵاتەکە بەدەست بێنێ.

گۆڵکەری "پارما" بەنیازی چییە؟

سەرەڕای ئەوەی لەوەرزی ئەمساڵی خولی ناوخۆی ئیتاڵیادا. یانەی (پارما) لەشوێنە خراپەکانی ریزبەندیدایە. گۆڵکەری ئەم وەرزەی یانەکە (جیلاردینۆ) بەنیازە ریزی یانەکە جێبهێڵێو بچێتە یانەی ئەنتەرمیلان.

مارادۆنا دوو دڵە

یانەی بۆکوا جۆنیۆرزی ئەرجەنتینی داوایەکی خستۆتە بەردەم ئەفسانەی تۆپی پێی جیهانو یاریزانی پێشوی ئەرجەنتین (دیگۆ ئەرماندۆ مارادۆنا) تامەشقو راهێنان بەیاریزانانی تازە پێگەیشتوی یانەکە بکات. بەڵام مارادۆنا کەئێستا تەمەنی گەیشتۆتە نزیکەی (٤٤) ساڵو بەهۆی بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکانەوە گیرۆدەی نەخۆشی بووەو بەردەوام لەژێر چارەسەردایە. تائێستا بەڕەسمی وەڵامی یانەی بۆکاجۆنیۆرزی نەداوەتەوە. لەئاستی ئەم ئەرکەدا دوو دڵە. ئەمە جگە لەوەی کێشو قەڵەوی گرفتێکی تری مارادۆنایە.

لەژمارەکانی ئایندەدا. لەدوا هەواڵی مارادۆنا ئاگادارتان دەکەینەوە.

زێدان دوو ساڵم لەبەردەم ماوە

ئەستێرەی فەرەنسیو پێکهێنەری یاری یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی (زین الدین زیدان) رایگەیاند: تەنها (٢) ساڵی لەبەردەم ماوە. تا لەیاری تۆپی پێ بەردەوام بێ. ئەمەش پەیوەندی بەتوانای جەستە (لیقاتە البدنیە)یی خۆیەوە هەیە (زیدان) جەختی کردەوە زۆر لەخێراییو توانای جەستەی خۆی لەدەست داوە (ئێستا خاوەن ئەو دوو قاچە خێرایەنیە) بەڵام خاوەن بەهرەی هونەریو ئەزمونێکی گەورەیە.

(زێدان) لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (مارکا) تیشکی خستە سەرئەوەی: (ئێستا لەیاریکردندا زۆر ماندوو دەبم)

ئەو وتی:- ئێستا شوێنی یاریکردنم لای باڵی چەپی یاریگاوەیە ئەمەش وادەکا من لەیاری کردندا خێرابمو هیلاک دەبم.

هەرچۆنێ بێ ئێستا (زیزۆ) لەلوتکەی یاری تۆپی پێدایەو شەیدایانی وەرزشو هاندەرانی هەڵبژاردەی فەرەنسا هەرگیز ئازایەتی ئەو بەتایبەت لەمۆندیالی ١٩٩٨و قارەمانێتی وڵاتانی ئەوروپاو جامی کیشوەرەکان لەیاد ناکەن. بەڵام (زیدان) سورە لەسەرئەوەی لەماوەی (٢) ساڵی ئایندەدا بەیەکجاری واز لەیاری تۆپی پێ بێنێ. تا ماندویێتیو توانای جەستەی کارنەکاتە سەر ناوبانگیو هەمیشە لەلوتکەدا بێ.

بێکهام: لەڕیاڵ ئەمێنێتەوە

زۆرێک لەراپۆرتە وەرزشیەکان لەدەزگاکانی راگەیاندنەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەرەنگە دیفد بێکهامی کاپتنی هەڵبژاردەی ئینگلترا بۆندی یاریکردنی لەگەڵ یانەی (مەلەکی) ئیسپانیا نوێ بکاتەوەو لەگەڵ گەلە یاریزانانی (ریاڵ مەدرید) درێژە بەیاریکردن بدا بەڵام بێکهام لەلایەن راهێنەرانی یانەکانی ئەوروپاو وڵاتەکەی خۆیەوە چاودێرییەکی بەردەوامی لەسەرە. تا لەدەرفەتێکدا بۆندی لەگەڵ ئیمزا بکەن. تا (ریاڵ مەدرید) جێبهێڵێو لەگەڵ ئەواندا درێژە بەیاری تۆپی پێ بدات.

لەم بارەیەوە راهێنەری یانەی ئەرسناڵی ئینگلیزی (اسین فینجر) رایگەیاند: چاودێری هەر هەواڵێکین لەئیسپانیاوە دەربارەی بێکهام تا بزانین دەرفەت هەیە بۆ ئیمزاکردنی هەر بۆندێک بۆ گواستنەوەی ئەو یاریزانە بۆ ریزی یانەکەمان.

بەڵام دیفد بێکهام کەئێستا تەمەنی ٣٠ ساڵە هەمو لایەکی دڵنیاکردۆتەوە کەئەو هەر لەڕیزی یانەی مەلەکیدا دەمێنێتەوە.■

ئاکۆ عارف

لەخولی فوتبۆڵی یانە پلە دووەکان

□ **خانەقینو کۆیە هەریەکەیان پێشەنگی کۆمەڵەکەی خۆیانن**

پاش نیوەڕۆی ٥شەممە ٢٠٠٥/٥/١٢ لەیاریگای خانەقینو لەیەکێک لەیارییە هەرە خۆشو ئاست بەرزەکان داو لەچوارچێوەی خولی فوتبۆڵی یانە پلە دووەکان دا هەردوو یانەی خانەقینو کەمال سەلیم بەیەک گەیتشن، لەئەنجام دا یانەی خانەقین کەئاستێکی هونەری بڵندی پیشان دا توانی بەگۆڵێکی بێ بەرامبەر یارییەکە بباتەوە، داوەرانی یاریەیکەش رزگار محەمەد بایزو جەمال عەلیو تارق سەعید بەڕێکوپێکی یاریەیکەیان بەڕێوەبرد، شایانی باسە جەماوەرێکی زۆری خەڵکی خانەقین لەسەیری یاریەیکەبوون، ئەمەش ریزبەندی هەردووکۆمەڵەی A و B ی یانە پلە دووەکانە کە خانەقینو کۆیە، هەریەکەیان لەلوتکەی ریزبەندی کۆمەڵەی خۆیاندان:

کۆمەڵەی A	کۆمەڵەی B
خانەقین ١٦	کۆیە ١٣
دەربەندیخان ١٠	شێروانە ١٠
کەمال سەلیم ٩	بەختیاری ٨
ئاشتی ٧	چەمچەماڵ ٦
شارەزوور ٤	سەیدسادق ٣■

پەیامی لاپەڕە

وەرزشو ترازووی دادپەروەری

حەمە بچکۆل

□ لەم شارەدا لەمێژەوە ترازووی دادپەروەری لەوەرزش دالنگەوقوچ بووە، هەروەکو دیلانی مەزن لەشیعرێکیدا وتویەتی: "قورسە بۆ زەوی و سوکە ئەچێ بۆ ئاسمان".

لەم شارەدا لەمێژەوە پەیوەندی کەسێتیو بەرژەوەندی نێوان هەندێ لەبڕیار بەدەستانی وەرزشو خوار خۆیانو نێوان خۆیان بۆتە بڕینەوەی ملی چەندین وەرزشکاری بەهرەمەندو نیشتیمانپەروەرو رەوشت بەرزو لەهەمان کاتیش دا بۆتە هۆی قوت کردنەوەو داتاشینی چەندین خەڵکی بێ تواناو بێ بەهرەی وەرزشیو ناپاک بەرامبەر بەنیشتیمانو رەوشت نزم،.. لەهەموو بارودۆخەکانیش دا هەر بەرپرسێکی وەرزشی نوێ بێتە ئاراوەو بیەوێ بارودۆخە وەرزشییەکە بەرەو دادپەروەریو رەوایی بەرێو هەق لەشوێنی هەق دابنێو ناهەقیش بخاتە شوێنی ناهەقی خۆی، کەسانێکی خاوەن ئەزموون هەن لەو بوارەدا خۆڵ ئەکەنە چاوییەوەو چاوبەستێکی وای لێئەکەن کە ئەمیش وەکو ئەوانی پێشوو بەدەستو قاچەوەو بەتەپڵی سەریشا بکەوێتەوە ناو قوڕو لیتەی هەڵەو ناهەقیو ناڕەواییو نادادپەروەرییەکانی جارانەوەو لاپەڕەکانی لەلا تێکەڵو پێکەڵ ببیو خەڵکی خراپی لێبکەن بەوەرزشکاری بەهرەمەندو نیشتیمانپەروەرو رەوشت بەرزو وەرزشکاری لێهاتوو نیشتیمانپەرورەو ئاکار بڵندیشی لێ بکەن بەجانەوەرێکی دزێوو دڕندەو خۆفرۆشو لێنەزان ئەگینا ئەگەر وا نەبێت، بۆچی ئەوا نزیکەی ساڵو نیوێک زیاترە مقۆمقۆو مەسەلەی موچەی رێزلێنان لەوەرزشکارە دێرینەکانی کوردستان لەئارادایەو تائێستا جێبەجێ نەبووە؟ هەر ئەهێنرێو ئەبرێو ئەگەڕێنرێتەوە کەچی یەک هەنگاو نەچۆتە پێشەوە!.

هەر کەسەو هەولئەدا چەند کەسێک لەپێڕەکەی خۆی دابنێ، هەر کەسەو سوور بەسوور ئەزانێ کەشایستەی ئەو مووچەی رێزلێنانە نییە، چونکە هیچ مێژوویەکی وەرزشی ئەوتۆی نییە، کەچی زیاتر پەلامار ئەداو خۆی بەتاقە شاسواری وەرزش ئەزانێ وکەم کەسیش ئەوێرێ پێی بڵێ کاکەگیان تۆ کەی ئەو وەرزشکارەی کەشایستەی ئەو رێزلێنانە بیت؟!!بەڕای من مرۆڤ نەبێتە بەرپرس، کەبوو ئەبێ ئازاو بوێر بێت،.. ئەبێ دادپەروەر بێت.■

مارادۆنا سەردانی ئیسپانیا دەکا بۆ چاوپێی کەوتنی رۆناڵدۆورۆبەرتۆکارلۆس وئەریگۆساکی !!..

هێمن محەمەد ئاڵی

□ سێشەممەی ڕابردووئەستێرەی تۆپی پێی ئەرجەنتینی دیگۆئەرمەندۆمارادۆنا گەیشتەمەدریدی پایتەختی ئیسپانیا،ووتی ((سەرجەم کێشەکانی خۆم پەراوێزخستوەبۆبینینی هاوڕێکانم لەیانەی ڕیاڵ مەدرید،هاتووم بۆڕێزلێنانی هەندێ هاوڕێ وبۆبینینی ئەریگۆساکی ڕاهێنەری پێشووتری هەڵبژاردەی ئیتالیاویانەی میلانۆی ئیتالی وبەڕێوەبەری ئێستای یانەی ڕیاڵ مەدریدوهەردووئەستێرەی تۆپی پێی بەرازیل ڕۆناڵدۆورۆبەرتۆکارلۆس کەئێستالەیانەی ڕیاڵ مەدریددایاریدەکەن،هەروەهابۆبینینی لۆکسۆم بۆرگۆی ڕاهێنەری پێشووتری هەڵبژاردەی بەرازیل وڕاهێنەری ئێستای یانەی ڕیاڵ مەدرید))

مارادۆناجامی جیهانی ١٩٨٦ بەرزدەکاتەوە

مارادۆنای تەمەن (٤٤)ساڵ ئەوەی ئاشکراکرد کەدوای ئەونەشتەرگەرییەی کەبۆ بچوک کردنەوەی گەدەی لەمانگی سێی ساڵی ڕابردوولەکۆلۆمبیاکردی (٢٧)ککگم لەکێشی دابەزیوە

هەروەهائاماژەی بەوەش کردکەوازی لەمادده بێ هۆشکەرەکان هێناوە وسەرجەم کێشەکانی کۆتایی پێهاتووە.

شایەنی باسەتائێستاش مارادۆنالەچاوەڕوانی ئەوەدایەکەببێت بەڕاهێنەری تیپی تازەپێگەیشتوانی یانەکۆنەکەی خۆی یانەی(بوکاجۆنێرس)ی ئەرجەنتینی.■

شۆون کراوفۆرد.. یەکەمی پاڵەوانیەتی دۆحە بۆ گۆڕەپانو مەیدان

بەرشەلۆنە بووە یەکەمی خولی ئیسپانیا

رۆجی فێدێرر، دیسان لەگێلێرمۆی بردەوە لەبەرازیل